# چەمەدانی بەتاڵ

## کۆمەڵە چیرۆک

نووسینی:
خەبات رەسوولی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەمەدانی بەتاڵ

ناوی کتێب: چەمەدانی بەتاڵ
بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
نووسەر: خەبات رەسووڵی

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: مراد بەهرامیان
هەڵەچنی: گەلاوێژ فەتاحی
لاپەڕە: ... لاپەڕە
تیراژ: ... دانە
چاپخانەی: لە چاپخانەی. . . چاپ و بڵاو دەکریتەوە
بڵاوکردنەوەی:. . .
نرخ:. . .
ژمارەی سپاردن:. . .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست...


١. پێشەکی: وێنەی وشەیی ٥
٢. پەروەر ١٣
٣. جندۆکە ١٩
٤. جەعفەر ٣١
٥. چرووک ٣٤
٦. دیوار ٤٥
٧. چەمەدانی بە تاڵ ٤٦
٨. دراکولا ٤٧
٩. شەوی ئێعدام ٤٩
١٠. رادیۆ ٦٣
١١. ڕەمەزان ٦٥
١٢. ژنی نێو مجری ٦٦
١٣. کامێرامەن ٦٨
١٤. کوڕە لە کۆڵ کارل مارکس بەوە پیاو ٧٥
١٥. کەڕە ٧٩
١٦. گورگ ٨١
١٧. گورگە زێ ٨٤
١٨. گۆڕستان ٨٦
١٩. گێلانەترین چیرۆکی مردن ٨٨
٢٠. لەچکەیەکی سووری گوڵ زەرد ٩٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست...


٢١. منیش وەک داپیرە ٩٣
٢٢. هاوێنە ٩٥
٢٣. هەڵاتوو ٩٧
٢٤. ئالزایمەر ٩٨
٢٥. ئەوبەری فەنەر ٩٩
٢٦. بەختەوەری ١٠٢
٢٧. مریەم ١٠٨
٢٨. داوێن پیس ١١١
٢٩. ئەوە منم من منۆکە ١١٣
٣٠. سوور سوور دایناسۆر ١١٥
٣١. مەهتاب ١١٨


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێشەکی...
# وێنەی وشەیی

نزیکەی سێسەد ساڵێك دوای سەرهەڵدان و سەقامگیریی بەربڵاوی ڕۆمان وەك ژانری سەرەکیی گێڕانەوەیی سەردەمی مۆدێرن لە ڕۆژاوادا ژانرێکی ئەدەبیی تر سەری هەڵدا کە وەك چیرۆکی کورت ناوبانگی دەرکرد. لەڕاستیدا ئەم جۆرە لە گێڕانەوە ئەدەبی و هونەرییە ئەنجامی گەشەی زیاتری دونیای پیشەسازی و سەرمایەداری بوو کە دەرفەتی خوێندنەوەی بۆ مرۆڤی سەردەم بەرتەسکتر دەکردەوە. ئەو خەڵکانەی لە بەیانییەکی زووەوە لە شارە پیشەسازییەکان بە پەلەپەل بەرەو شوێنی کارەکانیان سواری ترێن و شەمەندەفەر و پاسەکان دەبوون حەزیان دەکرد چیرۆکێك بخوێننەوە و ئەمە بە هەڵکەوت نەبوو کە یەك لە پێناسەکانی چیرۆکی کورت بریتییە لە دەقێکی گێڕانەوەیی کە لە یەك دانیشتندا دەخوێندرێتەوە. هەروەها ئەمەش بە هەڵکەوت نییە کە شوێنی سەرەکیی سەرهەڵدان و گەشەی چیرۆکی کورت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکایە. ئەوە ئێدگار ئالێن پۆیە کە دەبێتە ناوە هەرە ناسراوەکەی پێشەنگەکانی چیرۆکی کورت. لەوەدا گومان نییە کە ڕیشە و بنجوبنەوانی ئەم شێوە لە گێڕانەوەیە بۆ سەردەمانی زۆر کۆن دەگەڕایەوە و پێشتر لە ئەفسانە و حەکایەت و پەند و داستانە فۆلکلۆری و نەریتییەکانی خەڵکانی جیاوازی سەر گۆی زەویدا تامی گێڕانەوەی بە گوێگران و دواتر خوێنەران بەخشی بوو. ئەوەی لە سەردەمی نوێدا و لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لە چوارچێوەی ئەم ژانرەدا بەرجەستە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبێتەوە و پەرە دەگرێت زەقبوونەوەی لایەنی هونەری و تێکنیکییە.

لە پێناسەیەکی گشتیی ڕۆمان و چیرۆکی کورتدا، جیاوازیی ئەم دوو ژانرە وێکچوویە بە جیاوازیی فیلم و وێنە دەشوبهێندرێت. لە کاتێکدا فیلم و ڕۆمان هەڵگری گێڕانەوەیەکی درێژن و تێیاندا بەسەرهاتی کەسانێك لە فەزایەکی بەربڵاودا و بە وردەڕیشاڵ و وردەکاریی زۆرەوە دەگێڕدرێتەوە، وێنە و چیرۆکی کورت تەنیا چرکەیەك لە ژیانی مرۆڤەکان نیشان دەدەن. هەر بۆیە نابێ هاوتەمەنیی کەم و زۆری وێنەگری و کورتەچیرۆکیش بە هەڵکەوت بووبێت. ئاخر هەر دووی ئەم هونەرانە چرکەیەك لە ژیانی مرۆڤ و سووژەکانیان بەوپەڕی وردەکاریی هونەرییەوە، وێنا دەکەن و دەیخەنە بەر دیدەی خوێنەر و بینەران.

ئەگەر چیرۆکی کورت بە ژمارەی وشە لە ڕۆمان کەمتر بێت، ئەوە بە کارتێکەریی هونەری و چڕیی ماناییەوە هاوکێشەکە بە شێوەیەکی ترە. واتا سەرەڕای کورتبوونی، دەبێ گێڕانەوە کورتەکەی چیرۆکی کورت هێندە کاریگەر بێت کە حەزی خوێنەر دابین بکات و چێژی تەواوی پێببەخشێت. ئەوەی گێڕانەوەیەکی درێژی پێچەڵپێچ دەیکات دەبێ گێڕانەوە کورتەکەش بتوانێ بیکات و لە مسۆگەرکردنی ئەرکێکی ئاوادا هیچ کەم نەهێنێ. هەربۆیە ئەگەر لایەنی شیعرییەت لە ڕۆماندا گرنگیی تایبەتی هەیە ئەوە لە چیرۆکی کورتدا سەمای وشەکان و شیعرییەتیان دەگاتە لوتکە و ڕەنگە چڕی و پڕی دەقی گێڕانەوەیی چیرۆکی کورت تێکەڵاوێك لە ئەرکی ڕۆمانیانە و زەرافەتی شیعرییانە بخوازێت و ئەم دوو تایبەتمەندییە هونەرییە بەرزە لە خۆیدا کۆ کاتەوە.

بەسەرهاتی گەشە و پەلهاوێژیی چیرۆکی کورت وەك ژانرێکی نوێی گێڕانەوەیی لە وڵاتگەلی جیاوازدا خاوەنی چیرۆکی تایبەتی خۆیەتی. هەر چۆن ڕۆمان سەفەری ژانرییانەی خۆی لە سپانیاوە بەرەوە جیهانی فەڕەنسی و و ئینگلیزیزمان و جۆغرافیاکانی تر دەست پێکرد و هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ئەم جیهانەی تەنییەوە، ئاواش چیرۆکی کورت لە ڕەوتێکی زەمەنیی خێرادا تێکهەڵکێشی نەریتەکانی نووسین و گێڕانەوەی وڵاتان بوو و لە هەیبەتی چێخۆفی ڕووسی، هێمینگوای ئەمریکی، وۆلفی ئینگلیسی، دوماپاسانی فەڕەنسی، سوێدبەریی سویدی، ئاندێرسێنی دانمارکی، بۆرخێسی ئارژانتینی، نەسینی تورکی، هیدایەتی ئێرانی، مەحفووزی عەرەبی، و قزڵجیی کوردیدا خۆی کردە ئەو ژانرەی کە هۆگرانی ئەدەبی گێڕانەوەیی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دەوریدا کۆ ببنەوە و چێژی دەق بکەنە هەوێنی ژیان و مانای مانەوە و بەرەنگاریی کێشە و ئالنگاریی گرفتەکان.

بەڵام ئەم ژانرە بە قەبارە بچووك و بە ناوەرۆك دەوڵەمەندە کە دەگوترێ دواجار شتێك نییە جگە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی تێکەڵاو لەگەڵ یەك یاخود دوو کاراکتێر، چۆن و بە چ شێوەیەك ئەم ئەرکە گرنگە جوانیناسییانەیە بەجێ دێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جگە لە لایەنی هونەریی گێڕانەوەی چیرۆکییانە، لە ئەو حەوت تۆوانەدا خۆی دەدۆزێتەوە کە پەیکەری چیرۆکی کورت دادەڕێژن و وەك حەوتەوانەیەك دەبنە ئەستێرە حەوتگۆشە پەرجووسازەکەی دونیای گێڕانەوە. یەکەم تۆوی پێکهێنەری چیرۆك کاراکتێرە. هەر چۆن جیهانی بێ مرۆڤ لە زەیندا ناگونجێت هەر ئاواش چیرۆکی بێ کاراکتتێر بوونی نییە. کاراکتێر (character) لاساکردنەوەی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لە ژیانی ڕاستەقینەی ڕۆژانەدا نییە، بەڵکو ئەو بوونەوەرەیە کە هەڵسوکەوتەکانی دواجار پێملی لۆجیکی جیهانی گێڕانەوە و پێداویستییە ئێپیستیمییەکانییەتی. بەستێن (setting)ئەو فەزایەیە کە ڕووداوەکان تێیدا دێنە کایەوە. کێشە (conflict) ئەو بێنەوبەریەیە کە لە جیهانی کاراکتێر و دەوروبەریدا دێتە ئاراوە. تەون (plot) ئەو گەڵاڵە داڕێژراوەیەیە کە جیهانی گێڕانەوەکە پێك دێنێت. دواجار دەبێ ڕوانگەیەکی (point of view)دیاریکراو لە پشت گێڕانەوەکەدا بێت و خوێنەر لە چاوی ئەوەوە بچێتە ناو جیهانی ڕووداو و کەسایەتییەکان و ناوەرۆك و پەیام و مەبەستی (theme)چیرۆکەکەوە. وەك تێکنیك و ئامرازی خەملاندن و تیفتیفەی گێڕانەوەکە، بێگومان لە چاوەڕوانیدا هێشتنەوە یاخود هەڵواسین (suspense) و نیشاندانی سەرەداوێك لە ڕەوت و ئەنجامی ڕووداوەکان (foreshadowing) و پاشوپێشکردنی ڕووداوەکانیش (flash back) دەچنە ڕیزی حەوت تۆوە پێکهێنەرەکەوە.

چیرۆکنووسانی توانای جیهان بە دەکارهێنانی ئەم تۆوانە و چنینی وەستایانە و داهێنەرانەیان شاکارگەلێکیان ئافراندووە کە گوزەری زەمەن و گۆڕانکارییە شوێنییەکان لە کاریگەری و جوانییەکانیان کەم ناکەنەوە و لەو دیو دیواری زمان و فەرهەنگەکاندا شوێنپێیان بەسەر هزر و چێژی جوانئەندێشیدا هەرگیز لە کەمی نادات. لە باڵتۆی گوگۆل و باڵتۆ پێستی سوێدربەریدا بەسەرهاتی چینایەتی و لووتبەرزیی دەوڵەمەندان و دەردی نەداران فەزای ڕووسیا و سوید جێ دێڵن و دەبنە زمانحاڵی هاوشێوەکانیان لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا. بە واتایەکی تر لایەنی لۆکال و گلۆبال


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاخود ناوچەیی و جیهانی واها تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن کە ئەوهەوییەکی گەورە دێتە ئاراوە و دەروازەی فەرهەنگەکان بەسەر یەکتردا دەکرێنەوە. ملوانکەی گی دو ماپاسانی فەڕەنسی بە هەمان شێوە دەبێتە حەدیسی دەردەهەژاری و ساویلکەیی و کاتی بەفیڕۆچووی ژیان. دڵی گێڕەوەی ئالێن پۆ دەبێتە ئەو گێڕانەوە نەفەسبڕەی کە هەموو گوناهکارێك خۆی تێدا دەبینێتەوە و هیچ ڕازێکی بۆ ناشاردرێتەوە. لە بووکەڵەی جادوویی گالیکۆدا چیرۆکی ئەڤین و ئافراندنی ئەڤیندارانەی جوانی و ڕۆحوەبەرنانی ئافرێنراوەکان دەگاتە لووتکە و حەز و خولیاکان وەها لە هەڵکشاندان کە تەنیا گێڕانەوەیەکی هونەری دەتوانێ ئارامکەرەوەی هەڵچوونی دەروونەکان بێت. دونیای چیرۆکە کورتە سەرکەوتووەکان یارمەتیدەری لێك نزیك کردنەوەی هەست و ویستی مرۆڤەکانە بۆ تێگەیشتن لە میکانیزمی ئاڵۆزی پێوەندیی نێوان واقیع و خەیاڵ و خاڵە هاوبەشەکانی ژیان و خولیاکانی مرۆڤ لەم جیهانە پان و بەرینەدا.

ئەم سەرەتا چڕەم بۆ چوونە ناو چیرۆکەکانی خەبات ڕەسووڵی بە پێویستییەك زانی. ڕەنگە لەم پێشەکییەدا شیاو نەبێت مرۆڤ هەوڵی لێکدانەوەی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە بدات و خوێنەر تووشی چەندڕێیانی مانا و ڕاڤە و چێژ بکات و منیش تەمای ئەم کارەم نییە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەکانی ئەم پێشەکییە بە بواری گێڕانەوەناسییانەی چیرۆکی کورت دەتوانێ پێشزەمینەیەکی لەبار و پێویست بێت بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك خاڵی گرنگی پەیوەست بە خوێندنەوە و تێگەیشتنی گێڕانەوەی دونیای کورتەچیرۆکەکان. بەم حاڵەشەوە ناکرێ لە چەند ئاماژەی خێرا بە جیهانی چیرۆکەکانی خەبات خۆم ببوێرم. لێرەدا مەبەست تەنیا هاندانی خوێنەرە بۆ چوونە ناو دونیای چیرۆکەکانەوە، نەك هەڵسەنگاندنی ڕەخنەییانەی چیرۆکەکان. هەڵبەت خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی ئەم چیرۆکانە و هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی گێڕانەوەیی، ئەرکێکی پێویستە کە دەبێ لە کات و شوێنی شیاوی خۆیدا بکرێت.

کۆمەڵە چیرۆکەکەی خەبات بەسەرهات و فەزای جیاواز و هەمەرەنگ لەخۆ دەگرێت. ڕەنگە خاڵی بەرجەستە و هاوبەشی زۆربەی گێڕانەوەکان ئامادەیی گێڕەوە\نووسەر بێت کە تەنانەت لە هێندێك شوێندا ناوی خودی نووسەری لەسەرە. ئەمەش دەتوانێ لایەنێکی بەهێزی ڕیئالیستی بدات بە چیرۆکەکان و خوێنەر بە متمانەیەکی زیاترەوە بچێتە ناو جەرگەی ڕووداوەکان و هەست بە خوێندنەوەی جۆرێك لە دەقی ژیاننامەیی بکات. بەمجۆرە ئێمە هێندێك جار گێڕەوە\نووسەر لە بەشی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوخۆی زانکۆیەك لە هەولێر دەبینین و هێندێك جاریش لە کورەخانەیەکی دوورەدەست لە دەرەوەی کوردستان ویاخود لە شەقامەکانی بۆکان. بەڵام لەبەر ئەوەیکە ئێمە باس لە چیرۆکی مۆدێرن دەکەین و لەو ژانرەدا لایەنی هونەری و تێکنیکیی گێڕانەوەیە کە قسەی ئاخر دەکات، وەکهەویی نووسەر و گێڕەوە خۆی لە خۆیدا ناتوانێ بڕیار لەسەر ئاستی سەرکەوتوویی چیرۆك بدات. خاڵێکی تری بەرچاو لە چیرۆکەکاندا فەزای ژیانی کوردەوارییە و دونیای پڕمەینەتی مرۆڤی کورد لە هەلومەرجی جیاوازدا دەبێتە ئەو تەختە شانۆیەی کە خوێنەر بەسەرهاتەکانی تێدا دەبینێتەوە.

چیرۆکەکان هێندێجار تایبەتمەندییەکی ساتیری بە خۆوە دەگرن و لەوپەڕی نەهامەتی و گرفتاریی کەسایەتییەکانەوە بزەیەکی تاڵ میوانی لێوەکانی خوێنەر دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە زەمانێکە کە زمانی گێڕەوە ڕەنگی تانە و تەشەر بەخۆیەوە دەگرێت و دیمەنی بە ڕواڵەت بریقەدار بەڵام بە بنەما ساویلکەی کەسایەتی و کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە بەر دیدێکی ڕەخنەئامێزانە. بۆ نموونە کاتێك پەروەر ژێستی شۆڕشگێڕانە دەگرێت و لافی ڕزگارکردنی کوردستان لێدەدات، بەڵام لەشفرۆشێکی عەرەب لە هەولێر دەباتەوە ماڵی هاوڕێ خوێندکارەکانی و وەك هاوژینی خۆی دەیناسێنێت، تۆ لەگەڵ دیاردەی بێناوەرۆکی و دروشمیانە ڕووبەڕوو دەبییەوە و کاتێك بەرپرسانی بەشی ناوخۆیی زانکۆ دێنە ئەو ژوورەی کە خوێندکارە ئێرانییەکانی لێیە دەبێ پەروەری شۆڕشگێڕ و هاوسەرەکەی لە توالێتی ماڵەکەدا بشاردرێنەوە. هەر لێرەدا جیاوازیی زاراوەیی و فەرهەنگی دوو بەشی کوردستان و لەتوکوتیی ناسنامەی کوردی زۆر بە زەقی، ڕووی خۆی دەر دەخات. لە چیرۆکی چرووکدا تووشی بەسەرهاتی تاڵی پێشمەرگەیەك دەبین کە ژن و منداڵەکەی دوای بیست و پێنج ساڵ دێن لە قەڵا سەردانی دەکەن. مام کەریم تەنانەت کوڕەکەی خۆیشی ناناسێتەوە و ناتوانێت لەگەڵ ژنەکەشی جووت بێت و بە ناچار دوای تەنیا شەوێك مانەوە لای مام کەریم دەگەڕێنەوە شاری خۆیان. بەسەرهاتی لەم چەشنە دەتوانێت هەوێنی دەیان باس و خواستی گرنگ بێت لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەی کورد و ئاکامەکانی شۆڕش و خەباتی کوردان بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەی کوردی و چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مرۆڤی کورد.

ژیانی ساکار و هێشتا سەرەتاییانەی کۆمەڵگەی کوردی لە هێندێك لە گێڕانەوەکاندا زۆر بەباشی دەر دەکەوێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی جندووکەدا هێشتا باوەڕ بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەبوونی جندووکە و هەوڵدان بۆ گرتن و بێخەتەرکردنیان بە دوعای خەلیفە و دەرکردنیان لە لەش بە زەبری لێدان و کوتان دەبیندرێت. دونیای بەرتەسکی زڕباب و دووریکردن لە بینینی مناڵی زڕ و ژن بە ژنە و هەناسەساردیی ژن و دڵڕەقیی مام و تۆمەتبارکردنی لایەنی لاوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گرێدراوی بە ژیانی گوند و نائامادەیی تایبەتمەندییەکانی ژیانی شارنشینی لە شارەدێیەکاندا، تێمی بەشێك لە چیرۆکەکانن.

گێڕانەوە لەڕاستیدا ئەو بەستێنەیە کە تێیدا زمان کارکردی بڕیاردەرانەی لەسەر خۆی و بەردەنگەکانی بە دیارترین شێوە نیشان دەدات. لە گێڕانەوەدایە کە بۆمان دەردەکەوێت لە نەبوونی زماندا ڕەهەندەکانی شوێن و کات و ڕووداوەکان بە تەواوی دەفەوتێن. ئەگەر زمان هەڵگری ئەو پەرجووە بە سام و شەوکەتەیە، دەبێ هەڵگری چ تایبەتمەندیگەلێك بێت کە چیرۆك بتوانێت خۆی پێ ڕابێنێت و ڕەنگدانەوەی شکۆی مانادار و بوونئافرێنی زمان بێت؟ ڕەنگە زمانی تایبەتیی هەر کاراکتێرێك ئەو ڕەمزە پڕ لە ڕازە بێت کە هۆکاری سەرکەوتوویی دەقی گێڕانەوەیی دەستەبەر دەکات. لەم چیرۆکانەدا بەداخەوە زمان دواجار شەقڵی شێوازییانەی گێڕەوەی پێوەیە و دەڵێی تەختەخەوەکەی پرۆکروستێسی یۆنانییە کە دەبێ هەموو ئاخێوەرێك دواجار زمانەکە بە باڵای ئەو بگرێت و لە ئەندازە و شێوازی تەختەخەوەکە لا نەدات. ئەمە گرفتێکی بناخەیی دونیای گێڕانەوەی کوردییە و وێدەچێت هەتا چارەسەرکردنی مەودایەکی زۆرمان مابێت. ئەوەی دەبێتە هۆی ئازاری خوێنەری وردبینی دەقی گێڕانەوەیی، دەرس وەرنەگرتنە لە دەستکەوت و ئەزموونگەلی هەتا ئێستای چیرۆکی کوردی. بە واتایەکی تر بونیادنانی نەریتێك بۆ دەکارهێنانی زمانی گێڕانەوەی کوردی ئەرکێکی پێویست و بێئەملاوئەولای سەرکەوتنە لە ئافراندنی ئەدەبیدا. سەد ساڵ زیاتر لە چیرۆکنووسیی کوردی تێپەڕ بووە و ئەمەش خۆی لە قەرەی مێژووی چیرۆکنووسیی فارسی و تورکییش دەدات و دەبێ دەوڵەمەندیی ڕێژەیی ئەم ژانرە ئەدەبییە کوردییە بە بەردەوامی لە زەینی چیرۆکنووسی جیلی تازەدا ئامادەیی خۆی بپارێزێت. بە باوەڕی من چیرۆکنووسی جیددی ئێستای کورد بۆی نییە لە کانیی ڕەحمانی حسێن عارف و پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی و تەنگانەی عەتا نەهایی و گوڵی ڕەشی شێرزاد حەسەن و نامەکانی ژاکۆنی جەبار جەمال غەریب باشتر نەنووسێت. ئەو ئەزموونانە دەبێ بکرێن بە نەریتێکی قایم و بەردەوام شکۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەقیانەیان بەرزتر بکرێتەوە، نەك بە پێچەوانەوە.

دیالۆگ وەك تایبەتمەندییەکی سەرەکی خەملاندنی گێڕانەوەیی دادەندرێت و دواجار ئەو تایبەتمەندییەیە کە ڕۆحی سەردەمێکی دیاریکراوی مرۆڤگەلێك لە خۆیدا تۆمار دەکات. هەر چۆن وێنەیەکی هونەری دەبێتە بڕگەیەکی حاشالێنەکراوی تۆماری چرکەیەك لە سەردەمێکدا، چیرۆکێکی کورتی هونەرییش دەبێ ئەرکێکی ئاوا بەجێ بێنێت. لێرەدا سیلەی بینین و جێگۆڕکێی شیاوی ڕوانگەی گێڕەوەکان ئاستی نوێنەرایەتیکردنی چیرۆکێك لە زەمەن و سەردەمی خۆی دەباتە سەر و هۆکاری سەرکەوتووبوونەکەی زیاتر دەستەبەر دەکات. ئەم ئەرکەش تەنیا زەمانێك بەجێ دەگەیەندرێت کە هاوتەریب لەگەل گەشە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ساکاریی تەونی گێڕانەوە جێی خۆی بدات بە گێڕانەوەیەکی چەند ڕەهەندی. هەر بەم شێوەیەش دەبێ زەمەنی گێڕانەوەش لە ئاستێکی تەکهێڵییەوە بگاتە ئاستێکی چەندهێڵی و تێکچڕژاو. گێڕانەوەیەکی چەندڕەهەندی دەبێ ئاکامی وازهێنان بێت لە تاکدەنگیی گێڕەوەیەکی ماندووکەر. ئەمەش تەنیا زەمانێك مسۆگەر دەکرێت کە گێڕانەوە بە زەرافەت و ناسکیی زمانی تایبەتی ئاخێوەران بڕازێندرێتەوە و لە پشت هەر دەنگێك کەسایەتییەك خۆی بنوێنێت و گوزارە لە دونیای هزری و ئاخافتنی تایبەتیی خۆی بکات. جێگۆڕکێی سیلەی بینینەکان و ئاسۆی ئاخافتنەکان ئەگەر هەڵگری جیاوازیی زمانی و دواندن و درکاندنی جیاواز نەبێت دواجار سەرلێشێوانی خوێنەری لێ دەکەوێتەوە و ئەمەش بەپێچەوانەی ئامانجی هونەرە کە لە سەردەمانی کۆنەوە بەڵێنی پاککردنەوەی زەین و خەیاڵی بە خوێنەر و بینەر و بیسەری کاری هونەریی دەدا. لەبیرمان بێت لە گێڕانەوەدا ئەوە ڕەچاوکردنی وردی پێداویستی و پێشمەرجەکانی پەیوەندیکردنە (communication) کە بەردەنگ دەباتە ناو دونیای گێڕانەوەکان. بۆ ئەم مەبەستەش گێڕەوە دەبێ تایبەتمەندیی ئاخافتنی یەك لایەنە لەبەر چاو بگرێت و لەبیری بێت ئەوەی ئەو دەیزانێت و ئاگای لێیە تەنیا بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی پێوەندیگرتنەوە دەگوازرێتەوە دونیای بەردەنگ. هەر جۆرە کەموکورییەك لەم پەیوەندییەدا دەبێتە هۆکاری پچڕانی ڕایەڵەکانی دەق بە خوێنەرەوە. بۆیە دەبێ هەموو ئاماژە و نیشانەکانی دەق زۆر بە تێبینی و دروستییەوە لە جێگەی شیاوی خۆیان داندرێن و هەر جۆرە جووڵەیەکی زمانی پشتئەستوور بێت بە پێشفەرز و گریمانەکانی پەیوەندیکردن. دواجار ئامانجی گێڕانەوەکان بریتییە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەیاندنی پەیامێك لە ڕێگەی گێڕانەوەوە کە بە هۆی وشەکان و نیشانەکانی تری زمانییەوە ڕوو دەدات. ئەوەی چۆن بەرگی هونەری دەکرێتە بەر ئەم پێداویستییە زمانی و دەقییەوە، ئەو ڕازە سەربەمۆر و ئاڵۆزەیە کە نووسەرێکی دیاریکراو دەباتە لوتکەی جوانینووسی و ناوبانگی هونەرییەوە. تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبی دەتوانێت ئامادەیی و نائامادەیی گەوهەری هونەری لە دەقدا دەستنیشان بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت یاساکانی ئافراندنی هونەری بەدەستەوە بدات. لە فۆرمالیستەکانەوە هەتا ڕەخنەی نوێی ئەمریکی ئەم هەوڵە دراوە و دواجار مشتومڕ لەسەر ئەستەمیی پێناسەی هونەری و دەستنیشانکردنی بەرچاوانەی تۆوەکانی ئافراندن هەر بەردەوامە و کۆتایی نەهاتووە.

سەرەڕای تێبینییەکانم لەمەڕ دونیای ساکاری چیرۆکەکانی خەبات، دەتوانم بە دڵنیاییەوە باس لە چێژێکی تایبەت بکەم کە دەبێتە نسیبی خوێنەری ئەم گێڕانەوانە. ئەم چیرۆکانە خوێنەر دەبەنە سەیری دیمەنگەلی سرنجڕاکێشی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا. ئەم چیرۆکانە لایەنی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی ڕووت دەکەنەوە و بۆ دەستەبەرکردنی خەیاڵپەروەریی چالاکانەی زەینی کوردی، پێداویستیی خەیاڵێکی دەوڵەمەندی هونەرییانەمان وەبیر دێننەوە. لەڕاستیدا، ئاماژەکانی گێڕەوە و نیشانەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەبن بە کەرەسەیەکی گرنگ بۆ وردبوونەوە لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی مرۆڤی کورد لە بڕگەیەکی مێژووییدا کە زەنگی پێداویستیی گۆڕانکارییەکانی هەتا تەشقەڵانی ئاسمان دەڕوات و هاواری پێداویستیی گۆڕان بە گوێی مرۆڤی کورددا دەچرپێت. وێدەچێت گێڕانەوەی کوردییش لە دەنگدانەوەی ئەم هاوارە بێبەش نەبێت و خەبات و چیرۆکی کوردییش بچنە ڕیزی ئەو بوارانەی کە دەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتییان تێدا بکرێت. خەبات هەنگاوێکی گرنگی هەڵێناوەتەوە و من ئاواتەخوازم گۆڕانکارییەکانی ژیانی ببنە هەوێنی گۆڕانکاریی هەمەلایەنە لە هونەری گێڕانەوەدا و هەنگاوەکانی داهاتووی وەڵامدەرەوەی زیاتری ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەری وردبینی کورد بن.

**د. هاشم ئەحمەدزادە**


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەروەر

فەرهاد کە هات، تازە خەریک بووم تەماتەکان ورد بکەم و بیکەمە نێو تاوەکەوە. وەک هەمیشە لە سەرەخۆ هات و لە پەنام ڕاوەستا. سەرم هەڵێنا.

- تۆش کارت بە گازەکەیە؟

- ئەرێوەڵلا

- هێندەم نەماوە، ئاوی تەماتەکان ویشک بێ، تۆن ماسییەکەی تێدەکەم و ئیدی کارم تەواو دەبێ.

- ئەرێ عەیب نەبێ ئێوە زۆر ئەم چێشتە ناخۆن؟

چاوێکم لێ کرد، جۆرێک بێزوقێزم لە دەموچاویدا بینی.

- نەوەڵلا، جاری وایە هێلکە و تەماتە دەخۆین، جاری وایە هێلکە و پەتاتە، جاری وایە تەماتە و تۆنی ماسی، جاری وایە تۆنی ماسی و پەتاتە، جاری وایە ...

- چێشتی دیکە نازانن؟

- با سۆران ماکاروونییەک دروست دەکات قامکی خۆتی لەگەڵ دەخۆی، با لێینێ بانگت دەکەم، جا دەزانی ماکاروونی یانی.

- ئەوە دەنگی مۆبایلەکەی تۆ نییە؟

- بەرێوەڵلا. ئەلۆ ... ئەلۆ سۆران، بەڵێ، لە بەشە ناوخۆییم. خەریکی چێشت لێنانم. کاک پەروەر دێ، جا خۆ هیچمان نییە. جا ئەو کەنگێ دەزگیرانی هەبووە؟ باشە دەی زۆر باشە. دەی ... ماڵئاوا.

- میوانتان دێ؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سۆران دەڵێ کاک پەروەر دێ، بە تەنیاش نییە دەزگیرانەکەشی لە گەڵە. ئەمن سەرم لەوە سوورماوە کاک پەروەر دەیگوت شۆڕشگێڕ نابێ زەماوەند بکات، نازانم ئەم دەزگیرانەی لە کوێوە هێناوە؟

- برا ئەم قسانە گشتی شوعارە، رەجەوی هەموو ژن و مێردەکانی ناو موجاهیدنی لێک جیاکردەوە، کەچی بۆ خۆی لە گەڵ مریەم زەماوەندی کرد. ئەم قسانە هەر بۆ کادرە ئاسابییەکانی ناو حیزبەکانە. ئەم کاک پەروەرە کێیە، زەحمەت نەبێ؟

بە کەوچکە دارەکەی ناو دەستم، دەستم کرد بە لێک دانی تەماتەکان.

- ئەم کاک پەروەرە شۆڕشگێڕێکی کوردە، لە کوردە ئاوارەکانی رۆمادییە، کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی دەزانێ، کەسێکی زۆر تێگەیشتوویە، بڕوای بە کوردستانی گەورەیە و دەیەوێ چوار پارچەکە پێکەوە رزگار بکات.

- ئەها کەوایە ...

بە دەنگی تەقەی دەرکە، فەرهاد قسەکەی تەواو نەکرد و چووە دەرێ و دەرکەی کردەوە.

ئەمنیش گڕی پکنیکەکەم کەم کردەوە و بەرو پیلیان چووم.

کاک پەروەر وەک جاران جلی کوردی لەبەردانەبوو. ژنێکی ڕەشتاڵەی جحێڵی لەگەڵ بوو، هەر هاتە ژوورێ زانیم ژنە عەرەبە.

فەرمووی ژوورێم کردن و پاش کەمێک هاتمەوە لای چێشت لێنانەکەم.

تا تۆنەکە بە باشی تێکەڵ تەماتەکە بوو، سۆرانیش بە خۆی و بە نایلۆنێکی ڕەشی گەورەوە هاتە ژوورێ.

گوتی: لەبەر کاک پەروەر چووم بیرەم کڕیوە. بۆ شەوێش ماکاروونییەکی خۆش لێ دەنێم.

پێش سۆران بە تاوەوە چوومە ژوورێ و تا نێوەراستی ژوورەکە ڕانەوەستام. کە چوومە ژوورێ کاک پەروەر و دەزگیرانەکەی دەمیان لە ناو دەمی یەکتر نابوو. بە دیتنی من هەر سێکمان پەشۆکاین. ئەمن وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبێ، وا سەرم لێشێوا بوو نەمدەزانی ئەو تاوەیەی بە دەستمەوەیە چ لێ بکەم. لە تاوان پێم خۆش بوو بە تەپڵی سەری خۆمی دادەم. ئاخری کاک پەروەر جووڵەیەکی کرد و لە دەزگیرانەکەی دورکەوتەوە و رۆژنامەیەکی هەڵگرت و لە نێوەڕاستی ژوورەکەی دانا. بە پەلە چووم و تاوەکەم لە سەر رۆژنامەکە دانا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سۆران بە خۆی و بە نایلۆنە ڕەشەوە هاتە ژووریٚ و ملٚچ ملٚچ بە کاک پەروەرەوە نووسا و یەکتریان ماچ کرد.

پاشان دەرکەی بەفرگرە بچووکەکەی کردەوە و هەولٚی دا جێی بیرەکان بکاتەوە. ئاخری جێی دوان هەر نەبۆوە و لە تەنیشت بەفرگرەکەی دانان. گوتم:

- کاک پەروەر ئێمە عەرەبی نازانین، لە زمان ئێمەوە داوای لێبوردن لە خێزانت بکە، بلٚیٚ ئێرە بەشە ناوخۆییە و ئەم کوڕانەش کوردی ڕۆژهەلاٚتن و خەلٚکی ئێرەش نین، بۆیە ناتوانین ئەم جۆرەی شایانە خزمەتتان بکەین.

کاک پەروەر دەستی کرد بە عەرەبی قسە کردن، قسم داخلی و تەلٚبە و زۆر شتی دیکەش حالٚی بووم. ژنەش بە سەرسووڕمانەوە چاوی لە ئێمە دەکرد، ئاخری هەر جۆرێک بیٚ زەردەخەنەیەکی کرد و یەک دوو قسەی کرد. کاک پەروەر گوتی:

- سپاستان دەکات.

دەرکەی ژوورەکە کرابۆوە و ئێمەش لە دەوری تاوەکە کۆ ببووینەوە و خەریکی نان خواردن بووین. بە دەنگی تەقەیەک کە لە دەرەوەی ژوورەکە هات ئاوڕم داوە. فەرهاد لە پێش دەرکەکە ڕاوەستابوو. بە چاو گوتی: وەرە. هەستام و چووم. دەستی گرتم و لە دەرکەکەی دوور خستمەوە.

- ئەم ژنە دەناسی؟

- ئەم ژنە دەزگیرانی کاک پەروەرە

- کوڕە بابە دەزگیرانی چی، ئەمە لەشفرۆشە مالٚی لە عەینکاوەیە، تا ئێستا هیچ نەبیٚ نیوەی هەولێر سواری بووە.

- کوڕە شتی چاک بلٚیٚ.

- وەلٚلاٚ ئەمنیش ... (نقە نقێکی کرد) ... ئەمنیش ... لە دورەوە ... دەیناسم.

- زۆر باشە سپاس پێت گوتم.

هاتمەوە ژووریٚ. ئەم جار کە چاوم بە ژنە دەکەوت. هەستێکی نامۆم تێدا دروست ببوو، وەک بلٚێی پێم خۆش بیٚ ئەمنیش لە گەلٚی بم (نا) ، ڕقم لێی بیٚ (نا)، بێزم لێی هەستیٚ (نا)، بەزەییم پێیدابیٚ (نا). وەلٚلا نازانم هەستێکی تێکەلٚ بوو، پێم وابیٚ هەموویان بوو.

- کاک پەروەر براژن کوردی فێر نەبووە؟

رووی لە ژنە کرد و بە عەرەبی قسەکەی منی بۆ تەرجومە کردەوە. ژنە پێکەنی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و دەستی هەڵێنا و بە قامک نیشانی دا دوو وشە دەزانێ.
ئەمن پارووپەکی زل لە دەمم دابوو گوتم:
- چی دەزانێ؟
بە عەرەبی لێی پرسی. ژنە بڕێک خۆی هێناوبرد ئاخری گوتی:
- خۆشە خۆشە ... دەی دەی
پڕمەم کرد و هەرچی لە نێو زارم دابوو کردمە نێو کۆشی سۆرانەوە کە لە پەنام دانیشتبوو. سۆرانیش قاقا پێدەکەنی.
هێندە پێکەنی بووین ئاوی چاومان رانەدەوەستا. ئاخری هەر جۆرێک بوو خۆمان کۆ کردەوە و دیسان ڕەسمی دانیشتینەوە. کاک پەروەر سوور سوور هەڵگەرابوو، یەک قسەشی بۆ نەدەهات. دوو پارووی دیکەمان خوارد و هەموو کشانەوە. دەستم دا تاوەکە و لە ژوورەکەمان هاتمە دەرێ.
گوێم لێ بوو لە حەسارێ دەنگە دەنگە. زوو چوومە دەرێ. مامۆستا ئەحمەدی سەرۆکایەتی زانکۆ بوو لە گەڵ دوو پیاوی دیکە لە حەسارێ لە گەڵ فەرهاد ڕاوەستابوون. مامۆستا ئەحمەد دەینەڕاند
- ئەو ژنە کوانێ؟
زانیم جیرانەکان شکایەتیان کردووە. پێش ئەوەی بم بینن، بە پەلە هاتمەوە ژوورێ.
- کاک پەروەر مارەنامەتان هەیە؟
بە لە خۆباییبوونەوە گوتی:
- شۆڕشگێڕ بڕوای بە مارەنامە نییە.
- دە ئەگەر وایە هەستن خۆتان دەرباز بکەن، ئەوە لە ئێوە دەگەڕێن.
کاک پەروەر رەنگی سپی هەڵگەڕا و دەستی کرد بە لەرزین.
- چ بکەین؟
- بچنە نێو ئەم ئاودەستەوەوە. تا دەڕۆن.
وەک برووسکە دەستی ژنەی گرت و خۆیان بە ئاودەست دا کرد و دەرکەیان داخست.
ئەوان چوونە نێو ئاودەستەکەوە و مامۆستا ئەحمەد هاتە نێو ماڵەکەوە. هەر هاتە ژوورێ چاوی بە رۆژنامەکانی نێوەڕاست کەوت کە کردبوومانە سفرە. بۆ بەدبەختی، رێک لاپەڕەی یەکەم کاک مەسعوود و مام جەلال لە پەنا بۆڕییەکی نەوت دەستی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکتریان هەڵێنابوو. کەوچێکی تەماتاوی لەسەر سینگی مام جەلال بوو. مامۆستا ئەحمەد لە رۆژنامەکان ورد بۆوە. خەریک بوو ئێدی تەواو تێکەڵی دەکرد. ئاوڕی داوە. دوو بیرەکەی کن بەفرگرەکەشی دی.

- تەڵبەی ئێرانی قسم داخلیتان کردووەتە مەلها و باڕ و مەیخانە. جیرانەکان تەلەفۆنیان کردووە و گوتوویانە قەحبەتان هێناوەتەوە. کوا لە کوێ شاردووتانەتەوە؟ وەڵلا ... وەڵلا ... هەمووتان فەسڵ دەکەم.

لە دڵی خۆم دا گوتم: شا ئەم قوڕبەسەرییەی تووشی ئێمە بوو. خۆ لە سەر ئەوە لە زانکۆ دەربکرێم ئابڕووشم دەچێ.

- مامۆستا گیان، ئەم جیرانانە کچی جحێڵیان هەیە، ناحەقیان نییە، حەز بە دیدارمان نەکەن، خەتای ئێوەشی تێدایە لە ناو کۆڵاندا بەشە ناوخۆییتان بۆ ئێمە گرتووە.

مامۆستا ئەحمەد چاوی دەرپەڕاند و نەڕاندی.

- گەواد بم ئەگەر دەرتان نەکەم. ئێستا خەتای ئێمەیە ئێرانی حیز ئێرەتان کردووەتە مەلها؟

دەستم برد و کارتی ڕۆژنامەم دەرهێنا و گوتم:

- کوڕە وانییە برا گیان، ئەوەتا ئێمە رۆژنامەنووسین. مەلهای چی و باڕی چی؟ بە دوو بیرە ئێرە بۆ بووەتە باڕ.

کە چاوی بە کارتی رۆژنامەکەوت، وەک سەتڵێک ئاو بە ئاگردا بکەی چزە چزێکی لێ هات و سارد بۆوە. گوتی:

- ئێوە ئەگەر سوحوفین ئەم بیرانە چیە؟

- ئێ خۆ گوناحمان نەکردووە، دوو بیرە بۆ ئەم هەڵایە دەبێ؟ وەرە بگەڕێ بزانە کوا ژن؟ لە کوێمان شاردووەتەوە؟

گێژ گێژ چاوێکی لە پیاوەکان کرد و سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد. گوتی:

- هەر خوا دەزانێ چۆنتان دەرباز کردووە. بەس ئەمە ئاخر جارتان بێ. پاشان بە بۆڵە بۆڵ رۆیشتە دەرێ.

پێنج دەقەش دەبوو مامۆستا ئەحمەد و جەماعەتەکەی رۆیشتبوون، ئێمە هەروا ملمان خوار کردبوو و بێ دەنگ دانیشتبووین. کەس هیچی نەدەگوت. لە ناکاو سۆران گوتی:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کاک پەروەر

بەپەلە هەستام لە دەرکەی ئاودەستەکەم دا. بە ترسەوە دەرکەی کردەوە.

- رۆیشتن ئێوەش برۆن باشترە.

هیچیان نەگوت. هیچمان نەگوت. بێ دەنگ، لە ماڵێ رۆیشتنە دەرێ. دوو دەقە دواتر لە دەرکەیان دا. چووم و دەرکەم کردەوە. دیسان کاک پەروەر بوو. دەستی بۆلای من ڕاداشت. دیتم موبایلەکەی منی بەدەستەوەیە.

- دەزگیرانەکەم لە بەر پەلە پەل نەیزانیوە، ئەم مۆبایلە کەوتبووە ناو جانتاکەیەوە.

دیسان بێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکەم، مۆبایلەکەم لێ وەرگرت و هاتمە ژووری و دەرکەم دەخست.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جندۆکه

(١)

ناسر یەک بە خۆی دەنگی هەڵێنابوو و بە هەستەوە باسی تۆپێنی ئێوارەی خۆیانی بۆ تاهیر و کاک سولەیمان دەگێڕاوە. ئەمن ئاخر ژمارەی گۆڤاری سروە کە شێعرێکمی تێدا بڵاو کرابۆوە و دوایەش چەند ساڵ پۆزم پێوە لێدا و قەتیش دوای ئەوە شێعری دیکەیان بۆ چاپ نەکردمەوە، بە دەستمەوە بوو و وام دەنواند کە خەریکی خوێندنەوەییم. حەلیمە لە گەڵ دایکم چاویان لە تلویزیۆنەکە بڕی بوو. تلویزیۆنیش دوو کاناڵ زیاتری نەبوو. یەکیان مەلایەکی تووکن باسی کەربەلای دەکرد و ئەوەی دیکەش ژنێک خەڵکی فێری چێشت لێنان دەکرد. بە ناچاری چاویان لە ژنەکە بڕیبوو و بیریان لە فێر و گازی چەند شۆعلە و یەخچاڵی دوو دەرکە و هەمزەنی بەرقی و ... ئەوشتانە دەکردەوە پێیان وابوو ئینسان ئەو شتانەی هەبێ بە دڵنیاییەوە دەتوانێ چێشتی خۆشیش لێ بنێ. باوکم پاڵی بە تاقە پشتییەکەی ماڵێوە دابوو و چۆکەکانی لە باوەش گرتبوو لە پڕ گوتی: سێ تەگەرییەکە دەفرۆشم.

هەموو بێ دەنگ بوون. ناسر پێش ئەم قسەیە تۆپێکی شووت کردبوو و بە بیستنی ئەم قسەیە چاوی لە تۆپەکە هەڵگرت. تۆپەکە هەروا بێ ئامانج لە حەوادا دەسووڕایەوە و بەرەو پێشەوە دەڕۆی. کاک سولەیمان و تاهیر چاویان بڕیبووە تۆپەکە. ژنەکەی نێو تلویزیۆنەکە ئاوری گازەکەی کز کرد و چاوی بڕییە دەمی دایکم بزانێ چی جوابی باوکم دەداتەوە. حەلیمە خۆی بە شانی دایکمەوە نووساند. دایکم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەنگێکی هێنا و برد و تفێکی بە زۆری قووت دا. ئەمنیش وەک ئەوەی یەکەم جار بێ شێعرەکەی خۆم لە سروەدا دەبینم دەمەویست بە پەلە پەل جارێکی دیکەی بخوێنمەوە. دایکم گوتی: دەتەوێ سێ تەگەرییەکە بفرۆشی؟ ڕێگای دیکەمان نییە؟

لە پڕ تۆپەکە هاتە خوارێ و لە لێواری میزی تلویزیۆنەکە درا و بەرەو لای باوکم وەرسووڕا. قابڵەمەی ژنی نێو تلویزیۆنەکە لەرزییەوە. ژنەکە توند باوەشی پێدا کرد و گوتی: حەک رووی جەدوئابادت ڕەش بێ. باوکم وەک دەروازەبانێکی لێهاتوو دەستی لە چۆکەکانی بەردا و تۆپەکەی گرتەوە. ڕووی کردە ژنەکە و تفێکی لێکرد و گوتی: دا ناسر لە دمی ئەو دێڵە بدە. ناسر زوو تلویزیۆنەکەی کوژاندەوە. ئێمە حەپەساو دەممان داچەقاندبوو. باوکم گوتی: نایفرۆشم. مەعامەلەی پێ دەکەم کابرا پارچە زەوییەکی لە پشت باسکۆڵی پاڵەوانی هەیە سێ سەد هەزاریشم باقی دەداتەوە ...

(٢)

ئەگەر بە دزییەوە دەست بخەیە گیرفانی پاتۆڵەکەی باوکمەوە، چنگێک خاکت دێتە نێو دەستەوە. خاکێک کە هەمیشە تازە تازەیە و نمیشی هەیە. ئەم خاکە، خاکی گوندەکەیەتی و بۆنی کوێستانەکانی لێ دێ. سەیرەکەی ئەوەیە باوکم لەمێژە نەچۆتەوە گوند، کەچی هەمیشە دەڵێی ئێستا باوکم پڕی داوەتە دڵی زەوی و پچراندوویەتی، هەمیشە گژوگیاشی تێدا دەبینییەوە. دایکم و باوکم خزمی یەکترن و سەربوردەی ژیانیان وەک شیرێژوڕۆن تێکەڵی یەکترە. هەردووکیان لە سەردەمێکی لێک نزیکدا هاتوونەتە شار و هەر دووکیان ئێستاش بە دڵ لە گوندن و بە جەستە لە شار.

ڕقیان لە شار و هارە هاڕی ئەوە و عیلاجی دەردی دڵیان تەنیا بە ئاوی کانیاوی دێیەکانیان چارەسەر دەبێ، بەڵام کێشەکە ئەوە بووە کە هیچیان لە بنەماڵەی دەسترۆیشتوو نەبوون و لە گوندەکاندا بستێک خاکیان شک نەبردووە لاوێچێک گەنمی تێدا بڕوێنن. بۆیە ئەوان تەنیا خزمی قاجر و زەنبیل بوون و قەت نەبوونەتە هاووڵاتی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ژیانیان دا قەت سەریان بۆ دەسەڵات دانەنواندووە و هەر وەک ئێستاش کە نانێکی دەسەڵاتیان نەخواردووە و نایخۆن. باوکم کە هاتووەتە شار، شار نە دووکەڵی لێ بووە و نە هارە هار ... شارێکی چکۆلە، کە تاقە شەقامێکی قیرکراوی هەبووە و ناڵەشکێنەیەکی کەم تەمەن کە بستێک بووە و هێشتا سمێڵیشی گووگرە نەبووە و حەوزەگەورەیەکی گچکە کە ئەفتاوەیەکی ئاو تێدا بووە، ئیدی ئاو بێنە و دەستان بشۆ.

بەڵام گرینگ ئەوە بووە کە پێیان دەگوت شار و بازاری هەبووە و ئاغا چاوی لێ دەرنەپەڕاندوون و حاجی و مەلا و کوێخا و ژاندارمە دەسەڵاتیان کەمتر بووە.

باوکم بە خۆی و بوخچەیەکی بن هەنگڵەوە دێتە شار و دڵی لە کن کانیاوەکان و حاجی کیمی و گردە زێڕینە و بوزەکان و قۆپییەکان بە جێ دەهێڵێ. ئەو دڵ بە جێهێشتنە قوڕی بە سەری ئێمەدا کرد. باوکم تا ئێستاش دڵی لە هیچ ماڵێک داناسەکنێ. زوو زوو خانوو دەگۆڕێ. بێ هیچ هۆکارێک هەڵدەستێ خانووەکە دەفرۆشێ و لە شوێنێکی دیکە خانوویەکی دیکە دەکڕێتەوە. ئەمن لە دایک نەببووم کە یەکەم خانووی کڕیوە و فرۆشتوویەتییەوە. کە لە دایک بووم ماڵمان لە کن حەمامی حاجی شاخە بوو. تا بوومە سێ ساڵە چووینە لای ترمیناڵی مهاباد، بوومە شەش ساڵە چووینە کن خانەقا، بوومە هەشت ساڵە لە پشت سیلۆ بووین، بوومە دەساڵە لە نزیک فەلەکەی ئێعدام بووین، بوومە دوازدە ساڵە لە قوول- لە بووین ... ئێستا کە جاری وایە زەنگ لێدەدەم و لە گەڵ دایکم قسە دەکەم. دەڵێ: ڕۆڵە چ قسەیەکت هەیە بیڵێ کارم هەیە خەریکی ماڵ بار کردنین. زوو دەڵێم: دایە لە کام گەڕەکن، جاری وایە دەڵێ: لە جادە حەسارین، جاری وایە دەڵێ: لە کن مەدرەسەی چواری ئابانین، یان لە شەهرەکین.

هەنووکە نزیک پەنجا ساڵە باوکم لە شارە.

باوکم دەڵێ: کوڕم ئەگەر هاتمە شار خیابانەکانی هەمووی تەق تەق و بەرد بوون و بیابان. بە قڕانێک دووچەرخەیەکم بە کرێ گرت و دەستم کرد بە دووچەرخە لێ خوڕین لە کن دووکانەکەی ئێستای خاڵم کەوتم و سەرم شکا. دووکانەکەی ئێستای خاڵی دەکەوێتە نزیک مخابەرات و پێشی زیندانی ئیتلاعات.

ئەوەی لەو هەموو ماڵ گواستنەوەیەدا نسیبمان بووە ئەوە بوو، نووکە ئێمەی منداڵیش وەک قەرەچی دڵمان بە هیچ جێگایەک گرێ نادەین و تا ئێستاش بێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەموومان ساڵێ جارێک دوو جار بار دەکەین و گەڕەک و شار و وڵات دەگۆڕین.
ئەو دەمەی باوکم گوتی: سێ تەگەرییەکە دەفرۆشم. ساڵێک بوو لە پشت چڵەوکەبابی سامان کرێنشین بووین و باوکم پووڵی خانووەکەی دابوو بە سێ تەگەرییەک و باقیەکەشی خواردبوو. منی مێرمنداڵ بە عەقڵی ئەو کاتم پێم وابوو تازە ئێمە نابینەوە سێحەبی خانوو.
ڕۆژێک کە هەمووومان لە خەو هەستاین دیتمان ڕۆژ نەبووەتەوە. سەرلەنوێ خەوتینەوە. تا قاوەڵتوون خەوتین و هەر ڕۆژ نەبۆوە. خەوتین، خەوتین، خەوتین ئاخری یەکمان چوو پەردەکەی لادا و دیتی دەڵقێکی ڕەشی گەورە پێشی پەنجەرەکەی گرتووە.
باوکم سێ مانگ بوو کرێ خانووەکەی نەدابوو. خاوەن ماڵ سەرتاپای خانووەکەی لە نایلۆنێکی ڕەش گرتبوو و سوێندی خواردبوو ناهێڵم ڕۆژی ڕووناک ببینەوە تا کرێیەکەم نەدەنێ. هەر ئەو ڕۆژە باوکم چوو مەعامەلەیەکی بە سێ تەگەرییەکەی کرد و خاکێکی سەد میتری لە پشت باسکۆڵی پاڵەوانی کڕی و سێ سەد هەزاریشی باقی وەرگرتەوە.
ئەمن لە خۆشیان حەجمینم نەبوو، گوتم: بابە باسکۆڵی پاڵەوانی، ئەوەی ... ئەوەی کن مەیدانی فووتباڵ دەڵێی؟
باوکم: کەرە کەر خاک لەوێ بە سێ تەگەری دەدەن؟ نا دەرەوەی شارە تا سێ تەگەرییەکەم پێیە دەتانبەم. هێندش دوورە بۆ ئەوە نابێ بگەڕێنەوە، هەر لەوێ بمێننەوە تا خانووەکە ساز دەکەم.

(٣)

میترمان لە بیر چوو بوو. بە شەقاو دەستمان بە پێوانی خاکەکە کرد. لە پەنا باسکۆڵەکەوە خانوویەکی چکۆلە بە بلووک دروست کرابوو. دەرکەکەی تەنەکە بوو. خانوویەکی زۆر هەژارانە. بێجگە لەم خانووە تاق و لۆقە خانوو دروست کرابوون. لە مەودای کولتەپە بۆ شەهرەک دەشتاییەکە، هەموو دەشتاییەکە بیست ماڵی لێ نەبوو. هەر یەکەیان لە سووچێک.
خانووەکان هەموو نایاسایی دروست کرابوون و ئیزنی دروست کردنیان وەرنەگرتبوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوکم گوتی: با بچین لەم ماڵە بپرسین بزانین لەو خانووانە هیچیان بە تاڵە بە کرێی بگرین.

بەردێکم هەڵگرت و تەق تەق لە دەرکە تەنەکە ژەنگاوییەکەم دا. پاش قەدەرێک دەرکەکە بە جیڕە جیڕ کراوە و کچێکی جحێڵی رەش ئەسمەری جوان دەرکەی کردەوە. هەم من و هەم باوکم بە دیتنی ئەم کچە لەو بیابان و لەم خانووە پەرپووتەدا هەڵبەزینەوە. فەرمووی کردین و سپاسمان کرد. پرسیارەکەمان لێ پرسی. بە قامک خانوویەکی نیشاندایِن و گوتی: هۆوە چۆڵە، ساحەبەکەشی لە فلانە جێگایە. پاشان بزەیەکی کرد و گوتی: تا ئێستا دە ماڵیش هاتوونەتە نێوی، بەڵام دەڵێن جندۆکەی تێدایە. هەموو سبەینێکەی چۆڵی دەکەن. باوکم گوتی: کچم من دەبێ لێرە خانوو دروست بکەم و ئینشائەڵلا دەبینە جیرانتان. ماوەی مانگێک ناعیلاجم ئەو خانووە بە کرێ بگرم. ئەگەر دەکرێ ئەم قسەیە لە کن ژن و منداڵی من مەکەن. کچە دوو سێ جار گوتی: بە چاوان ... بە چاوان و دوایە خولقی ماڵێی کردین و ئێمەش سپاسمان کرد وماڵئاواییمان لێ کرد. سواری سێ تەگەرییەکەمان بووین و هاتینەوە. لە رێگا هیچمان هیچمان نەگوت. دیارە سێ تەگەریش هێندە ترِە ترِی زۆرە بۆ قسە کردنیش هەر نەدەبوو.

نەنکم خودا عافووی بکات زۆر جار دەیگوت ئەگەر جندۆکەت دی دەرزیلەیەکت پێ بێ و دەرزیلەکەی پێ دابکەی، دەبێتە هی تۆ. ئەو قسەیە لە مێشکم دا هەر دەهات و دەچوو. لە بەردەرکە باوکم سێ تەگەرییەکەی راگرت و کوژاندییەوە. من دابەزیم. ویستم لە دەرگا بدەم. باوکم گوتی: خەبات ئەو قسەیەی بیستمان هەر بەینی خۆمان بێ، باشە؟

گوتم: باشە، ئەی چۆنی چارەسەر دەکەی؟

گوتی: ئەورۆ بە کرێی دەگرم، خودا گەورەیە.

(٤)

هەر ئەوەندە بلێی سێ و دوو ماڵمان بار کرد و گواستمانەوە. شەوێ دایکم و وان لە ماڵی پوورم مانەوە و ئەمن و باوکیشم بە بیانووی ئاگا لە کەلوپەل بوون لە خانووە تازەکە ماینەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە پەنا خۆمان سەرو گۆپاڵێکمان دانا و چاوەڕێ دانیشتین. شەو ڕاشکا و ئەژنۆمان شل بوو و مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا و ئێمە هەروا بە دەوری خانووەکە و نێو حەسار و ژوورەکاندا دەهاتین و دەچووین. ئەم خانووە دوایین خانوو لە خانووەکانی ئەم دەوروبەرە بوو و پشتی دەبووە دارستانێکی چڕ. شانسی ئێمەش تاریکەشەو وئەنگوستە چاوی وام قەت نەدیتبوو ...

جار جار لە گەڵ باوکم چایەکمان دەخواردەوە و هەر جارەو باسی شتێکمان دەکرد. جارێک لێم پرسی بابە بڵێی جندۆکە بێن؟

باوکم زۆر قایم گوتی: با بێن شەپ ترێنیان دەکەین.

دڵنیا بووم کێوێکم لە پشتە. کاتژمێر سێی نیوەشەو وردە وردە بە زۆری پێڵووی چاوم پێ ڕاگیرابوو. جار جار کە سەیری باوکمم دەکرد. دەمدی ئەویش ماندوویەتی ماڵ گواستنەوە و بێ خەوی فشاری بۆ هێناوە. جار جارە هەر دووکمان خەونووچکە دەیبردینەوە. ئاخری هەرچۆنێک بێ هەستام و دەورێکی دیکە بە دەوری خانووەکەدا سووڕامەوە. کە هاتمەوە دیتم باوکم لە سەر بەڕەکەی نێو حەوشە خەوی لێکەوتووە.

ئاسمان وردە وردە رووناک دەبۆوە و کەڵەبابێک لە دوورڕا دەنگی دەهات. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەوش ئەفسانەی جندۆکە. سەگباب نەهات بیگرم.

پاشان بە پلیکانەکەی حەسارێدا وەسەر کەوتم و چوومە نێو هاڵەکەوە. نێو هاڵ هەمووی کەلوپەلی ماڵێ دانرابوو و جێگای خەوتنم نەدیتەوە. دەرکەی ژوورێکم کردەوە. چەند بەڕە و پەتوو و موکێت لە سەر یەکتر دانرابوون. موکێتێکم بڵاو کردەوە و لەسەری ڕاکشام. پەنجەرەکە کرابۆوە و شنەبای بەیانی خۆی بە ژوورێ دادەکرد و فێنکاییەکی خۆشی دەمەو بەیانی لە گەڵ خۆی دێنا ژوورێ. پەتوویەکم بە خۆم دادا و خۆم گرمۆڵە کرد و خەوتم.

پێنج دەقە نەدەبوو خەوتبووم. یەکێک بە نووکە شەق لە چۆکمیدا و گوتی: دەتەوێ من بگری؟

(٥)

قژی زەرد زەرد بوو. تیژ بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون. چاوەکانی داقڵیشابوون و مەودای بستێک لە یەکتری دور بوون و دەمی خوار کردبۆوە و پێم پێدەکەنی.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەشی سپی و ... زمانم لە گۆ کردن کەوتبوو. هێزم نەبوو هەستمە سەر پێ. دیسان پێکەنی و گوتی: دەتەوێ من بگری. یەک بە خۆم هاوارم کرد ناااااااا. هەستام و بەرەو دەرکە هەڵاتم. لە پڕ بە شتێک لە سەری دام. سەرم سووڕا و گێژ بووم و دەمەوڕوو کەوتم. داهاتەوە و دەموچاوی هێنا پێشێ و گوتی: دەی بۆ نامگری.

گەرمایی خوێنی سەرمم هەست پێ دەکرد. دنیا لە پێش چاوم تاریک داهات و ئاگام لە خۆم نەما.

کە وەئاگا هاتمەوە. لە حەساریێ بووم. باوکم بە سەرمدا نوشتابۆوە و بە دەسرەیەک هەوڵی دەدا پێشی خوێنی سەرم بگرێ. دیسان بێهۆش بوومەوە. ئەوجار بە دەنگی گریانی دایکم و وان وهۆش هاتمەوە. خوێنی سەرم راوەستابوو، بەڵام خوێنێکی زۆرم لەبەر رۆیشتبوو و زۆر بێ هێز ببووم. باوکم بە دەنگێکی نووساوەوە بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێرانەوە. دوایەش گوتی: هەر ئەوڕۆ لێرە دەڕۆین. ئەو خاکە دەفرۆشم و هەر نایەمە ئێرە. بە نووزە نووز گوتم: نا بابە پەلە مەکە.

گوتی: ڕۆڵە چاوێک لە خۆت بکە. ئێرە بۆ مانەوە نابێ. نەمدەزانی بۆ بەڵام لە ناخمدا گرێیەک دروست ببوو. بەو حاڵە شپرزەیەمەوە زۆرم هەوڵدا تا رازیم کردن ئەمڕۆش بمێنییەوە. هیچ هۆیەکیشم بۆ قسەکەم شک نەدەبرد. تەنیا دەمویست لێرە بمێنییەوە.

تا لای نیوەڕۆ کاس کاس بووم. نزیک نیوەڕۆ برێک باشتر بووم. دوانیوەڕۆ حەسەنی برای کاک ئەمین هات. کتێبی چیشتی مجێوری تازە کڕیبوو. بە خۆی خوێندبوویەوە. بۆ منی هێنا بوو منیش بیخوێنمەوە. بە تامەزرۆییەوە لێم وەرگرت.

هەرچی بیرم لە شەوی ڕابردوو دەکردەوە شتێک بۆمن ناڕوون بوو. مێشکم وەختا بوو بتەقێ. باشە من بۆ دەڵێم لەو خانووە ناڕۆین؟ ئەی ئەگەر ئەو شەو یەکمانی کوشت؟ ئەودەم خۆ تا قەئری قیامەت خۆم نابەخشم.

جاری وابوو حەسەن قسەی دەکرد. من تەنیا لێویم دەدی دەجووڵێتەوە. نەمدەزانی چ دەڵێ. تەنیا دەموچاوی جندۆکەکەم لە پێش چاو بوو. قژی زەرد زەرد بوو. تیژ بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون. چاوەکانی داقڵیشابوون و مەودای بستێک لە یەکتری دور بوون و دەمی خوار کردبۆوە و پێم پێدەکەنی ...



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(٦)

لای نوێژی شێوان چاوم ڕێشکە و پێشکەی دەکرد و هەموو شتەکانم لێڵ دەبینی. دایکم و باوکم دەیانەویست ئەم شەو کەس لەو ماڵەدا نەمێنێ. بەڵام من هەموو هەوڵم وەگەڕخستبوو ڕازیان بکەم کە بمێننەوە. قسەکانم بە پەلە پەل دەگوت و وشەکانم تەواو گۆ نەدەکرد. هەمووی دەبوونە بڵمە بڵم.

حەسەن بە نائومێدییەوە چاوی لە زەردەپەڕی ئێوارە بڕیبوو. گوتی: دەبێ بڕۆم. ڕووی کردە دایکم و باوکم و گوتی: سبەینێش سەردانی دەکەم. ئەگەر باشتر نەبوو دەیبەینە دوکتور. پاشان گوتی: پێم باشە جوابی نەدەنەوە ولێرەی لابەن. بە خۆشتان لێرە مەخەون، ئەگەر پێتان خۆشە گەورەمان بکەن و وەرنە ماڵی ئێمە. لە خزمەتتان دادەبین.

باوکم لە گەڵ حەسەن هەستا بووە سەر پێ و خەریک بوو بەڕێی بکات. چاوێکی لە دایکم هەڵتەکاند کە بچێ کەوشەکانی بۆ جووت بکات

حەسەن ئاگای لێ بوو. لە شەرمان سوور هەڵدەگەڕا و گوتی دادە سەعادەت چۆن کەوش بۆ من دادەنێی. فەرقی من و خەبات نییە. بە خودا ناهێڵم جەنابت کەوش بۆ من دانێی.

کەوشششششششششششششششش. کەوشششششش. کوتوپڕ پەردەیەک لە پێش چاوم لابرا. هەستامە سەر پێ و گوتم: دانیشن شتێکی زۆر گرینگم وەبیر هاتۆتەوە.

هەموو دانیشتن. گوتم: جندۆکەکە کەوشی لە پێدا بوو. ڕۆژی ئەمڕۆ کاس بووم و مێشکم پێ کۆ نەدەکراوە، بەڵام ئێستا جوان جوان لە پێش چاومە. ئەو کاتەی جندۆکەکە لە سەری دام و کەوتم و دەموچاوی نزیک کردەوە و قسەی کرد، من هێشتا بە ئاگا بووم. کە خەریک بوو دەڕۆی، وردە وردە پێش چاوم ڕەش دەبوو، بەڵام کەوشەکانیم دی. ئاااااااا بە خودا کەوشی لە پێدا بوو. کەوشەکانی ئێستاش لە پێش چاومن. کەوشێکی کەتانی سپی بوو.

(٧)

باوکم گوتی: سولەیمان بڕۆ چەند کەس لە کوڕەکانی خزم بێنە، ئەم شەو دەبێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەم سەگبابە بگرین. سەعاتێکی پێ نەچوو یەک یەک و دوو دوو هەموو هاتن. ببوو بە پێکەنین و بەزمێک هەر نەبێتەوە. قەمە و زنجیر و بۆکس و ... ئەوەی وەدەستیان کەوتبوو هێنابوویان. یەک بە ماتۆڕ هاتبوو، یەک بە دووچەرخە و یەک بە جیپ گالآنت.

بەزم بەزمی ڕاوی جندۆکە بوو. تا نیوە شەو دانیشتین و فشەمان گێڕا و پێکەنین. دوازدە بەم لاوە لە نێو عەرزە ڕووتەکەی حەساریٚ ئاورمان کردەوە و دانیشتین. باوکم کە چوو بخەویٚ قسەکان بیٚ پەردەتر دەکران. یەکیان دەیگوت: کاکە من سەڵتم جندۆکەکە کچ بیٚ لە خۆم گاتەوە. ئەوەی دیکە دەیکوت کوڕە کوڕیش بیٚ من هەر قبوڵمە. پاش کاتژمێر یەکی نیوەشەو سیٚ چوارێک لە پەنا ئاورەکە وردە وردە شل بوونەوە و پەتوویان ڕاخست و خەوتن.

نزیک سەعات سیٚ دەتگوت شیمیاییان لیٚ داون هەر یەکە و بە لایەکدا خەوتبوو. لەپڕ مستەفا گوتی: ئەها جندۆکە هات. هەر بابا بوو دەردەپەڕی. یەک بەرەو ژووریٚ هەڵدەهات و یەک بەرەوە دەریٚ. ببوو بە تێکەولێکەیەک سەگ ساحەبی خۆی نەدەناسییەوە. دەی کوا؟ کوا؟ وەڵلا خشەیەک هاتووە.

بە بۆڵە بۆڵ و منگە منگ خەوتنەوە. وردە وردە پرخەیان دەگەیشتە ئاسمان.

کە وەخەبەر هاتم. تاو هەڵاتبوو و تەواو ڕۆژ ببۆوە. ئەڵحەمدوڵلا وادیار بوو نە دز و نە جندۆکە بەم لایەدا نەهاتبوون.

عەبدوڵڵا یەکەم کەس بوو چوو بووە بەردەرکە. کە هاتەوە ژووریٚ. ڕەنگی سپی سپی هەڵگەڕا بوو. گوتی تەگەری ماتۆڕ و دووچەرخە و ماشێنەکەیان پەنچەر کردووە ...

(٨)

حەتوویەک بوو لەویٚ بووین، لەو شەوەوە ئیدی هیچ باس نەبوو. باوکم لەم ماوەیەدا قەرزوقۆڵەی کرد و دەستمان بە خانوو دروست کردن کرد.

وەستا محەمەد وەک خزمێکی دوور و وەستای چاک دڵسۆزانە و بە دەستوبرد خەریکی کار بوو. بە ڕۆژ لەبەر دەستی ئەو ویٚڕای کرێکارەکانی دیکە کارم دەکرد و شەوانەش تا درەنگی شەو چێشتی مجێورم دەخوێندەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ورده ورده دیـوارەکان هاتنـە سـەرێ و خەریکـی دانانـی تیرئاهـەن بوویـن، رۆژێـک نەیسـانێکی شـین چـوار پێنـج کەسـی تێدا بـوو لێمـان پەیدا بـوون و وەسـەرمان گـەڕان.
گوتیـان ئـەوە مستەفای شـارەدارە و پێـش بـە خانـووی نـا یاسایی دەگرێ. فەرغـوون و پێمـەڕەی فـڕێ دا و دیـواری وەبـەر شـەق دا. کار ڕاوەستا.
دوو ڕۆژ قـوڕەکاریمـان ڕاگـرت تـا ڕێگایەکیـان دیتـەوە. شـەوێک چوونـە ماڵـی مستەفای شـارەدار و حەفتا هەزاریان بەرتیـل دایە و ئـاو بە ئـاوردا کـرا و لـە سبەینێوە وەسـتا و فەعلـە هاتنـەوە سـەر کاری خۆیـان.
ڕۆژێـک خەریـک بـووم خیـزم لـە سـەرەند دەدا یەکێـک لـە پشـتەوە گوتـی: مانـدوو نەبـن.
بۆ چەنـد سـات دەموچـاوی جندۆکەکە هاتـە پێش چـاوم. سـەری لـە دەموچـاوم نزیـک کـردەوە و گوتـی: دەی بـۆ نامگـری.
هەمـوو گیانـم وەلەرزیـن کـەوت. هێـزم نەبـوو ئـاوڕ بدەمـەوە. پێـمەڕەکەم لـە دەست خزی. چۆکـم دادا سـەر ئەرزەکـە. چـاوم لـە ڕەشـەوە دەهـات. دەتگـوت مغناتیسـێکی بـە هێـز گرتوومـی و ناتوانـم ئـاوڕ بدەمـەوە.
وەسـتا محەمـەد لـە سـەر دیوارەکـەوە. ئـاگای لێـم بـوو. لەوێـڕا هـاواری کـرد ئاگاتـان لـە خەبات بـێ. دوو کـەس هاتـن بـن پیلیـان گرتـم و لـە بـن سێبەری دیوارێـک دایـان نیشـاندنم و ئاویـان بـۆ هێنـام.
پـاش ماوەیـەک ورده ورده هێـزم هاتەوەبـەر. پرسـیارم کـرد ئـەوە کـێ بـوو گوتـی: ماندوو نەبن؟

(٩)

- هـەر ئەوەنـدەم زانـی بـەرەو خیابـان هەڵـدێ. لەسـەر دیوارەکـەوە خیابانەکـەم لـێ دیـار بـوو.
گوتم: کـێ بوو گوتی ماندوو نەبن؟
زل زل دەڵـێ کـەس وای نەگوتـووە. گوتـم: دا لاچۆ لا. هەستامە سـەر پـێ پیاوێـک لـە سـەر خیابانەکـە ڕاوەسـتابوو. بـەرەو لای هەڵاتـم.
- گەیشتە سەر خیابانەکە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پێش ئەوەی بیگەمێ سواری تاکسییەکی سوور بوو.
- کەمێک ڕاوەستا و پاشان دەستی بۆ پێشێ ڕاداشت و دەستی کرد بە هەڵاتن.
- بانگم کرد ڕایگرە. ڕاینەگرت. بە دویدا هەڵاتم.
- لە پڕ راوەستا و حەپەساو سەیری نوقتەیەکی دەکرد.
- ئاوڕی داوە. چاوی لە چاوم بڕی. بە خۆی بوو. چاوی دەتگوت قەبرستانە. تاریک تاریک بوو.
- دیسان کەمێکی دیکە هەڵات. گوتم: کوڕینە فریای خەبات کەون.
- تاکسییەکە ڕاوەستا. زۆر لێم دور نەبوو، کەمێک هەڵاتبوایەم دەیگەیشتمێ. هەڵاتم. چاوم لە جێی شۆفیر کرد. کەس لێی نەدەخوڕی. بە هەر دوودەستم چەپۆکێکم بە سەری خۆمدا دا.
- کوڕەکان گەیشتنە سەری و گرتیان. بە سێ کەس بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایانەوە.
- شۆفیری تێدا نەبوو.
- سولەیمان گوتی: بابە خەبات زۆر ترساوە. گوتم بیبەنەوە ماڵێ.
- لە پڕ هەموو تاکسییەکە پڕ بوو لەو. شەش کەس بوون.
- تا ئەوان گەیشتنەوە ماڵێ وەستا و کرێکارەکانم بەڕێ کرد.
- هەموویان چاویان تاریک بوو.
- قورئانەکەم لە سەر تاقەکە هەڵگرت و رووبە قیبلە هەڵم هێنا. خودایە ئەو کوڕەم لە تۆ دەوێتەوە.
- دەمی کردەوە و پێکەنی. ددانەکانی درێژ درێژ بوون. زەرد زەرد ... گوتی دەتەوێ بمگری.
- تا بەیانی قورئانم لە سەر سەری دانابوو، بەڵام ئەو لەو دنیایەدا نەبوو، لە نێو دنیایەکی دیکە دابوو.
- تاکسییەکە ڕۆیشت من بە دوایدا ڕۆیشتم. گەیشتینە فەلەکەی مەعەلیم. بەرەو کەمەربەندی ڕۆیشت. وەدوای کەوتم.
- بەیانی لە گەڵ دایکی بردمانە ماڵی بابە خەلیفە.
- دەستی درێژ کرد، دەستی لە شووشەی تاکسییەکە هاتە دەرێ. من ویستم بۆ دواوە هەڵێم. لە پشتەوە پشتە ملی گرتم.
- بابە خەلیفە زۆری قورئان بە سەردا خوێند. پاشان گوتی: بەو کۆڵەکەیەوەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببەستنەوە. خێزانمیان ناردە دەرێ. ژن زەعیفەیە تاقەتی نییە ببینێ بە دوان لە کوڕەکەی دەدەن. بابە خەلیفە گوتی: شەیتان چۆتە کەوڵییەوە. بیکوتن.

- ئەمنی بە دوای تاکسییەکەدا ڕادەکێشا. لە پڕ زرمەیەک لە ئاسمانەوە هات. هەر دووکمان سەرمان هەڵێنا. درزێکی گەورە کەتبووە نێو ئاسمانەوە. قاقا پێکەنی گوتی: دەیانەوێ بمگرن. تۆش دەتەویست بمگری. ئەی بۆ کوێ هەڵدێی. وەرە بمگرە دەیییییییییی.

- کە دارەکانیان هەڵدێناوە من لە تاوان چاوم دەقووچاند. خەبات دەنگی لێوەنەدەهات، دوایە دەنگێکی وەک وەڕین ... ئا ئا دەوەڕی.

- لەپڕ لەتێک لە ئاسمانەکە بەر بۆوە. تیشکێک بە پڕتاو هاتە ژوورێ. ئەو منی بەردا. ڕووی کردە کونی ئاسمانەکە و وەک گورگ دەستی بە لووراندن کرد.

- هەموو گیانی شەلاڵی خوێن بوو.

- دوایە وەڕی. منیش وەک ئەو دەوەڕیم.

- بابە خەلیفە گوتی: سەگە وەرە دەرێ. ئەو کوڕە بەردە.

- لە تاکسییەکە دابەزین و چوونە نێو پارکی کوی محەمەدییەوە. سەرەتا وەک مرۆڤ بەسەر ئەرزەکەدا دەڕۆیشتن دوایە، داهاتنەوە و وەک گورگ مرۆڤیان لێهات و لە پارکەکە چوونە دەرێ و بە ناڵەشکێنەدا هەڵگەڕان. من چوومە پێشێ و دەستم بە تاکسییەکەوە گرت و سەرم هەڵبری وسەیرم کردن. شەش گورگ مرۆڤ بوون. دوایە یەکیان گرتەوە و ڕوو بە ئەڵڵاهوئەکبەرەکەی سەر ناڵەشکێنە ڕۆیشتن. لەسەر بەردەکانی ئەڵڵاهووئەکبەرەکە دانیشتن. کوتوپڕ لە پێش چاوم ون بوون. دەستم لە سەر تاکسییە سوورەکە لابرد. دەستم ڕەنگی تاکسییەکەی گرتبوو. چاوم وردە وردە ڕوونتر دەبۆوە. ئەوە ڕەنگی تاکسی نەبوو، خوێن بوو. سەرم هەڵێنا دوان دارکاریان دەکردم.

- یەک بەخۆی نەڕاندی کوڕە لێم مەدەن بە خاتری خودا بۆ وادەکەن؟ بابە خەلیفە گوتی دەست ڕاگرن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جەعفەر

جیبە شینەکەی وەستا ڕەسووڵ کە لە سەر جادە خۆڵەکە تورمزی گرت، لە نێو خۆڵ و تەپوتۆزی سەرجادەکە نووقم بوو. دەرکەی پشتەوەی بە جیڕەیەکی ناخۆش کراوە و جەعفەر بە شاڕواڵێکی لی و کراسێکی سپی بێ قۆڵی هاوینی وساکێک بە دەستەوە دابەزی.

بڕێک لە جادەکە دوورکەوتەوە و چاوی بڕییە دور کەوتنەوەی جیبە شینەکە. جیبەکە دەتگوت پشیلەیە و گەسکیان لە کلکی بەستووە و لە نێو خۆڵدا هەڵدێ.

ڕێگاوبانی ئاوایی لەو پازدە ساڵە کە جەعفەر لێرە نەماوە و چووەتە تاران هیچ نەگۆڕاوە و دەڵێی کات پازدە ساڵە بەستوویەتی و تازە بە هاتنەوەی جەعفەر قرچە قرچ دەکرێتەوە و وەجووڵە جووڵ دەکەوێ.

جەنگەی نیوەڕۆیە و تاو لەوپەڕی تینی خۆیدایە. جەعفەر بەنێو زەویوزاری ماڵی حاجی بایزدا بەرەو ئاوایی شۆڕدەبێتەوە. ویزە ویزی مێش و سڕە سڕی سیسرکە و هازە هازی زەردەواڵە جەعفەریان بردووەتەوە ئەو ڕۆژەی کە بەیەکجاری و بە ناچاری گوندی بە جێهێشت. لە دار گوێزەکان تێپەری و بە پەنا قەبراندا بەرەو ماڵان وەڕێکەوت. ئاپۆڕەی سەر قەبران سەرنجی ڕاکێشا و بە دڵە خۆرپە و لارە مل ڕووی لە خەڵکەکە کرد.

دەنگی قورئان خوێندنەوەی مەلا یاسین هەموو خەڵکی بێ دەنگ کردبوو. پیاوەکان بە پێمەڕە خەریکی داپۆشینی قەبرەکە بوون و ژنەکانیش لە بن خۆیانەوە دەگریان.

یەکەم کەس کە هەستی بە تارمایی هاتنی جەعفەر کرد بە سرتە بە کەسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیشتە خۆی کوت و پاش ماوەیەکی کورت هەموو بێ دەنگ لە جەعفەریان ڕوانی. مەلا یاسین بێ ئاگا لە خەڵکەکە هەروا درێژەی بە قورئان خوێندنەکەی دا تا یەکێک تێکوتا و بێ دەنگی کرد.

زڵەخا بە پرتاو هەڵات و باوەشی بە جەعفەردا کرد و دەموچاوی بە سنگیەوە نووساند و بە کووڵ دەستی بە گریان کرد. جەحفەر ساکەکەی لە دەست بەربووەوە. زڵەخا دەستی درێژ کرد و بە دەمووچاوی جەعفەریدا هێنا. هەستی بە زبری ڕدێنی جەعفەر کرد و وەک سڵەمی بێتەوە خۆی لە باوەشی جەعفەر ڕاپسکاند و هەنگاوێک پاشەوپاش کشاوە دواوە. پاشان بە گریانەوە گوتی:

- درەنگ هاتییەوە جەعفەر، درەنگ هاتییەوە.

- کەنگێ مرد؟

- ئەمڕۆبەیانی.

- چی لە من دەویست؟ بۆ دەیەویست من ببینێ؟

- دەویست گەردنی ئازا بکەی. ئەو تۆی ئاوارە کرد. لە پاش تۆ دایکت و باوکت دیقیان کرد و بە مەودایەکی کەم مردن.

جەعفەر دڵی پڕە و فرمێسکێک لە چاویدا قەتیس بووە.

- پاش باران کەپەنک؟

- مەجید بە حزووری مەلا یاسین و هەموو کوێخاکانی ئاوایی لە سەرە مەرگدا سوێندی خوارد تۆ بێ گوناح بووی و ئەو ملوانکەکەی حوسنی جیهان خانمی دزیوە و لە ترسی وسێن ئاغا بەسەر تۆیدا هێناوە.

فرمێسکێکی گەرم بە چاوی جەعفەردا خلیسکا سەر کوڵمەی و تێکەڵ ڕدێنی بوو.

- منیان بێ تاوان شاربەدەر کرد.

- دەزانم. دەزانم.

- دەی ئێستا چ بکەم؟

- مەجید وەسیەتی کردووە و هەموو مڵک وماڵەکەی بە تۆ بدەن. منیش قەرەواشی تۆم. وەک دایکێک تا دەمرم خزمەتت دەکەم.

بزەیەکی تاڵ دێتە سەر لێوی جەعفەر.

- هەمووی بۆ خۆت. من مڵک و ماڵی مەجیدە ڕەشم ناوێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داهاتەوە و ساکەکەی لە سەر ئەرزی هەڵگرتەوە و لە شانی کرد. رووی لە خەڵکەکە وەرگێڕاوا بەرەو جادە وەڕێ کەوت.

زڵەخا بە نینۆک کوڵمەی خۆی ڕنی و قیژاندی

- جەعفەر گەردنی ئازا بکە دەنا مامت تا قیامەت ناحەسێتەوە.

جەعفەر بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە درێژەی بە رۆیشتنەکەی دا. چەند کوڕە جحێڵ و چەند پیاو بەرەو جەعفەر رۆیشتن پێشی پێ بگرن. جەعفەر هەنگاوی خێراتر کرد. پیاوەکان بە ناچار بە دوویدا هەڵاتن.

جەعفەر لێیان گەڕاوە و دەستی بۆ گیرفانی برد و چەقۆی لێدەرهێنان.

- لە کۆڵم بنەوە. دەنا بە چەقۆ لەتوپەتتان دەکەم. لێم گەڕێن با بڕۆم.

پێاوەکان کشانەوە و سەیری رۆیشتنی جەعفەریان کرد. جەعفەر بە زەوییەکەیماڵی حاجی بایزدا هەڵگەڕا و پاش ماوەیەک لە پێش چاویان ون بوو. پیاوەکان گەڕانەوە کن خەڵکەکە و مەلا یاسین دەستی کردەوە بە قورئان خوێندنەوە. زڵەخا خۆی بە سەر قەبری مێردەکەیدادا و هۆڕ هۆڕ بۆ خەمێکی دوور گریا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چرووک

ئەسعەدی پرسگە کە هات و گوتی مام کەریم مزگێنیم دەیە میوانت بۆ هاتووە، وەک لە ئاسمان ڕا بەربووبێتەوە خواری تاسا. میوانی چی؟ کێ هاتووە؟ لە دوایین جارێک کە ژن و منداڵەکەی دیتبوو بیست و پێنج ساڵ تێپەڕ ببوو ولەو ماوەیەدا، تەنانەت جارێکیش کەس لێی نەپرسیبۆوە. بە پەلە هەستا و خۆی پۆشتە کرد و چاوێکی بە ژوورەکەیدا گێڕا. پەتووەکانی سەر تەختەکەی ساف کرد و یەک دوو کراس و پانتۆڵی سەر عەرزی هەڵگرتەوە و بە ڕەختاوێزی دیوارەکەیدا هەڵواسین و دەرکەی داخست و بە پێپلیکانەکانی تەنیشت خەدەمات و پرسگەی قەڵادا هاتەخواری. قەڵا پەپووی لێ دەخوێند و بەو بەیانی جومعەیە کەس دیار نەبوو. پێشمەرگە سەڵتەکان تا نیوەڕۆ دەخەون و بنەماڵەکانیش لە ئازادی و زەوییە سپین. لەوسەر لە نزیک شێرەی دەرکەی ئەوبەری قەڵا دوو ژن خەریکی مافوور شۆردن بوون و چاوە کزەکانی مام کەریم هێندەیان هێز تێدانەبوو تا بۆی دەربکەوێ کێن لێرە خەریکی فەرش و موکێت شۆردنن.

پێشمەرگەیەک لە بەر دەرکەی قەڵا بە چەک و ڕەختەوە ڕاوەستابوو. مام کەریم سڵاوێکی لێ کرد. بە تەمای خودا ئەگەر ماشین هات و تا پرسگە سواری بکەن، وردە وردە وەرێ کەوت. لە مەنبەعی ئاوەکە هێشتا زۆر دوور نەکەوتبۆوە ماشێنێکی شاسی بڵێندی سپی وەک فیشەک بە پەنایدا تێپەڕی. مام کەریم هەر ئەوەندە فریا کەوت سەری هەڵێنێ و دورکەتنەوەکەی ببینێ. شۆفێرەکە عەینەکێکی دودی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوەوە بوو و لە ئاوێنەی ماشێنەکەوە چاوێکی لە ماندوویەتی مام کەریم کرد و ڕۆیشت.

گەیشتبووە مەعبەینی تەقەمەنی و فێرگە یەعقووب بە خۆی و بە تراکتۆرەکەی و بە تانکێڕی پشتەوەی گەیشتە سەری و بۆی ڕاگرت. مام کەریم خووساو لە ئارەقەدا و بە هانکە هانک سوار بوو. لە نێو تەق و هۆڕی تراکتۆردا هەر ئەوەندەی پێکرا بە یەعقووب بڵێ تا پرسگەی بەرێ و ئەویش سەرێکی بۆ لەقاند و وەرێ کەوت.

لە تەنیشت پرسگەی سەرێ کە دابەزی دەتگوت تەشتێکیان ئاو پێداکردووە، جوان جوان خووسابوو. هێواش بە لێژەکەدا بەرەو پرسگە شۆڕبۆوە و سڵاوی لە کچە پێشمەرگەکەی بەردەرکە کرد و چووە ژوورێ.

گوڵێ لەسەر بەردێک، لە نزیک دەرکەی پرسگە دانیشتبوو. کە مام کەریمی دیت قرچەپێ لە بەری هەستا و بەرەو پیری ڕۆیشت.

– چاو و دڵت روون مام کەریم

– کێ هاتووە؟

– وەڵڵا نازانم بە بۆنەی تەعتیلاتی هاوینێوە میوانێکی زۆر هاتوون.

دڵەڕاوکە و شادی لە نێو دڵیدا شەپۆلی دەدا. وردە وردە بەرەو ژوورێ هەڵکشا. قاسمە قەڵەو لەگەڵ پیاوێک لە سووچێک ڕاوەستابوون. مام کەریم قاسمی بە نێو نەدەناسی. تەنیا دەیزانی پێشمەرگەی پرسگەیە. هەر لە دورەوە سڵاوی کرد. شاهۆ و باوک و کوڕێک لە چەقی حەسارێ پێکەوە ڕاوەستا بوون و وەها گەرمی قسە بوون ئاگایان لە نزیک بوونەوەی نەبوو. لە پەنا تانکێڕی ئاوی پرسگە ژن وپیاوێک و منداڵێک ڕاوەستابوون. پیاوەکە داهاتەوە و شێرەکەی بەرداوە و دەموچاوی منداڵەکەی شۆرد. ژنەکە سەری ڕەنگێکی مەیلەو سپی بوو. مام کەریم نەیدەزانی ئەوە مۆدی تازەی ژنانە. ژنە چەسپێکیش لە سەر لووتی بوو و مام کەریم وای زانی لووتی بریندار بووە.

شاهۆ رووی کردە کوڕەکە و گوتی:

– حیزب لە ژێر هەژدە ساڵ پێشمەرگە وەرناگرێ.

کوڕەکە بە دڵ پڕییەوە گوتی:

– باشە من بەوهەموو زەحمەتە خۆم گەیاندووەتە ئێوە.

باوکەکە رووی کردە شاهۆ و گوتی:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– بە شاهیدی تۆ کاک شاهۆ من قەولی پێ دەدەم بە خۆم دوو ساڵی دیکە بیهێنمەوە.

کوڕە بە گریانەوە گوتی:

– من نارۆمەوە

شاهۆ باوەشی پێداکرد و ماچی کرد.

– ئەوە باوکت قەولی دا بە خۆی بتهێنێتەوە. مەگری عەیبە تۆ پیاوی.

کوڕە سەری بە هەنیسکەوە وەختابوو هەڵکەندرێ.

مام کەریم رووی لەوان وەرگێڕا و رووی لە ژوورەکانی سەرێ کرد. پیرێژنێکی قەڵەوی مانتۆ ڕەش، دوگمەکانی مانتۆکەی کردبۆوە و لە تاوی گەرما باوەشی بە موبەڕیدەکە دا کردبوو. یەک دوو ژن و پیاویش لەوبەرولەمبەر چاوەڕوانی هاتنی خزمەکانیان دانیشتبوون. مام کەریم دڵنیا بوو هیچیان ناناسێ. بەدڵی داهات ناکا پێیان ڕابواردبێ. سەری بەرداوە و بەرەو قاسمە قەڵەو داگەڕاوە خوارێ. لە پڕ دەنگێکی پیرێژنانە بانگی کرد.

– کەریم. کەریم.

مام کەریم ئاوڕی داوە. دیتی لەپشت تانکێڕی ئاوەکەوە پیرێژنێک کەوادیار بوو لە ئاودەست هاتبووە دەرێ. بانگی دەکات. پیرێژنێکی وردیلەی کز. مام کەریم وەک لە پڕ پەردەیەک لە پێش چاوی لابچێ. لە بن لێویەوە گوتی: زێنەب !

زێنەب و مام کەریم هێندە شەرمێون بوون کە پاش بیست و پێنج ساڵ یەکتر نەدیتن بە زەحمەت توانیان یەکتر لە ئامێز بگرن و یەکتر ماچ بکەن. زینەب فرمێسکەکانی سڕی و بە لووشمەوە گوتی:

– ئەوە ڕەحمانت نەناسییەوە ماڵت نەشێوێ؟

مام کەریم بە سەرسووڕمانەوە چاوی بەسەر ئەو ژن و پیاو و منداڵەی پشت سەری زێنەبدا گێڕا و چاوەکانی لەسەر پیاوەکە ڕاوەستان. ڕەحمان بە گریانەوە خۆی بە باوەشی باوکی داکرد. مام کەریم بۆ ساتێک تاسا و حەپەساو توند بە خۆیەوە کوشی و بۆنی پێوە کرد وماچی کرد و گوتی

– رووی پیری ڕەش بێ ئەوە بۆ تۆم نەناسییەوە. ڕەحمان گیان؟

ڕەحمان پاش کەمێک گریان لە باوەشی باوکیدا، رووی کردە خێزان و کوڕەکەی و گوتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– بابە گیان ئەوە شیرینی خێزانمە و ئەوش هێمنی کوڕمە.
مام کەریم وەک ئێستا بووکی بۆ کوڕەکەی دابەزاندبێ پێی خۆش بوو دەست بداتە دەسرۆکەیەک و لە پێشیان سەما بکات. لە خۆشیان زمانی تەتەڵەی دەکرد و نەیدەزانی چ بڵێ. پاش کەمێک گوتی بابڕۆین. دەستیان دا ساکەکانیان. لەبەر دەرکەی پرسگە گوڵێ گوتی:
– مام کەریم بەو گەرمایە با بە پێیان نەڕۆن تەلەفوون بۆ پرسگەی ئازادی دەکەم، ئەگەر لەندوێرە سوورەکە لەوێ بێ با بە دواتاندا بێ.
مام کەریم گوتی:
– وەی ڕەحمەت لە بابت وەڵڵا من هێندە خۆشحاڵم سەرم لێ شێواوە و نازانم چ دەکەم.
لە بن سێبەری دارەکەی حەساری نزیک نیگابان هەموو ڕاوەستان و بە تامەزرۆییەوە چاویان لە یەکتر دەکرد. لەپڕ کەماڵ بە شلەخەجێ سپیەکەی پارێزگارییەوە رووی کردە دەرکەی پرسگە و هاتە ژوورێ. مام کەریم پێش ئەوەی نیگابان زنجیری بەردەرکە بۆ کەماڵ بەرداتەوە. چووە پێشێ و گوتی
– کەماڵ گیان تا قەڵامان دەبەی؟
کەماڵ گوتی:
ئەو کاغەزە دەبەمە کن کاک خالید لە پەزیرش و دەگەڕێمەوە و سوارتان دەکەم. تا کەماڵ گەڕاوە، لەندوێرەکەش گەیشتێ. مام کەریم بە زۆری دوو دیناری لە مستی شۆفیرەکەی کرد و بەڕێیان کردەوە خوارێ و سواری ماشێنەکەی کەماڵ بوون. زێنەب و مام کەریم و هێمن لە پێشەوە سوار بوون و ڕەحمان و شیرینیش لە دواوە. هەرکە سوار بوون مام کەریم رووی کردە زێنەب و گوتی
– ئەوە شیرین لووتی بەچی بریندار بووە؟
زێنەب گوتی:
– کوڕە برینداری چی، لووتی بە قەت باینجانێک دەبوو مانگی ڕابردوو عەمەلی کرد و چکۆلەی کردووەتەوە، لە سایەی ڕەحمەتی خوداوەش بڕیک خوار بووە.
مام کەریم بزەیەک هاتە سەر لێوی و گوتی:
– بەزمی بووک و خەسوو قەت تەواو نابێ
پاشان پێکەنی. زێنەب گوتی:


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– ئەرێوەڵڵا رۆژ نییە شەڕمان نەبێ. منیش پشتم قایم نییە، مەگەر تۆ بێیەوە ببیە پشتیوانم.
کەماڵ پێکەنی و گوتی:
- مام کەریم بەو ئاخری تەمەنە, دایە دەیەوێ خۆت تەسلیم بکەیەوە.
ماشێنەکە گەیشتبووە بەرانبەر فێرگە. مام کەریم چاوی لە گۆڕستانی شەهیدانی پشت فێرگە بڕی و گوتی
– زێنەب نەکا بە تەمابی بمبەیەوە؟
هێمن لە سەر کۆشی نەنکی وەرسووڕا و گوتی
– باباغا باوکم دەڵێ تۆ سەرپەلی، سەرپەل چیە؟
کەماڵ بزەیەکی هاتە سەر لیو و مام کەریم بزەکەی دیت و لە دڵی گران هات وگوتی
– کوڕم ئەوە قسەی سی ساڵ لەوەپێشە باوکت بۆ تۆی باس کردووە.
لە گەڵ گەیشتنە بەردەرکەی قەڵا کاک عومەر لە قەڵا هاتە دەرێ. کەماڵ دابەزی و چاک وخۆشی لەگەڵ کرد.
– کاکە خێرە بەو جومعەیە لێرەی؟
– کەماڵ گیان بۆ کارێک هاتبوومە کومیتەی ئەمنییەت ئەوە دەگەڕێمەوە ئازادی.
– دەی ڕاوەستە با ماڵی مام کەریم دابەزێنم دەتگەیەنمەوە.
کاک عومەر بەرەو پیری مام کەریم رۆیشت.
– چاو و دڵت روون. ئەی ئەوە براله بۆ هێناوتن بۆ قەڵایە؟
– زۆر سپاس کاک عومەر گیان. با ئەو شەو لە ژوورەکەی من بن. سبەی دەچینە ماڵی دۆستێکی وەک ئێوە.
– کوڕە چۆن دێڵم شتی وا بکەی. بۆ ماڵی ئێمە ماڵی کێیە. جا چۆن بەسەر ماڵی برای خۆت دا دەچیە ماڵی خەڵکی.
– ماڵت هەزار جار ئاوەدان بێ. ئەو شەو پێم خۆشە بە خۆمان بین. سبەی ئینشائەڵڵا دێین.
– دەی زۆر باشە هەر چۆنێکتان پێ مەسڵەحەتە وابکەن کەوایە بۆ سبەی چاوەڕێتانین.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە کاک عومەر و کەماڵ سواری ماشێنەکە بوون و دوور کەوتنەوە. ئەوانیش دەستیان دا ساکەکانیان و لە دەرکە چکۆلەکەی قەڵاوە هاتنە ژوورێ. مام سەدیق نیگابان بوو.

– ئەمانە کێن لە تەک خۆتا هاوردوتن؟

– ئەوانە خانەوادەکەمن.

– بەخێربێن، ئەمما کاک چەکۆ پێمی وتووە نابێ هیچ خانەوادەیەک شەو لە قەڵا بمێنێ.

مام کەریم لەپڕ هەڵچوو و بێ ئەوەی بزانێ کێی لێیە و چ دەڵێ گوتی

– بێ جێ دەکات هەرکەس نەهێڵێ ئێمە بچینە ژوورێ. جا کێ دەگرێتەوە با بیگرێتەوە.

– ئەوە چ ئێژی؟ جنێوت بە کاک چەکۆدا؟

بە دەنگە دەنگی مام کەریم و مام سەدیق، سەلاح و ئەسعەد لە ژووری پرسگە دەرپەڕینە دەرێ. سەلاح گوتی

– ئەو دەنگە دەنگە چیە؟

– کوڕە ئەوە هاتووە دەڵێ کاک چەکۆ گوتویەتی خانەوادە نابێ لە قەڵا بمێننەوە.

– نا بابەماڵی خۆتانە، چاو و دڵتان روون. ئەو قسەیە چیە. وەرنە ژوورێ نێوتان دەنووسم و بچنە سەرێ

مام سەدیق توڕە بوو.

– ئەوە لە سەر مەسئولیەت خۆتە. کاک چەکو وتوویە نابێ هیچ خێزانێک شەو لە قەڵا بمێنێ.

سەلاح گوتی:

– مام سەدیق ئەو بڕیارە بۆ پێشمەرگەی سەڵتە، بۆ ئەوەی شتی دیکە نەیەتە پێشێ. بە خۆم لەگەڵ کاک چەکۆ قسە دەکەم. برا سبەی تۆش خزم و کەست دێ ئەوە بۆ وادەکەی؟

– من؟ وەڵڵا لە خوا بەزیاد بێ سەرم سووکە.

پاشان پشتی لەوان کرد و بە قەدەم لێدان بەرەو ناوەندی قەڵا وەرێ کەوت و لەوان دوور کەوتەوە. ڕەحمان بە سەرسووڕمانەوە سەیری دوورکەتنەوەی مام سەدیقی کرد. هێمن بە دیتینی قەڵا شاگەشکە ببوو. لە خۆشیان حەجمینی نەمابوو. هەزارویەک


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرسیاری بۆ دروست ببوو. کە لە پرسگەی قەڵا نێویان نووسین. لە پێپلیکانەکان وەسەر دەکەوتن. ئەسعەد بانگی مام کەریمی کرد وگوتی:
— مام کەریم زوو نەچی نانی نیوەڕۆ تەواو دەبێ.
مام کەریم گوتی باشە ئێستا قابڵەمەیەک دەبەم ودەچم وەری دەگرم.
زێنەب و مام کەریم لە پێشەوە دەرۆیشتن و ڕەحمان و شیرین و هێمنیش لە پشتەوەیان دەهاتن. هێمن بە دەنگە دەنگەوە پرسیاری لە دایک و باوکی دەکرد. زێنەب بە سرتە بە مام کەریمی گوت ئەوان با بچنە ژووری، من تا ئاودەست بەرە تەنگاوم.
مام کەریم دەرکەی ژوورەکەی بۆ کردنەوە. کۆلێرێکی ئاوی بچووکی کۆن لە پێش دەرکە دانرابوو. شیرین و ڕەحمان بە سەرسووڕمانەوە دیتیان تەنیا نیوەی ژوورەکە موکێت ڕاخستراوە. تەختێک لە سووچێکی دانراوە. ڕەختاوێژێک بە دیوارەکەوەیە کە یەک دوو دەستی جلوبەرگی پێوە هەڵواسراوە و چەک و ڕەختێکیش لە گۆشەیەکی دیوارەکە دانراوە. یەک دوو قاپ وقاچاخ و پکنیکێک لە بەشە رووتەکەی ئەرزە سیمانەکە دانراوە. ماڵی مام کەریم هەر ئەوەندە بوو. ڕەحمان کەوشەکانی داکەند و چوو لەسەر تەختەکە دانیشت، شیرین هەروا لە شۆکی دیتنی ئەو ژوورەدا مابۆوە و نەیدەزانی چ بکات و لە کوێ دانیشێ. پاش ماوەیەکی کورت کەوشی خۆی و هێمنی داکەند و چووە سەر موکێتەکە و لەسەر ئەرزە ڕەق و تەقەکە دانیشت و لاقی ڕاکێشا.
مام کەریم لە گەڵ زێنەب بەرەو یەکێک لە قەوسەکانی قەڵا وەڕێ کەوتن. تا زیاتر دەرۆیشتن تاریکتر دەبوو. زێنەب گوتی:
— جا ئەوە بە رۆژ ئاوایە شەوێ چۆنە؟ بە خاتری خودا، من شەوانە دەبێ سەد جار بچمە ئاودەست، چرتکە میزەم هەیە.
— شەوانە تا سەعات دوازدە برق هەیە. پاشان کە برق دەڕوا چراقووەمان هەیە، بە خۆشم لە گەڵت دێم خەمت نەبێ.
مام کەریم لەو تاریکییەدا دەستێکی بۆ سمتی زێنەب برد. زێنەب یەک بە خۆی هەڵبەزێیەوە و دەرپەڕی. مام کەریم قاقا پێکەنی. زێنەب ئاوڕی داوە و چمۆڵەیەکی لێنا و بە پێکەنینەوە گوتی: حەک عەمرت نەمێنێ.
کە هاتنەوە ژوورێ، مام کەریم دەستی دا قابڵەمەیەکی گەورە و بەرەو ساڵۆنی نان خواردنی قەڵا وەڕێکەوت. نزیک هێزی سامرەند ئەسعەدی پرسگەی دیت کە لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سالۆن دەگەڕایەوە. ئەسعەد گوتی:
— مام کەریم شەوێ من و سەلاح دەچینە پەل دەخەوین. بەشێکتان وەرنە ژوورەکەی ئێمە بخەون، بەڵام تکایە کەس نەزانێ، چونکە کومیتەی ئەمنییەت بزانن لێپێچینەوەمان لە گەڵ دەکەن.
— باشە دەستتان خۆش بێ.
گەیشتە بەر دەرکەی سالۆن دیتی هێشتا خەڵکێکی زۆر بۆ چوونە ژووریَ لە نۆرەدان و بەشێکیش خەریکی نان خواردنن.
لە پشت دوایین کەسەوە ڕاوەستا. پاش کەمێک مام سەرهەنگیش هات و لە پشت ئەوەوە وەک بێ ئەستێرەترین سەرهەنگی دنیا ڕاوەستا. دوو دەقەیەک تێپەڕی سەرهەنگ لە کەلەکەی کوتا.
— بیستوومە خێزانت هاتووە
— وایە
چاوێکی لە سەرهەنگ کرد. سەرهەنگ دەتکوت خێزانی ئەو هاتووە. بزەیەک لە سەر لیوی بوو و ڕدێنیشی شەش تیغ تاشیبوو.
— ئەو شەو دێم سەرێکتان لێ دەدەم.
— ئەو شەو میوانەکانم ماندوون سەرهەنگ سبەی شەوێ وەرە.
— بووکەکەشت هاتووە؟
— بەڵێ بووکەکەم و کوڕەکەم و نەوەکەم.
— گوتت کەنگێ بێم؟
— پێت دەڵێمەوە باشە.
— دەی باشە دەڵێم خیزانت و وان هاتوون عەیبیشە درەنگ بێم.
مام کەریم چیدیکە جوابی مام سەرهەنگی نەداوە و پشتی تێدەکرد و بەدوای خەڵکەکەدا ڕۆیشتە ژوورێ. گەیشتە پێش پەنجەرەکە. قابڵەمەکەی دانا و گوتی شاڵی بەشی پێنج کەسم بۆ تێکە. شاڵی گوتی:
— دەبێ نامە لە ئۆرگانەوە بێنی.
— کوڕە قسەی بێ مانا مەکە بەو جومعەیە نامەت لە کوێ بۆ بێنم. تێیکە دوایە نامەت بۆ دێنم.
شاڵی برینجەکەی تێکرد و دوایەش پێنج لەتە ڕانی مریشکی لە سەر دانا. پێش


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی مام کەریم بچێ دەست بداتە دە نان و بڕوا. شاڵی دیسان بانگی کرد.
— کەریم
— چیە؟
— گوێت بێنە شتێکت پێ دەڵێم.
سەری بردە پێشێ و شاڵیش خۆی کێشایە دەرێ و دەمی بە گوێچکەیەوە نا.
— هەر ئەو شەوت دەرفەتە ژنەکەت خۆشی بۆ نەگوزەرێ لە کنت نامێنێتەوە ها.
لێم حاڵی چ دەڵێم؟
مام کەریم پێکەنی و گوتی:
— ئا ئا دەزانم.
کە هاتە دەرێ لە ڕێگا دەستێکی بە ڕدێنی داهێنا و بیری لەوە کردەوە دوای نەهار حەمام بکا و برێک خۆی تیفتیفە بدات.
پاش حەمام ئەو مرادخانییەی کە زێنەب هێنابووی لەبەر کرد، بۆی فش و درێژ بوو. زێنەب ئەوی چۆن لە بیرمابوو؟ پیاوێکی بەخۆوەی، باڵا بەرز، بەڵام ئێستا ئەو کز و کووڕ ببۆوە. هەرچەند ڕدێنی وا تاشیبوو لە دوورەوە بریسقەی دەهات، بەڵام لە راستیدا پیرەپیاوێکی چەماوە و بێ تاقەت بوو.
نیوەڕۆ تا گۆڕستانی شەهیدانی پشتی فێرگەی بردن و هەوڵی دا باسی شەهیدەکانیان بۆ بکات، بەڵام شیرین و ڕەحمان هەر تەقەی سەریان دەهات و تەواو لە دنیایەکی دیکەدا بوون. هێمنیش هەر لاسای دەکردەوە و هەرچی ئەو دەیکوت دەیکوتەوە و بە خۆی وەک یارییەک خۆی پێوە خافڵاندبوو. مام کەریم دەیەویست ئەوەی لە سەر شۆڕشی دەزانێ بەو چەند سەعاتە لە مێشکیان ئاخنێ. لای ئێوارە هەستی کرد. ناتوانێ و هەوڵێکی بێ سوودە. ڕەحمان دڵی هەر لەلای دوکانەکەی بوو و شیرینیش ئەوەندەی لە فکری پێست و لووتیدا بوو فکری لە هیچی دیکە نەدەکردەوە.
مام کەریم وردە وردە لە کوڵ باسی شۆڕش بۆوە و لە گەڕانەوەیان بەرەو قەڵا دا خۆی لە زێنەب نزیک کردەوە و ویستی بزانێ، ئاخۆ دەمێنێتەوە، یان نا. زێنەب منگەیەکی کرد و هیچی لێ روون نەکردەوە. ئێوارێ لە قەڵا خەیار و ماستیان دەدا و مام کەریمان شەرمەزاری میوانەکانی کرد. ناچار هێلکەورۆنی بۆ دروست کردن. ئاخرییەکانی شەوێ، سەلاح لە دەرکەی دا و کلیلی ژوورەکەیانی بۆ هێنان، بەڵام


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناڕاستەوخۆ حاڵی کردنن بەیانی زوو دەبێ ژوورەکەیان بدەنەوە. سەعات یازدە مام کەریم گوتی ئەمن و زێنەب دەچینە خوارێ و ئێوەش لێرە بخەون.
کە دوو بە دوو مانەوە. مام کەریم نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکات. قسەی بیست و پێنج ساڵ دوری چۆن بە شەوێک دەگێڕدرێتەوە. زێنەبیش هەمیشە پێی وابوو جارێکی دیکە کەریم ببینێتەوە دەبێ چەندەی قسە بۆ گوتن پێبێ، کەچی ئەم شەو هەستی بە غەریبیەکی قووڵ دەکرد و پێی وابوو هیچ قسەیەکی بۆ ئەو کابرایە پێ نییە. وەک دوو کەسی بێگانە لە تەنیشتی یەکتر ڕاکشابوون.
مام کەریم قسەکەی شاڵی لە مێشکیدا هەر دەهات و دەچوو، بەڵام خۆ دەبێ زێنەیش شتێک بکا، شتێک بڵێ. خۆ کەڵەباب نییە هەروا پێیدا بفسێ. مام کەریم چووە سەر شانی چەپە وبڕێک خۆی لە زێنەب نزیک کردەوە. زێنەب هەست و خوستی لە خۆی بڕی. مام کەریم خۆی پێوە نووساند و لە باوەشی کرد. هێدی هێدی زێنەب هەستێکی ون بوو لە ناخیدا چەقەرەی کرد. هێواش شەرمی وەلا نا. مام کەریم هەروا لە بن گوێچکەی دەستی بە قسەی دڵدارانە کرد و بە دەست و بە لێویش هەوڵی دەدا دۆخەکە ئامادە بکات. کاتێک هەستی کرد زێنەب خەریکە بەڕوویدا بکرێتەوە. لە نەبوونی هیچ هەستێک لە جەستەی خۆیدا تاسا. سەرەتا بە دزییەوە و پاشان بە ئاشکرا خەریکی خۆی بوو. بەڵام لەشێکی ساردوسڕ. پیاوە نووستووەکە نەیدەویست لە خەو هەستێ.
زێنەب پاش ماوەیەک چاوەڕوانی پەتووەکەی بەسەری خۆیدادا و خەوت، یان بەڕواڵەت خەوت. مام کەریم وەک دیواری رووخاوی خانوویەکی شوێنەوار خۆی دەهاتە پێش چاو. شەرم و هەست بە تاوان کردن سڕی کردبوو. بە ناچار هەستا سەرپێ و لە ژوورێ وەدەرکەوت و لە نێو حەساری قەڵادا دەستی بە قەدەم لێدان کرد. کاتێک کە برق رۆیشت و قەڵا نووقمی تاریکی بوو. تازە وەبیری هاتەوە کە ژوورەکانی قەڵا لە بێ موبەڕیدەبیدا دەبنە جەهەنەم. گەڕاوە ژوورێ و لەگەڵ زێنەب دەستیان دا چوار پەتوو و چوون بە شوێن ڕەحمان و واندا وهەموو پێکەوە چوونە سەربانی قەڵا.
زۆر زوو گەرما و مێشوولە فشاری بۆ هێنان. هێمن لەتاوان خەوی لێ نەدەکەوت. پاش کەمێک گوێیان لێ بوو دوو کەس لەولاوە پێکەوە قسەیان دەکرد و باسی دووپشکیان دەکرد. ژنەکان لە ترسان خەریک بوو بەو شەوە هەستن بڕۆنەوە ئێران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مام کەریم هەزار سوێندی بۆ خواردن کە سەربان دوو پشکی لێ نییە. تا بەیانی کەسیان نەنووست. زێنەب ئەو شەوە پێنج جار، هەر جارەی لەگەڵ مام کەریم و ڕەحمان و بە چراقووەوە بە نێو لەشکری خەوتووەکانی سەربانی قەڵادا چووە ئاودەست و هەموو جارێ لە شەرمان وەختابوو ببێتە قەترەیەکی ئاو و بە عەرزیدا رۆچیتە خوارێ. شیرین و ڕەحمان لە بن یەکتر هەر سرت وخورتیان بوو. تا وای لێهات ڕەحمان بە ئاشکرا نارەزایەتی دەربڕی.

– باشە بابە تۆ بە سی ساڵان ئەوە چ وەزعێکی ژیانە هەتە؟

زێنەب هەوڵی دا بێ دەنگی بکات

– وست بە کوڕە.

مام کەریم گوتی:

– ئەی دوێنێ ئەو هەموو قسەیەم لە سەر شۆڕشی کورد بۆ کردی بۆ چ بوو؟ ناکا بەو گوێچکەیەت دا چووبێتە ژوورێ و بە گوێچکەکەی دیکەت دا رۆیشتبێتە دەرێ؟

شیرین گوتی:

– وەڵڵا مامە پێت ناخۆش نەبێ، بەڵام مامە ئێمە بەیانی دەڕۆینەوە.

زێنەب گوتی:

– ئەی ڕۆ چۆن شەوێک لێرە بین؟ بزانن ئابڕوومان نابەن.

ڕەحمان گوتی:

– دایە پێت خۆشە تۆ لێرە بمێنەوە.

مام کەریم چاوی لە زێنەب کرد. زێنەب بۆڵەیەکی کرد و سەری داخست.

بەیانی هەموو بەچاوی خەواڵوو و ماندوو خۆیان کۆ کردەوە. ئەوان گوتیان دەڕۆینەوە ومام کەریمیش نەیگوت بمێننەوە. تا کۆیە لە گەڵیان چوو. لە گەراجی کۆیە سواری ماشینی کردن و ئەوەندە پووڵەی لە گیرفانیدا بوو کردیە مستی شۆفیرەکەوە. ماشێنەکە بەرەو سلێمانی وەرێکەوت. هەستی کرد بارێکی قورس لە سەر شانی لاچووە، تەنانەت دینارێکی پێ نەمابوو سواری تاکسی بێ و تا قەڵا بگەڕێتەوە. بە ناچار ملی رێگای گرتەبەر و ورده ورده بە پێیان بەرەو قەڵا گەڕایەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دیوار

نەسرینی پورت خوداگیر بێ، دانەنیشت. کاکم گوتی: مادام خوشکی ئەو دانانیشێ منیش خوشکی خۆمی لێ دەستێنمەوە. هەرچی گریام و پاڕامەوە کەس گوێی لێ نەگرتم. بە چلەی زستانێ هاتن و منیان هێناوە ماڵی باوکم. کاکم گوتی: تووتکی ئەوانمان ناوێ.

دوایین دیمەنیك کە لە تۆم لە یادە قامکت خستبووە نێو دمتەوە و دەتمژی. بیست و پێنج ساڵە ئەو وێنەیە لە پێش چاومە. لە پاش ئەوەی باوکت تەڵاقی دام و مێردم بە حاجی کرد، خوا سێ منداڵی دیکەی دامێ، بەڵام هیچیان جێی تۆیان پڕ نەکردەوە.

حاجی قەت نەیهێشت بتبینم. پاش بیست وپێنج ساڵیش کە زانی تۆ دێی گوتی: دەچم بۆ سەفەر.

نەشچوو بۆ سەفەر و هەر لە نێو دێیە. شەوانە دەچێتە ماڵی براکەی و بە رۆژیش لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە سەربانی ماڵی خوشکی دادەنیشێ و چاو دەبڕێتە ماڵی خۆمان و چاوەڕێی رۆیشتنی تۆیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەمەدانی بەتاڵ[٧]

بووکەکەی سەیدباپیر، کوبرا، تەنانەت نەیهێشت بۆ ناشتنەکەشیماڵی سەید ڕەحمان بێنە گۆڕستان. تا ئەو ڕۆژە چەندین جار ڕدێن سپی و پیاوماقووڵیان ناردە کنی هەمووی جواب کردن.

پاش گەڕانەوەیان کوبڕا، کوبڕاکەی جاران نەبوو. سەید باپیر هەر لەبن خێوەتەکانی سەر سنوور چاوەکانی سپی بوون و دنیای بە تاریکی دیت. بنەماڵەکان بۆ دۆخی سەید باپیر بە پەرۆش بوون و بێ دەسەڵات. پیاوە دەمامک دارەکان بە نێو خەڵکەکەدا دەسووڕانەوە و هەڕەشە و گوڕەشەیان بەردەوام بوو.

پاش مانگێک دورخستنەوە ڕۆژێک بنەماڵەکانیان کۆ کردەوە و پێیان ڕاگەیاندن کە وەبەر بەزەیی نیزام کەوتوون، دەنا تا کاتێک کوڕەکانیان نەگەڕێنەوە نەیاندەهێشت چاویان بە شارەکانی خۆیان بکەوێتەوە. کەسوکاری بنەماڵەکان هەموو ڕۆژێ دەچوونە بەردەرکە ڕەشەکان و داوای گەڕانەوەی خزمەکانیان دەکرد. سەید باپیر دڵنیا بوو ڕەحمانی برای هەموو ڕۆژێ لە گەڵ منداڵەکانی دێنە بەر دەرکە ڕەشەکە و بەربینگیان پێ دەگرن و داوای گەڕانەوەیان دەکەن، بەڵام کاتێک گەڕانەوە و تەنانەت بۆ بەخێرهاتنەوەشیان نەهاتن، زانی کە لەو مانگەدا کەسیان بۆ جارێکیش نەچووەتە بەردەرکە ڕەشەکە.

لەو ڕۆژەوە سەید پشتی کووڕ بۆوە و نەیتوانی چیتر قیت ڕاوەستێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دراکولا

لەرزینی وردی دەستی هەست پێ دەکەم. بە هێمنی دەستی دەگوشم. دەمەوێ هەموو هەستمی لەو دەست گوشینەدا پێ بگەیەنم. پێکەوە بە قەراغ جۆگە ئاوەکەدا پیاسە دەکەین. سەری بەرداوەتەوە خوارێ. نازانم چاوی لە عەرزی بڕیوە، یان لە خەیاڵێکی دور دایە. زۆرم پێخۆشە بزانم بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام هیچ کات تازە ناتوانم بزانم بیر لە چی دەکاتەوە.

دەگەینە بەرانبەر شێرەی ئاوەکە. هەنگاوەکانی زۆر سڕ و لە سەرخۆن. لەوە خێراتر ناتوانێ بڕوا. سەری هەڵدێنێ و لە بن چاویلکەکەیەوە سەیرم دەکات. نیگای نامۆیە.

دەڵێم: منداڵ بووم. رۆژێک بەدوامدا هاتبووی بۆ قوتابخانە. لە بەرانبەر پارکی شار گوتم: با بچینە ئەوبەری شەقامەکە. تۆ گوتت: نا هەر لەم بەرەوە دەڕۆین. من لێت پاڕامەوە. تۆ گوتت: چاو لە لقی دارەکان بکە. ئەو هەموو باڵندەیە دەبینی؟ ئێستا بچینە ئەوبەر جیقنە بارانمان دەکەن. من دیسان پێداگریم کرد. تۆ گوتت: باشە بۆ بچینە ئەوبەر؟ گوتم: لەو لایە شتێکی ترسێنەری لێیە. تۆ پێکەنی و گوتت: ئەوەنێ من لە گەڵتم مەترسە. من گوتم: نا من بێرەدا نایەم. داهاتییەوە و توند لە باوەشت کردم و گوتت: مەترسە گوڵم مەترسە. من دەستم کرد بە گریان. گوتت: باشە باش دەچینە ئەوبەر، بەڵام دەبێ پێم بڵێی لە چی دەترسی؟ من گوتم: پۆستێرێکی ترسێنەر.

کە چووینە بن دارەکان. تۆ گوتت: ئێستا ئەو باڵندانە جیقنە بارانمان دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوتت: دەزانی جیقنە چیە؟ گووی باڵندە بە کوردی پێی دەڵێن جیقنە. سەیری ئەو نەردانە بکە هەمووی جیقنەیە.

من پێکەنیم و هیچم نەگوت. گوتت: باشە ئەو پۆستێرە ترسێنەرە کوا؟ من گوتم: لە کن شێرەی ئاوەکەیە. لەوبەری شەقام گەیشتینە ئێرە. هەوا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت خاڵێکی ڕەشم پێ نیشاندای گوتم ئەو پۆستێرە. من لەو پۆستێرە دەترسم. لە بیرت ماوە؟

- ...

سبەینێکەی دیسان من پاڕامەوە و گوتم: بەوێدا نارۆین. تۆ گوتت: ئەگەر لە گەڵم بێی، جایزەکەی دەتبەمە سۆپێرمارکێت و بە کەیفی خۆت شتێکت بۆ دەکڕم. من لە خۆشی سۆپێرمارکێت لە گەڵت هاتم. کە لە شێرەی ئاوەکە نزیک بووینەوە لە ترسان وەک مێوژووکە دەلەرزیم. گوتم: لەوە زیاتر نایەمە پێشێ. تۆ پێکەنی و گوتت: باشە تا ئێرەش هاتی هەر چاکە. لێرە ڕاوەستە من دەچم چاوی لێدەکەم. چوویە پێشێ و لە دیوارەکە ڕامای. پاش کەمێک دەستت درێژ کرد و پۆستێرەکەت لێ کردەوە و گرمۆڵەت کرد و گوتت: ها وەرە بە خۆت بیخە نێو ئەو سەتڵە زبڵەوە. من بە ترسەوە هاتم و پۆستێرە گرمۆڵە کراوەکەم لێ وەرگرتی. من هەستم دەکرد ئێستا دراکولاکە لە نێو پۆستێرەکەوە دێتە دەرێ و گازم لێ دەگرێ. بە هەڵاتن چووم و فڕێمدا نێو سەتڵەکەوە. پۆستێری شانۆی دراکولا بوو، بابە وەبیرت هاتەوە؟

دیسان سەیری شەپۆلی ئاوی نێو جۆگەکە دەکات.

- بابە هیچت وەبیر هاتەوە؟

- ...

- سەرمات دەبێ با بەرەو ماڵێ بڕۆینەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شەوی ئێعدام[٧]

(١)

تا ئەو جێیەی هێزی هەبوو سیم وقوولابەکەی فڕێدا نێو ئاوەکەوە و بەدیارییەوە ڕاوەستا. ئێوارەیەکی ساردی پاییزە و ئاو لەتەنکی داوە، بەڵام ڕاوە ماسی وەخت و بێ وەختی نییە. زیبی باڵتەکەی تا بن ملی هەڵدەکێشێ. لەگەڵ خشەی زیب هەڵکێشانەکە لە دوورەوە دەنگی قیژەی ژنێکی گوێ لێدەبێ. زۆر دڵنیا نییە. بە خۆی دەقەبڵێنێ گوێی زرینگاوەتەوە، بەڵام دوو دەقە دوایی دیسان ژنێک پڕ بەو ئێوارەیە دەقیژێنێ.

ترس و دڵەراوکە بۆ ساتێک سڕی دەکەن. شار وەک قەدیم نەماوە هەزار مۆعتاد و چەقۆکێش و لات و بەڕەڵای تێدایە. خودا دەزانێ بەو ئێوارەیە ئەو ژنە کێیە و بۆ هێناویانەتە ئێرە و چی لێدەکەن. بە من چی. نە پۆلیسم و نە موفەتیش. بەڵام ئەی ئەگەر بێ تاوانێک بێ؟ ئەی ئەگەر خزمی خۆم بێ؟ بە پەلە سیمەکە لە لقە دارێک دەهاڵێنێ و بەرەو نێو دارستانەکەی پشتە سەری وەڕێ دەکەوێ. دڵنیایە دەنگەکە لێرەوە هات.

بێ دەنگی باڵی بە سەر دارستاندا کێشاوە. دەنگی خشەی گەڵای بن لاقی تەنیا دەنگی ئێوارەیە. یەک دوو جار قشقەرەیەک دەقیڕێنێ. تا قووڵایی دارستان دەڕوا کەس دیار نییە. دەگەڕێتەوە. هەوا بەرەو تاریکان دەچێ. ڕەشایی کەسێکی لێ دیارە لە قەراخ چۆمەکەیە. بڕێک کووڕ بووەتەوە. شتێکی وەک مەلۆتکەی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باوشەوەیە. بۆ ساتێک ئاوڕ دەداتە دواوە و ئەو دەبینێ. ئەو وەک دارێکی ویشک هەڵاتووی لێ هاتووە. ڕوو دەکاتەوە چۆمەکە و لەپڕ تا دەتوانێ منداڵەکە فڕێ دەداتە نێو چۆمەکەوە. بەرەولای هەڵدێ. دەنەڕێنێ ئەوە چت کرد سەگی سەگباب. ژنە هەڵدێ. نازانێ بۆ کام لا بچێ منداڵەکە ڕزگار بکات، یان ژنەکە بگرێ. چاوێک لە چۆمەکە دەکات. ڕەش ڕەشە و بێ دەنگ و مەندە دەڵێی بەردێکیان تێهاویشتووە. هیچ دیار نییە. ناچار ڕوودەکاتەوە ژنەوە بە دوویدا هەڵدێ. بەرەو پردی تازە هەڵدێ. بەڵام بە زەحمەت دەڕوا و زوو دەگاتەوە سەری و لە پشتەوەڕا دەیگرێ و بۆ دواوەی دەکێشێ. ژنە پشتاوپشت دەکەوێ.

لەگەڵ کەوتنەکەی هاوار دەکات و دەموچاوی بە دەست دادەپۆشێ. لە سەرسەری ڕادەوەستێ، دەستەکانی لەو تاریکییەدا ڕەش ڕەشن دەزانێ خۆێناوییە. ئازای گیانی شەلاڵی خوێنە. وەک مێوژووەکە دەلەرزێ. بە هانکە هانک بە سەریدا دەگووڕێنێ دەستت لابە. دەست دەکات بە گریان و پاڕانەوە. دادێتەوە و مەچەکی دەگرێ و توند دەستی لادەبات. زۆر لەوە بێ هێزترە کە بتوانێ شتێک بکات. دەستی لە سەر دەموچاوی لادەچێ. لەوتاریکییەدا سەرنجی دەداتێ. ژنێکی تەمەن سی ساڵ زیاترە. ڕەش ئەسمەر و ڕەقەڵەیە. نایناسێ.

چاوە پڕ فرمێسکەکانی ترسیان لێ دەبارێ. بڕێک ئارام دەبێتەوە. لە پەنای دادەنیشێ. لە سەر ئەرزەکە خۆی گرمۆلە کردووە. دەڵێ کێی؟ ئەومنداڵەت بۆ فڕێدا؟ ژنەتیو بەو ئێوارەیە ئەو قەتڵە چ بوو کردت؟

(٢)

یەکەم پڕیشکەی باران موچڕکێکی ساردی پێدادێنێ. سەر هەڵدەبڕێ و چاو لە ئاسمان دەکات. هەورێکی ڕەش ئاسمانی داگرتووە. وردە وردە نێو دارستان تەواو تاریک دادێ. دەبێ زووتر بڕۆا. دەیەوێ ژنەکە هەستێنێتە سەر پێ. دەستی بۆ ڕادەدێرێ دەستی بگرێ. بۆ چەند چرکەیەک چاو دەبڕێتە دەستی. ئاخری بڕیار دەدا دەستی بگرێ. بە لەپی دەستی چەپی فرمێسکی سەر کوڵمەی دەسڕێ و دەستی ڕاستی درێژ دەکات و دەستی دەگرێت. دەستی دەڵێی سەهۆڵە. بێ هێز وسارد. تەکان لەخۆی دەدا هەستێ، بەڵام دیارە تاقەتی هەستانی نەماوە. دادێتەوە و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بن پیلی دەگرێ و هەڵیدەستێنێتە سەر پێ.

هەستاوەتە سەر پێ. پشتی کووڕ کردووەتەوە. باران توندتر دەبارێ. هێواش هێواش و بێ دەنگ وەڕێ دەکەون. بەرەو سیم و قولابەکەی دەڕۆن. تا دەگەنە ئەوێ چۆڕچۆڕ ئاوایان لێ دەچۆڕێ. باران لەچۆمەکە دەدا و سەرچۆمەکە بووەتە هەزاران نوقتەی کەم تەمەن. بایەکی سارد هەڵیکردووە. سیمەکە دەکێشێتە دەرێ. ماسییەک پێوە بووە. ماسی هەڵدەسوورێ و وردە شەپۆل دروست دەکات. دەیکێشێتە دەرێ. ماسییەکی گەورەیە. بە پەلە پەل شتەکانی کۆ دەکاتەوە. وەردەسووڕێ و چاو لە ژنەکە دەکات کە لە بن دارێک راوەستاوە و هەڵدەلەرزێ.

بەرەو جادەی سەرەکی وەرێ دەکەون. ماشێنەکەی لە سەر جادە ڕاگرتووە. دەرکەی پشتەوەی بۆ دەکاتەوە و سوار دەبێ. لە ئاوێنەکەوە چاوێکی لێدەکات. خۆی گرمۆڵە کردووە. پاش ماوەیەک تەواو ڕادەکشێ. باران بە خووڕەم دەبارێ. فلچەی شووشەکە بە زەحمەت فریا دەکەوێ ئاوەکان ڕامالێ. وەڕێ دەکەون. نزیک فەلەکەی فەرمانداری ڕایدەگرێ.

سەری وەردەسووڕێنێ لێی دەپرسێ

- بۆ کوێ بڕۆم؟

جواب ناداتەوە. دەستی دەگری و ڕایدەوەشێنێ. لە سەرخۆ چووە و تەوا بێهوش بووە. بە خۆی دەڵێ

- ئەی خودایە جامن ئێستا ئەوە بۆ کوێ بەرم.

(٣)

گۆێی داوەتە قادر دیلان و ئاگای لە دنیا نییە.

قژ کاڵی لێو ئاڵی ... هێندە بە ئەسپایی هاتووەتە ژوورێ تا نەکۆخی هەستی پێ نەکرد. بە قەستی کۆخی. خێرا هێدفۆنەکەی وەلانا و لەچکەکەی لە سەر کرد. قورسایی خۆی خستبووە سەر گۆچانەکەی. بە لەقەلەق بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشت. ماوەیەک لە بەرانبەر پەنجەرەکە ڕاوەستا. رووی وەرگێڕا

- دەتوانی وێنەکەی دایکت و کاک دوکتورم بۆ بێنی؟ لەمێژە نەمدیتووە پێم خۆشە چاوی لێ بکەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەستا سەر پێ و وێنەکەی لە کۆمۆدەکەدا دیتەوە و بۆی هێنا. بە کاوەخۆ هات و لە پەنای دانیشت. چاویلکەکەی لە گیرفانی کەواکەی دەرهێنا و لە چاوی کرد. ورد سەرنجی وێنەکەیدا، دەتگوت یەکەم جارە دەیبینێ.

- ئەو رۆژەی هاتە بۆکان فاتم لە خۆشیان باڵی گرتبوو. چاو لێبکە چۆن پێدەکەنێ. های دنیای بێ وەفا. تۆ پێت وایە کاک دوکتور دەستی خستووەتە سەر شانی فاتم و ئەو کچە، یان دەستی لە پشتەوەیە؟

چاوێک لە وێنەکە دەکات.

- دەستی لە پشتەوەیە.

- باشە ئەو کاک دوکتورە زانایە بۆ وای بە سەرهات؟ حەیف. جاران دەیان گوت دوکتور گوتوویەتی ئەم رێژیمە بیست و پێنج ساڵ دەوامی دەبێ. ئەی کوا؟

سەری لە سەر وێنەکە هەڵدێنێ. هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ.

- دایکت ساڵێك دوای ئەو وێنەیە رۆیشتە دەرێ.

- بابەحاجی دایکم کەنگێ لە گەڵ باوکم ئاشنا بوو؟

چاو لە چاوی دەکات. ترسێکی نامۆ لە چاویدا پنگی خواردووەتەوە.

- ژیان زۆر کورتترە لەوەی پێمان وایە. من ماویەکە تەواو هەست دەکەم مردن لێم نزیکە. دوێنێ شەوێ خەونم بە نەنکتەوە دیت.

چاویلکەکەی لە چاوی دەردێنێ و دەیخاتە گیرفانییەوە.

- ڕاستییەکان ناگۆڕدرین چ بیزانین و چ نەیزانین. بۆیە باشترە بیزانین. پیشتر زۆرم بۆ گێڕاویەتیەوە دایکتیان بە چەک ورەختەوە لە نێو شار گرت.

ویستیان ئێعدامی کەن. خۆم بە ئاو و ئاوردادا تا توانیم پێش بە ئێعدامەکەی بگرم. چەند جاران چوومە تاران. ئەوەدەم سەد هەزار تمەنم بەرتیل دا.

دەنگی دەلەرزێ. فرمێسکێک لە چاویدا قەتیس بووە.

- بابەحاجی زۆرت ئەو قسانە بۆ گێڕاومەتەوە. بۆ خۆت نارەحەت دەکەی مەیگێڕەوە.

- رەعنا گیان زۆر شت هەیە تۆ نایزانی. پێم وایە ئەمڕۆ وەختی هاتووە. ناچارم پێت بڵێم.

فاتم و ئەحمەد قەتیان زەماوەند نەکرد. فاتم لە زیندان بوو، ئەحمەد شەهید کرا.

- یانی هەر دەزگیران بوون؟

- نا تەنیا جیران بووین.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەوە دەڵێی چی بابەحاجی؟

- من چەند جار چوومە تاران ... ئەو شەوەی فاتمیان برد ئێعدامی کەن. لەبن پەتکی سێدارە رزگارم کرد. من ... من ... من نەمهێشت ئێعدامی کەن. ئەو کافرانە کچیان ئێعدام نەدەکرد. تۆ شوکور جحێڵی دەزانی دەڵێم چی. شەوی ئێعدام کچانیان لە پاسدارێک مارە دەکرد ...

سەری لە گێژەوە دێ.

- یانی چی بابە گیان یانی ...

- دوای هەشت مانگ بەریاندا. کە هاتە دەرێ. تووشی خەمۆکی ببوو. رۆژبە رۆژ لێی پیستر دەکرد. هەفتەیەک دوای ئەوەی تۆ لە دایک بووی. خۆی خنکاند . .

(٤)

بە دەنگی ویبری مۆبایلەکەی، وەخەبەر هات.

- ئەلۆ

- سەعات شەشی ئێوارێ وەرە چوارڕای سەنگینی. سەمەندێکی سپیم پێیە.

- زۆر باشە.

چاوێک لە سەعاتی مۆبایلەکەی دەکات. سەعات پێنجە. یەک سەعاتی کات ماوە. هەڵدەستێ و خۆی حازر دەکات. دیسان سەیری سەعاتەکە دەکات. هێشتا چل دەقەی ماوە. بێ ئۆقرەیە. ئاراوقارای لێ هەڵگیراوە. دەست دەداتە. ساکەکەی و وەرێ دەکەوێ.

سەعات پێنج و نیوە و ئەو لەوێیە. هەست دەکات دەقەکان وەک جیریان لێهاتووە و تا ئەبەد هەر خۆ دەکێشنەوە و درێژ دەبنەوە. شەقامەکە پڕە لە خەڵک و ماشێنێکی زۆر لە هاتوو چۆدان. لە پەنا دیواری خاکە چۆڵەکەی بەرانبەر دوکانی سەنگینی ڕاوەستاوە. چاوی لە سەرماشێنەکانە ئەسپی خەیاڵ دەیرفێنێ.

- تۆ تەنیا وێنەیەکیم بۆ بێنە. ئەوەی دیکەی لە سەر من.

- باشە دەتوانم بپرسم چۆنی دەکوژی؟

- زۆر پرسیار کردن باش نییە.

- من پوڵت پێدەدەم. حەقی خۆشمە بزانم چ دەکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- پێت دەڵێم، بەڵام ... بێجگە لە خۆت بە هەرکەسی دیکە بڵێی سیحرەکە بەتاڵ دەبێتەوە و کار ناکات.
- دڵنیابە مەگەر گۆڕ لێم ببیستێ خەلیفە ژن.
- وینەکەی لە سەر بووکەڵەیەکی پەڕۆ دادەنێم. دوعایەکە دەیخوێنم و فووی بە سەر دادەکەم. دەرزییەک لە سەر دڵی، یان لە نێو چاوانی دەچەقێنم. سێ ڕۆژی پێناچێ. کابرا دەکوژرێ.
بایەکی سارد هەڵیکردووە. هەردوو دەستی دەخاتە گیرفانی باڵتەکەیەوە. سەمەندێکی سپی دوورتر لەو ڕای دەگرێت. بە پەلە بۆلای دەچێت. تا دەگاتە کن سەمەندەکە کچێکی جحێڵ لێی دادەبەزێ و دەپەڕێتەوە ئەوبەری شەقام. هەنگاوەکانی شل دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بن دیواری خاکە بەتاڵەکە و دیسان چاوەڕوان ڕادەوەستێتەوە. هەورە ڕەشەکان ئاسمانیان تەنییوە. باران دەست پێ دەکات. دەچێتە ئەوبەری شەقامەکە و لە بن دیواری ئەپارتوومانێک ڕادەوەستێ. خەڵک لە ترسی تەڕبوون وەهەڵات هەڵات کەوتوون. لە کەمتر لە دوو دەقەدا شەقام چۆڵ دەبێ. تەنیا ماشێنە تەڕەکانن بە شەقامەکەدا تێدەپەڕن. چاوی دەقووچێنێ و گوێ هەڵدەخات. دەنگی خشەی تەگەری ماشێنەکان و وشە وشی با و دەنگی باران. بۆ چەند چرکەیەک چاوی ناکاتەوە. پاشان چاوێکی دیکە لە سەعاتەکەی دەکات. شەش و دە دەقەیە. نایات. بەرەو ماڵێ وەڕێ دەکەوێ. لە ترسی تەڕ بوون بن دیوار و بن دیوار دەڕوات. دەگاتەوە سەری کۆڵانی خۆیان. سەمەندێکی سپی لەوێ رایگرتووە. بەتەنیشتی دا تێدەپەڕێ. دەنگی کپی دەرکە کردنەوەی ماشێن دێ. ئاوڕ دەداتەوە، پیاوێکی کورتەباڵایە عەینەکێکی ڕەشی لە چاو دایە. بە دەست ئاماژەی پێدەکات کە بچێ بۆ لای.

(٥)

هاڵەکە شەش فەرشی سووری لێ ڕاخراوە. لە زۆربەی دیوارەکان وێنەی مزگەوت و کەعبە و ئایەتی قورئان هەڵواسراوە. خەلیفەژن لە قەراخ دیوارێک لە سەر بەرماڵێك دانیشتووە و پاڵی بە پشتییەکەوە داوە. پیرێژنێکی ڕەش ئەسمەری پەنجاوشەش ساڵەیە، لەچکەیەکی سپی بە سەریداداوە. تەزبێحێکی رەشی لەمل کردووە. لە چەند جێگای تەزبێحەکە بە دەرزیلەی زۆر چکۆلە زکرەکانی نیشانە کردووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەعنا لە ڕواڵەتی دایەخەلیفە ورد بووەتەوە و چووەتە نێو خەیاڵەوە. بە دەنگی خەلیفەژن ڕادەچڵەکێ.

- وێنەیت بۆ پەیدا دەبێ؟

- دایەخەلیفە بڕێک خراپ لە شتەکە تێگەیشتووی. ڕاستە ئەو کابرایە دەستدرێژی کردووەتە سەر دایکم، بەڵام هەرچی بێ ئەو باوکی منە.

- الله اکبر

ڕەعنا لە خەلیفەژن نزیکتر دەبێتەوە.

- من دەزانم بابە خەلیفە دەتوانێ هاوکاریم بکات. زۆربەی پاسدارەکانی ئەوکات دەناسێ.

خەلیفەژن بە بیستنی ئەم قسەیە بڕێک خۆی کۆ دەکاتەوە و بە مۆڕەوە لە ڕەعنا دەڕوانێ.

ڕەعنا زوو لە هەستی خەلیفەژن تێدەگات. قسەکە بادەداتەوە.

- من دەزانم بابە خەلیفە لە ئاوی شەو پارێز دەکات، بەڵام پیاوێکی دنیادیدەیە. ساردوگەرمی ڕۆژگاری چەشتووە. لە خەمی من تێدەگات.

دەستی خەلیفەژن دەگرێ و دادێتەوە و ماچی دەکات.

- دایەخەلیفە شەرت بێ بابەخەلیفە باوکمم بۆ ببینێتەوە منیش شیرنییەکی چاکی بدەمێ.

خەلیفەژن دوو سێ جار دەکۆخێ. دەستی لە نێو دەستی ڕەعنا رادەپسکێنێ.

- بابەخەلیفە پێویستی بە ماڵی دنیا نییە، ئەگەر پوولێکیش وەردەگرێ بۆ هەڵسووڕاندنی خانەقا و ئەو هەموو دەروێش و سۆفییەیە.

- دایەخەلیفە دەزانم. چەند بفەرموون دەیهێنمە خزمەتتان؟

- لە دەرێ چاوەڕێ بە با لەگەڵ بابەخەلیفە قسە بکەم، چی فەرموو ئاگادارتان دەکەمەوە.

ڕەعنا هەڵدەستێتە سەر پێ و لە دەرکەی هاڵەکەوە دەچێتە دەرێ. ژوورێکی سێ لە چوارە و دوو ژنە قەرەواشی هاوتەمەنی خەلیفەژن چاوەڕوان دانیشتوون. ڕەعنا بێ دەنگ لە پەنایان دادەنیشێ. ژنەکان باسی وەرگرتنی دوایین یارانەیان دەکەن و خۆیان لە یارانە و جێژنانەی نەورۆز خۆش کردووە. چارەگێک دوایە. زەنگی دیوی خەلیفەژن وەدەنگ دێ و یەکێک لە ژنەکان بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە خزمەت


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایەخەلیفە. چەند دەقە دواتر دیتە دەرێ و روو دەکاتە رەعنا و دەڵێ بابە خەلیفە فەرموویەتی - سبەینێ سەعات پێنج تەلەفوونی بۆ دەکەین و پێی دەڵێین چ بکات.

(٦)

لەو شەوەوەی بابەحاجی ڕاستییەکانی ژیانی دایک وبابی پێ کوتووە، هەست دەکات سەر دڵی خڕ بووەتەوە. جارناجار هێڵنجی دێ و سەری لە گێژەوە دێ، ئەگەر لە کچێنی خۆی دڵنیا نەبوایە، گومانی دووگیان بوونی لە خۆی دەکرد. جاری وایە ترسێک ڕوحی دادەگرێ، بەڵام زۆر زوو خۆی سەرکۆنە دەکات. باشە لە کێ؟

کابرا سواری ماشێنەکەی بووەوە. بە جۆرە دڵەڕاوکێیەکەوە لێی دەڕوانێ. باران نم نم دەبارێ. لەچکەکەی بە قژەکانییەوە نووساوە. لە بەرانبەر شووشەی تەنیشتی شۆفیر ڕاوەستاوە و چاوی لە کابرا بڕیوە. بەسەر ئاماژەی پێ دەکات بسووڕێتەوە و سوار بێ. ترسێکی نامۆ دەیهەژێنێ.

سوار دەبێ هەردووکیان بە بێ دەنگی چاویان بڕیوەتە فلچەی ماشێنەکە. لە بێ دەنگی ئەواندا دەنگی جیڕەی فلچەکە ئەشکەنجەی ڕوحیان دەدات. پاش ماوەیەک بێ دەنگی کابرا ڕوو وەردەسووڕێنێ و دەست دەکات بە قسە کردن. ئەو تەنیا سەیری لێوەکانی دەکات. لێوەکانی بە خێرایی دەور هەڵدەگرن. پاش ماوەیەک لە خێرایی دەکەون. شل دەبنەوە و رادەوەستن.

هەر ئەوەندە حاڵی بووە. کابرا ئادرەسی باوکی هێناوە، بەڵام لە بەرانبەر دە میلیۆن تمەندا حازرە بیداتێ. دەست دەخاتە نێوجانتاکەی و دەفتەری چەکەکەی دێنێتە دەرێ. دەینووسێ و ئیمزای دەکات. کابرا کاغەزێکی دەداتێ. ئەویش کووتە کاغەزێکی دەداتێ. دادەبەزێ و بەرەو ماڵێ وەڕێدەکەوێ، تەنانەت ناوێرێ چاو لە کاغەزەکە بکات و بزانێ باوکی خەڵکی کام شارە. ترسێکی نامۆ تێکەڵ بە هێڵنج دەبێ. لە قەراخ شەقامەکە لە سەر جۆگەلەی شەقامەکە دادێتەوە و دەڕشێتەوە و زەرداوێکی بۆگەنیو دێنێتەوە.

لە بەردەرکەی ماڵێ دەوێرێ چاوێک لە کاغەزەکە بکات. خۆڕەم ئاباد- بیمارستانی شەهید ڕەحیمی ... لە ترسی تەڕبوونی کاغەزەکە زوو گرمۆڵەی دەکات و دەیخاتە نێو گیرفانی مانتۆکەیەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەست بە زل بوونی زگی دەکات، تەنانەت بابەحاجیش بە مۆڕەوە چاوی لێدەکات. زگی بەقەت ژنێکی سێ مانگ دووگیانی لێهاتووە. نەخۆشخانەی بۆکان دەزگای سۆنۆگرافییەکەی تێکچووە، دایناوە یەکجاری لە خورەم ئاباد بچێتە سۆنۆگرافی. ترسی وەرهەم هەڵێنانی هەیە. بە بابەحاجیشی کوتووە.

- وەک چووری شیر پاکم.

تا گەیشتە خورەم ئاباد زگی بەرەو شەش مانگە دەچوو. پشووی زوو زوو سوار دەبێ. پشت ئێشە و لاق ئێشە بڕستی لێ بڕیوە.

بابەحاجی لەگەڵ نەبوایە وەزعی شڕ دەبوو. پیرە پیاوێک و ژنێکی دووگیان لە شەقامەکانی خورەم ئاباد دەسووڕێنەوە. وردە وردە نائومێدن لە دیتنەوەی. دەچنە هەرکوێ سۆراخی دەکەن لەوێ نەماوە و پێشتر لەوێ بووە. دوایین ئادرەس پارکێکە کە لەوێ دیتوویانە. مۆعتادە و پیرە و بێ ئەنوا. رەعنا هێشتا باش نازانێ بۆ دەیەوێ بیبینێ. لەوانەیە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا سەد کچیان لێ مارە کردبێ. زۆر جار بیر لەوە دەکاتەوە باشە ئەوە دیتیشت چ دەگۆڕدرێ؟ هەستێکی نامۆ لێخەی نابێتەوە و هەر بۆ پێشەوەی پەلکێش دەکات. تەوژمی خوێنە، یان تۆڵەیە بە خۆشی نازانێ. ئەو باپیرە فەقیرەشی بە دوای خۆیدا سەرگەردانی ئەو شەقامانە کردووە، کەچی ببینێ مۆعتادێک؟

حاجی وەک بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ بێ دەنگ وەدووی نەوەکەی کەوتووە و هیچ ناڵێ.

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت دەیبیننەوە. پشتی کوڕ بووەتەوە و لووتی خەریکە لە ئەرزی دەخشکێ. جلوبەرگێکی پیس و چڵکنی لە بەر دایە. چرچی نێوچاوانی سەرنجی رەعنا ڕادەکێشێ و چاوی لێهەڵناگرێ. بە تەنیشتی دا تێدەپەڕن. بابەحاجی دەیەوێ لێی بچێتە پێشێ. رەعنا توند دەستی دەکێشێ و دوری دەخاتەوە. گریانێکی پنگ خواردوو گەروویان دەگوشێ. پیرە هەر ئاگاشی لەو بەزمە نییە. سەری بەرداوەتەوە و لە سووچێکی پارک خۆی لە بەر تاوی بێ هێزی ئێوارەی پاییز هەڵخستووە.

زیاتر لە پازدە سەعاتە بەڕێوەن. هەردووکیان لە پەڕوپۆ کەوتوون. زگی رەعنا بەرەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەشت مانگان دەچێ. بابەحاجی قورساییەکی نامۆ کەوتووەتە سەر شانی. هەست بە بێ کەسی و تەنیاییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات. شەوێ لە تاوی ئازاری پشت و لاقی خەوی لێناکەوێ. بەرەبەری بەیانی بۆ نوێژی بەیانی لە جێ دێتە دەرێ. بە تەنیشت ژوورەکەی ڕەعنا داتێپەڕ دەبێ. بە سەرسووڕمانەوە دەبینێ. ڕەعنا لە نێو جێگاکەیدا نەماوە.

(٨)

لە نێومێشکیدا کوندێک هێلانەی چێ کردووە. جارناجارێک دەنگی دێ. جاری وایە نینۆکە درێژەکانی لە مێشکی دەگیرێنێ و جنچکێک لێدە کاتە وە. هەست دەکات مێشکی چۆڕچۆڕ خوێنی لێ دەتکێ، بە دندووکی شوێنێکی مێشکی هەڵدەکۆڵێ، هەڵیدەکۆڵێ تا دەگاتە کاسەڵەی مێشکی. ئێسکی سەری بە هەر جارە دندووک لێدانی کوندەکە تەقەی لێ هەڵدەستێ.

دەسووڕێتەوە. نازانێ دەبێ چ بکات. لە ژوورێ وەدەر دەکەوێ و دەچێتە حەسارێ. سەرمای بەیانی دەخزێتە نێو ئێسکەکانییەوە. چاوێک لە حەوشەکە دەکات. بە خۆی دەڵێ کاتی هاتووە. بەرەو حەمامە کۆنەکەی نێو حەوشە کە ئێستا کردوویانەتە عەمباری دەچێ و دەرکەکەی بە جیرە جیڕ دەکاتەوە. تەپوتۆز و تاریکی نێو حەمامەکە بۆ ساتێک ڕایدەگرێ. دەچێتە ژوورێ و پاش ماوەیەک بە پێمەڕەیەکی کۆنەوە دێتە دەرێ. دەچێتە ناوەندی باخچەی حەسارێ و سێ شەقاو بەرەو خانووەکە هەڵدێنێتەوە و ڕادەوەستێ. دیسان دەنگی کوندەکە کاسی دەکات. بە هەردوو دەستی کاسەڵەی سەری دەگرێ و دەیکوشێ. پێی خۆشە سەری بتەقێ و ڕزگاری بێت. بۆ چەند ساتێک هەڵدەترووشکێ. پاشان هەڵدەستێ و دەست دەکات بە ئەرزی هەڵکەندن. زۆر زوو گەرم دادێ و لەشی وەسەر ئارەقە هەڵدەکشێ. کاتژمێرێک زیاتره خەریکە بە هانکە هانک ئەرزی هەڵدەکەنێ. نووکی پێمەرەکە دەگاتە شتێکی ڕەق. دادێتەوە و بە لەپی دەستی گڵەکە لا دەدات. پاش هەوڵێکی زۆر یەخدانێکی ژەنگاوی قووپاو لە بن گڵ دێنێتە دەرێ. دادەنیشێ و پشتی پێوە دەنێ. بۆنی گڵی تەڕ حەساری داگرتووە. وەردەسووڕێ و هەڵدەستێتە سەر پێ و بە پێمەڕەکە وەردەگەرێتە سەر قفڵی یەخدانەکە و دەیشکێنێ. دەستەکانی بە لەرزە لەرز دەباتە پێشێ و دەرکەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەخدانەکە هەڵدەداتەوە. لەگەڵ هەڵدانەوەی دەرکی یەخدانەکە، وەک سۆبەیەک یەخدانەکە دەگرپێنێ و دووکەڵێکی ڕەش بە سەروچاوی حاجیدا دەکرێ. بە پەلە سەری دەکشێنێتەوە و واق ورماو لە نێو یەخدانەکە دەڕوانێ. پاش چەند چرکەیەک بەرچاوی ڕوون دەبێتەوە و کلاشینکۆفە لە پەڕۆ پێچراوەکەی و ئالبۆمەکەی دەبینێت. دەست درێژ دەکات و وەک دەست بۆ بۆمبێک بەرێ بە ئەسپایی دەست دەداتە ئالبۆمەکە و دەیهێنێتە دەرێ. یەخدانەکە وەک دێوێکی دەم داچەقیو لە پەنا گلکۆ بەتاڵەکەی بەجێ دەیڵێت و دەچێتەوە ژوورێ.

(٩)

حاجی یەکەم لاپەڕەی کە هەڵداوە وێنەی باوکی بابە گەورە — ڕەحمان ئاغا-بوو. بە خۆی و بیست سوار دەستەونەزەر لە خزمەت سەردار عەزیزخان ڕاوەستا بوون.

حاجی لە دەموچاوی ڕەحمان ئاغا خورد بووەوە. ڕەحمان ئاغا مۆڕەیەکی لێ کرد. حاجی بە دڵپڕییەوە دیسان سەیری باوکی بابە گەورەی کرد و لە بن لێویەوە ورتەیەکی کرد.

ڕەحمان ئاغا وەک ئاورت بە پووشەوە نابێ گڕی گرت و بە سەر حاجیدا ڕووخا.

- ئەوە ئەو بۆڵە بۆڵە چییە دەیکەی کوڕە؟ باپیرت پیاو نەبوو، بۆ جنێو بە من دەدەی.

- جنێو نادەم، بەڵام خۆزگە دنیا وای لێ نەدەهات ... بێکەس کووژیان کردین.

سوارەکان لە نێو حەوشەکە دا جیان نابێتەوە. ئیزن لە ڕەحمان ئاغا دەخوازن بچنە دەرێ ڕاوەستن. ڕەحمان ئاغا ئیزنیان دەدا و بە ریز لە بەردەرکە ڕادەوەستن. ڕەحمان ئاغا لە نێو حەسارەکە دا دێ و دەچێ. خەنجەرێکی دەبانی لە نێو پشتێنە گرێچنەکەی ناوە. کەواپانتۆڵێکی بۆری لە بەردایە. ریشی پاک پاک تاشیوە و سمێڵێکی ئەستووری ڕەشی هێشتووەتەوە. دیارە لە نێوەندی تەمەنییەتی و هێشتا زۆری ماوە بۆ بەشداری لە شەڕەکانی سەردەمی مەشرووتە. حاجی پیرە و تاقەتی مۆرە مۆڕی باوکی بابە گەورەی نەماوە. وەک هەمووی لە بەر بێ پێنج لاپەڕەی ئالبۆمەکە هەڵدەداتەوە و ڕێک دەچێتە سەر لاپەڕەی وێنەکانی فاتم.

لاپەڕەی وێنەکانی باپیر و باوک و مامەکان هەموویان وێکڕا دەنەڕێنن و هاواریان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـێ هەڵدەستێ.

فاتـم پشـتی کردووەتـە وێنەکـە. حاجی بانگـی دەکات. فاتـم ئـاوڕی لـێ ناداتـەوە. حاجی ژن تفێك لـە فاتم دەکات و دەڵێ — ئەمرت نەمێنێ وات لێهاتـووە جوابی باوکت نادەیـەوە.

فاتم دەڵێ — دایە تۆ ئـاگات لـە ڕەعنـا هەیـە چی بـە سـەر هاتـووە. باوکـم کەمتـەر خەمـی کـردووە. کچەکـەم ئاوارەی کـوچـە و کـۆڵان بـووە.

- چم لـە دەست هـات کـردم. پـاش بیستنی بـە سـەرهاتی تـۆ شـێت و هـار بـوو. خـۆی بـە دارودیـوار دادەدا. نازانم بـە دوای چییـەوە بـوو. هیچی بـە مـن نەدەگـوت. حەفتەیـەک لـەوە پێش خەلیفـە پەیامـی بـۆ ناردووم دەڵێ کچەکـەت بـە دووی نێـوی پاسدارێکەوەیە، ئیتلاعـات بزانـێ لـە شتێکی وا دەگـەڕێ بـێ سـەر و شـوێنی دەکـەن دەڵێی چی، چی بکـەم؟

ناچار بەخـۆم هەستاوم چوومەتـە کنـی. پولێکـم ئاخنییوەتـە نێـو گیرفانـی هـەر لەخـۆوە ئادرەسـی مۆعتادێکمان داوتـێ لـە خـوڕەم ئاباد. هەستاوم بـە ڕێشـی سپییـەوە لـە گـەڵـی تـا خـوڕەم ئاباد چـووم. دەی لـەوە زیاتـر چ بکـەم.

فاتـم بـە دەم گریانـەوە ڕوو وەردەگێڕێ و دەڵـێ — بـۆ نایبەیـە دوکتـور نابینـی وەرهەمـی هەڵناوە؟

- مـن نازانـم وەرهەمـە چیـە هـەر ئەوەنـدە دەزانـم بـە حەفتەیـەک وای لێهـات. دەی بـەم بیبینمـەوە دەیبـەم بـۆ نایبـەم.

- بابـە ئـەوەی بـە سـەر منتـان هێنـا بـا بەسـەر ئـەو کچۆڵەیـە نەیـەت. حاجـی لـە داخـی ئـەو قسـەیەی فاتـم بـەری چـاوی ڕەش دەبـێ. ئاڵبۆمەکـە دادەخـات. حاجـی ژن دەیەویست بڵـێ- ئەیـاڕۆ فاتـم بـۆ ئێمـە چمـان کـردووە، بـەڵام فریـا نەکـەوت. فاتمیـش هێشـتا تـەواو نـە چووبـووەوە جێـی خـۆی و خەریـک بـوو جێگای خـۆش دەکـرد. دەرکـەی لـە سـەر داخـرا.

(١٠)

چاو لـە دەموچاوی دەکات. دەموچاو باریـک و زەردەڵەیـە. بڕێـک لـە قژە زەردەکـەی لـە بـن لەچکەکەیـەوە هاتووەتـە دەرێ. لێـوی سپـی هەڵگـەڕاوە و ویشـک ویشـکە. دەستی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگرێ و بانگی دەکات.
- خانم، خانم هەستە ... تکایە هەستە. شا ئەو بەدبەختییەی تووشی خۆمم کرد. ئەوە کێیە؟ ئێستا من ئەوە بۆ کوێ بەرم.
لە پڕ جووڵەیەک دەکا و سەری هەڵدێنێ. دەست دەکات بە ڕشانەوە. خوێن دەڕشێتەوە. نێو ماشێنەکەی پڕ دەبێ لە خوێن. لە نێو خوێنەکە دا لەتە گۆشتی سپی چکۆلە چکۆلەی تێدایە. بۆنی خوێن کاسی دەکات.
قلْپ قلْپ خوێن دێنێتەوە. پاش کەمێک ڕشانەوەکەی ڕادەوەستێ. بە دەستە بێ هێزەکانی دەمی دەسڕێت و زۆر بێ هێزانە سەری هەڵدەبڕێ و سەیری دەکات.
- باشتری؟
مووەکانی ڕژاوەتە سەر دەموچاوی.
سەری تەکانێک دەدات وەک بییەوێ بلْێ باشترم.
- ماڵتان لە کوێیە؟ بتبەمە کوێ؟
- بمبە بۆ نەخۆشخانە.
- ئاخە ناڵێن ... ئەو ژنە لە کوێ منداڵی بووە. کوا مێردەکەی؟ کوا منداڵەکەی؟
- من هێشتا کچم.
نازانێ بلْێ چی.
دەڵێ — ئەی ئەو منداڵەی فڕێت دا نێو چۆمەکەوە منداڵی تۆ نەبوو؟
تاقەتی قسە کردنی نییە. زۆر لە خۆی دەکات.
دەڵێ- منداڵ نەبوو.
- ئەی چ بوو؟
- نازانم.
سەری بەر دەداتەوە و ڕادەکشێتەوە. ماشێنەکە هەڵدەکات و بەرەو نەخۆشخانە وەڕێ دەکەوێ.
- شومارە تەلەفوونی خزمەکانتم دەیە با زەنگیان بۆ لێدەم.
بە زەحمەت شومارەکەیانی پێ دەڵێ. زوو زەنگ لێدەدات. کەس وەڵام ناداتەوە. دیسان دەیگرێتەوە. پیرە پیاوێک وەڵام دەداتەوە زۆر بە کورتی هەموو بە سەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێ ئێستا خۆم دەگەیەنمە نەخۆشخانە.
لە بەردەرکەی نەخۆشخانە ماشێنەکە پارک دەکات و بە پەلە دادەبەزێ. دەرکەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پشتەوە دەکاتەوە.

- خانم هەستە با بتبەمە نەخۆشخانە.

وەڵام ناداتەوە. قۆڵی دەگرێ و رایدەوەشێنێ. لە جووڵە کەوتووە. سەری دەباتە ژووری و دەستی دەگرێ. دەستی سارد ساردە. مردووە. سامێکی سەیر دایدەگرێ. بە خێرایی دەستی بەردەدات. دەرکەی ماشێنەکە هەروا کراوەتەوە. پەرستارەکان دێن و تەرمەکەی دەبەنە ژووری. پاڵ بە ماشینەکەوە دەدات و چاوەڕێ دەمێنتەوە خزمەکانی بگەنێ. سیگارێک دادەگیرسێنێ. ماشێنەکان دێن و دەچن. بە پەلە ئامبولانسێک دێ و خێرا دەرکەی لێدەکەنەوە. دووکەڵی سیگارەکە بەرەو رەشایی ئاسمان هەڵدەکشێ. لامپی دارتێلەکان و رووناکایی چراکانی نەخۆشخانە ناهێڵن ئەستێرەکان ببینێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٧
# رادیۆ

وەبیرم نایە چەند وەختە لەنێو ئەم قەتارەداین. لە نێوەڕاستی من و دایکی دانیشتووە.

خۆی خزاندووەتە پەنام و سەری بە شانمەوە ناوە و رادیۆکەی بە سینگیەوە نووساندووە و ئارام خەوتووە. بە قسەی کابرای قاچاخچی بێ تا دو سەعاتی دیکە دەگەینە ستۆکهۆڵم. دوو ساکمان پێیە و رادیۆیەکی کۆن، دوو مانگە بە دوای خۆماندا رایاندەکێشین. ئەو سەفەرە لە پێی خستووین، بەڵام سمکۆ لە ئێمە ماندووترە. هێشتا بۆ تەمەنی ئەو سەفەری ئاوا قورسە. ئەمن لەو باوخۆشتریش بووم هەر پێم وابوو دنیا یانی گوندەکەی ئێمە. سەری خراپ داناوە و نەرمە پرخەیەك دەکات. سەری راست دەکەمەوە. دەستێك بە مووە نەرمەکانی سەری دادێنم. هەوڵ دەدەم بێ ئەوەی وەخەبەر بێ رادیۆکەی لێ وەربگرم، بەڵام توندتر بە خۆیەوە دەگوشێ و بە دەم خەوەوە بڵمە بڵمێك دەکات. سەیرێکی ساعەتی مۆبایلەکەم دەکەم. سەعات حەوت و دە دەقیقەی بەیانییە.

کوڕم سمکۆ هەڵناستی درەنگە ئێستا دەڵاڵەکان دێن. هێشتا قسەکەم تەواو نەبووە لە دەرکەیان دا. بە ناچاری دەچم دەرکە دەکەمەوە. سێ پیاون و پیکابێکیان لە بەر دەرکە راگرتووە. فەرموویان دەکەمە ژوورێ. سمکۆ هەروا خەوتووە. دیسان بانگی دەکەم پیاوەکان دەڵێن لێی گەڕێ با بخەوێ. بە نێو ماڵەکەدا دەسوورێنەوە و چاو بە کەلوپەلەکاندا دەخشێنن. پاشان دێنە سەر نرخ دانان.

- ئێ مامۆستا ئەو سەلاجەیە بە چەندە دەفرۆشی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- دوو وەرق.

- دەوەڵـڵا وەرە دوکانـی بـرای خـۆت سـەت قـات لـەوە باشـتر و گـەورەتـرت دەدەمـێ بـە وەرەقێـك.

- ئەی بە چەند باشە؟

- پەنجا هەزار هەقی خۆیەتی.

خوێنم ناگـەڕێ. وێـڕای ئـەوان بـە نێـو ماڵەکەدادێـم و دەچـم. وەك ئـەوان لـە شـتەکان خـورد دەبمـەوە. دەست دەدەمـە هەرکامێکیـان هـەزار بیـرەوەری ڕابـردووم لـێ زینـدوو دەبێتەوە. سـمکۆ بـە دەنگـی ئێمـە وەخەبـەر دێ. هـەروا لـە نێـو جێگاکەدایـە و سـەیرمان دەکات. دەلالـەکان خەریکـی سـەودا و معامەلـەن. مانـدوو بـووم. سـەرم لـە گێـژەوە دێ.

دەلاڵـەکان دێـن و دەچـن و سـمکۆش مـات مـات لـە سـەر جێوبانەکـەی دانیشـتووە و سـەیریان دەکات. قورسـایی هـەوای ژووری تـەواو هەسـت پێدەکـەم. چـاوم بـە ددانـە زەردەکانـی کابرای دەلاڵ دەکـەوێ. هەست دەکـەم وردە وردە ددانـەکان زل دەبـن و لـە دەمـی دێنـە دەرێ. وردە وردە دەلاڵـەکان قەوارەیـان دەگـۆڕدرێ و لـە پێش چاوم دەبنـە ئەژدیهـا و دەلرفێنـن. ئاگـر لـە کونـە لـووت و دەمیانـەوە دێتـە دەرێ. ڕوو دەکەنـە هـەر جێگایـە دەیسـووتێن. تلویزیۆنەکەیـان سـووتاند، سـەلاجەکەش سـووتا، پـەردەکان گڕیـان گرتـووە و دەسووتێن. مـن و سـمکۆ بـە پەلـە پـەل دەست دەدەینـە رادیۆکـە و ناهێڵیـن ئاگـر بگـرێ

ژن و پیاوێکی پیری ئوروپایی لەوبـەرەوە دانیشـتوون. سـەری هەردووکیـان دەڵێی بەفری قەندیلـە. ڕاسـتەوخۆ سـەیرمان ناکـەن، بـەڵام هەسـت دەکـەم لـە ژێرچاودێریـان دایـن. جارناجارێك پێکەوە قسـەیەك دەکەن. لێیان دەترسم. هێشـتاش دەکرێ تووشـی گیروگرفتمان کـەن. دەمـەوێ چەنـد ڕۆژێك میوانـی ئەحمـەدی هاورێـم بیـن و دواتـر خۆمـان تەسـلیمی پۆلیـس بکەیـن. ژنـە پیرەکـە دەسـت بـۆ سـاکەکەی دەبـات، دەترسـم تەلەفـون بـۆ پۆلیـس بـکات. گیانـم وەسـەر ئارەقـە کەوتـووە. دەبـێ لـە یەکـەم وێسـتگە دابەزیـن و بـە قەتارێکـی دیکـە بڕۆیـن. وردە وردە سـمکۆ دەبـێ لـە خـەو هەسـتێنین. پیرێـژن پـاش چەنـد چرکەیـەك دەسـتی لـە سـاکەکەی دێنێتـە دەرێ. عەینەکێکـی ڕەشـی بەدەسـتەوەیە و لـە چـاوی دەکات. ئارەقەیەکـی سـارد بـە نێـو دەفـی شـانمدا دەخزێتـە خـوارێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕەمەزان

لە دەرکەیاندا. دەرکەم کردەوە. دوو پیاوی جیران لەبەر دەرکە ڕاوەستابوون. پاش چاک و خۆشی گوتیان: دەمانەوێ ئیفتاری ڕۆژی یەکشەمە هەموو پێکەوە نان بخۆین. دێن؟ گوتم: ئێستا بڵێم (بە ڕۆژوو نابم) تا دنیا دنیایە یەکیان مەرحەبام ناکات. ناچار گوتم: هەی مەبارەک بێ کوڕە چۆن نایەین؟ وەی بەسەرچاو. گوتیان: ئەگەر وایە سی لیرە وەرە خواری. دەی باشە فەرموو ئەوە سی لیرە.

یەکشەمە پێش بانگ چووینە ئەو جێگایەی گوتبوویان. هەموو جیرانەکان لەوێ بوون. کەس هیچی نەدەگوت و بێ دەنگ دانیشتبوون. لە تورکیە هەموو بەربانگێک تۆپ دەهاوێن. دەنگی تۆپەکە هات و بوو بە ڕفێن ڕفێن. یەکەم کەوچکم خوارد. ترش وتیژ و چەور. ئەویش نەک ئاسایی. کەوچکەکەم پڕ دەبوو لە ڕۆن. ئەی خودایە باشە ئێستا چۆن ئەوە بخۆم؟ گوتم: نەیخۆم دەڵێن بە ڕۆژوو نەبووە. ناچار ملم وەبەرنا. دەمزانی خۆکوشتنە، بەڵام تازە بە دندووک پێوە ببووم. وام دەخوارد و مرە مرم دەکرد، وەک ئەوەی زۆرم برسی بێ. لە نیوەی نانەکەدا بووین لە پڕ یەکیان گوتی: دەست رابگرن. دوعا دەکەین. دەی باشە.

دەستمان بۆ ئاسمان هەڵێنا. یەکیان دەستی کرد بە دوعای عەرەبی گوتن. دیاربوو خەڵکەکە هیچی لێی حاڵی نەدەبوون، چونکە کابرا دەیگوت: بیسمیلا هی ڕەحمانی رەحیم هەموو دەیانگوت: ئامیین. گوتم: بە خودای تەڕی لێ حاڵین. هەر پێنج سانییە جارێک هەموو دەیانگوت: ئامیین. ئاخری دوعاکانیش کابرا گوتی: ئەلفاتیحا. لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەرێوەڵلا ئەلفاتیحا. ئەوە فاتیحای مەعیدەی منە بەو خواردەنە جوانەتان ئەم شەو دەمکوژن. دەی باشە ئەڵفاتیحا. هێشتا بیسمیلام نەکردبوو، هەموو دەستیان بە ریشیاندا هێنا. یانی تەواو بووین. پێم سەیر بوو، باشە ئەوانە چۆن حەمد و قولهوئەڵڵاشیان خوێندەوە؟ نانمان تەواو کرد و هاتینەوە ماڵێ، تا بەری بەیانی لە جێدا جینگڵم دا. خودا دەزانێ چێشتەکە ببووە بەردێک و لە سەر دڵم لانەدەچوو. زوو زوو قرپی ڕۆنم دێناوە. السلام علیک یا شهره رمضان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنی نێومجری[7]

کاکم کە چووە ژووری پشتەوە بە ئەسپایی بە دوایدا ڕۆیشتم. دەمزانی بە دزییەوە خەریکی شتێکە و پێم نالێ. لە بن دیوارەی دیوەکە خۆم مات کرد. لە ئاوێنەی نێو ژوورەکەوە چاوم لە کاکم بوو. هێواش دەرکەی مجرییە تەنەکەکەی هەڵداوە و وێنەیەکی دەرهێنا. ماوەیەکی زوو لە وێنەکە ڕاما. پاشان دۆخینەکەی کردەوە و وێنەکەی لە سەر ئەرزی دانا و لە سەر چۆک دانیشت و دەستی بە دەستپەڕ لێدان کرد. من بە حاڵ وێنەکەم لێ دیار بوو. ژنێک لە سەر ئەنیشکی درێژ ببوو. هێشوویەکی ترێ بە دەستەوە بوو. هێشووەکەی لەسەر گیانی دانا بوو. برێک مووی ڕەش لە بن هێشووە ترێکەوە دیار بوون. کاکم بێ ترس لەوەیکە کەس لە ماڵێ نییە بە ئیشتیا وەهانکە هانک کەوتبوو. فلّقە فلّقی نێو دەستی لەو ژوورە بێ دەنگە دا دەنگی دەداوە. لەپڕ بەرەکەی هەڵداوە و خۆی لە سەر ئەرزەکە بەتاڵ کرد. پێش ئەوەی پاتۆڵەکەی هەڵکێشێ من هەڵاتمە کۆڵان و یەکسەر چوومە ماڵی قاسم. شەوێ لە نێو جێگادا هەموو فکر و زکرم ئەوە بوو کە هەموو خەویان لێ بکەوێ و من بچم چاو لە وێنەی ژنی نێو مجرییەکە بکەم. دەرکەی مجریم کە کردەوە هەرچی گەڕام وێنەکەم نەدیتەوە، دڵنیا بووم کاکم جێگاکەی گۆڕیوە. لە پڕ دەستێک لە سەر شانم دانرا. لەو تاریکییەدا وەختابوو زیڕە بکەم. بە زۆری پێش دەمم گرت و هاوارەکەم لە دەمم دا کپ کرد. ئاوڕم داوە ژنی نێو مجرییەکە لە پشت سەرم ڕاوەستابوو. زوو زانیم خەون دەبینم. هەستامە سەر پێ. سەرم بە حاڵ دەگەیشتە مەمکەکانی. دەستم برد و ویستم هێشووە ترێکە لابەم. بە چاو مۆڕەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ کردم. من پێم کوت ئەوە خەونە خۆ ڕاستی نییە. بێڵە بزانم چۆنە. کەچی ئەو دەستی ڕەق کردبوو نەیدەهێشت ترێکە لابەم. من تەواو ورووژا بووم. لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا و پڕم بە هێشووە ترێیەکەدا کرد. کە چاوم هەڵێنا. نێو ڕانم تەڕ تەڕ بوو. لە خۆشیان وەختابوو بفڕم. دەمزانی باڵغ بووم. قاسم دەیکوت من دەستپەڕ دەکەم ئاوم دێتەوە. منیش بە درۆ کوتبووم منیش وام. قەرارمان دانابوو ڕۆژێک پێکەوە دەستپەڕ بکەین بزانین کێ زووتر تەواو دەبێ. من هەر خۆم دەدزییەوە. لە جێگاکەم هەستام و لەسەر قوون دانیشتم. دیتم هەموو لە سەر سفرەی نانی بەیانی دانیشتوون و خەریکی نان خواردنن. مەلافەکەم لە سەر خۆم لادا و بە سەبرایەک کوتم بەیانیتان باش. دەنگم دەتکوت جیڕەی تەگەری فەرغوونە. بە خۆم لە دەنگی خۆم سڵەمیمەوە و سەرم داخست. باوکم کوتی هەی سندان شا ئەو دەنگەی دەڵێی گۆڵەکەری بەهارێیە. دا زوو حەمامی بۆ گەرم کەن بۆ ئەو نێرە کەرە. پاشان رووی کردە من و کوتی هەستە هەتیو بڕۆ غوسڵ لە خۆت دەرکە. کاکم و خۆشکەکانم بە دزییەوە و لە بن خۆیانەوە پێدەکەنین. من تەواوی گیانم گەرم داهاتبوو و لە شەرمان وەختابوو بچمە نێو ئەرزییەوە. نازانم چوون هەستامە سەر پێ و خۆم گەیاندە نێو حەمامەکەوە. پاش ماوەیەک کاکم هاتە پشت دەرکە و چۆنییەتی غوسڵ لە خۆ دەرکردنی فێر کردم. لە قسەکانی هیچ تێنەدەگەیشتم هەر بیرم لەوە دەکردەوە بڵێی ئێستا قاسم لە ماڵێ بێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کامێرامەن

ئەو چیرۆکە پێشکەشە بە شەهید سەلاحی نادری کە لە شەڕی قەرەسەقەل دا گیانی پاکی پێشکەشی نیشتمان کرد.

...

ماڵی ئێمە بەسەر شەڕگەکەدا دەڕوانێ. دایکم دەڵێ:

- رۆڵە بکشێوە دواوە، گوللەیەکی وێڵەکی دەتپێکێ

بەڵام من دەمەوێ چاو لێبکەم. جوابی نادەمەوە. پاسدارەکان لە پشتەوە ڕاوەستاون و جاشەکانیان وەپێش داوە. وردە وردە دەچنە پێشێ. لە پڕ کلاشینکۆفێک بەسەریاندا خوێندی. ئەوەندەی چاوم لێبوو چوار کەس کەوتن و ئەوانەی دیکە بە پەلە کشانە دواوە. چەند چرکە دواتر ماڵەکەیان گوللە باران کرد. لەوبەریشەوە جوابیان دانەوە. شریخە و ویزەی بیکەیسی و کەلاش تێکەڵی یەکتر بوون. دەنگی ئارپیجییەک دۆخەکەی شێواند. بیست دەقەیەک بێ دەنگی باڵی بەسەر دێدا کێشا. پاسدارەکان لەوبەری دێ تۆپەکانیان دامەزراند و ماڵەکەیان ئاگرباران کرد. لەگەڵ یەکەم ڕمبە، شووشەی ئەو پەنجەرەیەی لە بنی دانیشتووم خرمەی کرد و بەسەرمدا هاتە خوارێ. دایکم و باوکم لە ژێرخانەوە دەرپەڕینە دەرێ. وردە شووشە شپرزەی کردووم. باوکم زوو ویلچێرەکەی وەرسووڕاند و لە پەنجەرەکەی دوور خستمەوە. دایکم چاو بە فرمێسک وردە شووشەی لە گیانم دەردێنێ. لە نێو میشکمدا یەکێک توند فیتوو لێدەدا. کاس ببووم. تەنیا دەزانم پەشۆکاون. گوێم لە دەنگیان نییە. لە پڕ کپییەکەی گوێم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کراوە. گوتم:
- ئەوانە هاتوون تۆڵەی لاقە وەسەرمین پەڕیوەکەی من بستێننەوە.
باوکم پاڵی بە ویلچێرەکەوەنا و گوتی:
- باشە بیبینی و نەیبینی ئەوان تۆڵەت دەکەنەوە. وره بابڕۆینە خوارێ.
لەسەر پلیکانەکان لە باوەشم دەکات و سەبر سەبر دەمباتە خوارێ. لە نێوڕاستی پلیکانەکان توند لەباوەشم کرد و گوتم - :بابە دەمەوێ بیبینم.
چاوم لە چاوە فرمێسکاوییەکانی بڕی.
- تکایە
هێواش گوتی:
- باشە کچم ئێستا دەتبەمەوە سەرێ.
لەوانەیە پێش پاسدارەکان من دیتبێتم. لێنزی کامێراکە هێواش لە پەنجەرەکەوە هاتە دەرێ. پاش کەمێک تا ئەو جێگایەی دەکرا بەلای ڕاستدا سووڕا. سەیری پاسدارەکانم کرد. فەرماندەکان بە دوربینەکانیان شەڕگەیان لە ژێرچاودێریدا بوو. بە سەرسووڕمانەوە کامێراکەیان پێشان یەکتری دەدا. هەست بە جۆرێک شڵەژانیان دەکرا. ئەو وێنانە دەکرێ بەڵگەی ئەو تاوانە بن کە خەریکن بەڕێوەی دەبەن. ترسی ئابڕووچوون نێوچاوی فەرماندەکانی تەنیبوو. کامێراکەیان وەبەر دەستریژدا، بەڵام کامێراکە بە شێنەیی کشاوە دواوە. جاشێکی چوارشانە بن دیوار و بن دیوار دەیەویست لە پەنجەرەکان نزیک بێتەوە. لە کن پێشمەرگەکانەوە نەدیو بوو. لە خودا پاڕامەوە بینینن. لەپڕ لە خانووی بەرانبەرییەوە تەقەی لێکرا. منیش بە قەت جاشەکە لەو تەقەیە هەڵبەزیمەوە، چونکە منیش پێم وانەبوو لەو ماڵە پێشمەرگەی لێ بێ. جاشەکە گوللەیەک لە شانی درا. دەستی بە شانییەوە گرت وبە کووڕە کووڕ پاشەکشەی کرد. یەکێک لە فەرماندەکان، دەستی ڕاستی بردە سەرێ و لە گەڵ هێنانە خوارێی دەستی، لە سێ قۆڵەوە جاشەکان بەرەو خانووەکان چوونە پێشێ. لە گەڵ چوونە پێشیش، تەقەیان دەکرد. پێشمەرگەکان لە دوو پەنجەرەوە جوابیان دەدانەوە و تەقەیان لێ دەکردن. لە پڕ لە سەربانەوە کوڕێکی باڵابەرز هەستا سەرپێ و دەستریژێکی کردە نێو جاشەکانەوە و پاشان لە بن کولاوکەی سەربانەکە سەنگەری گرت. بەنێوقەدیەوە شتێکی ڕەشم دی، خۆی بوو. کامێرامەنەکە بوو کە سەنگەری لێ گرتبوون.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە دەستی باوکم لە سەر شانم ڕاچڵەکام. ئاوڕم داوە.

- بابە؟

- منیش دەمەوێ ببینم چۆن تۆڵەی لاقە پەڕیوەکانت دەکەنەوە.

دەست دەخەمە سەردەستی و دەستی دەگوشم. ئەویش وەک وەڵام دانەوەیەک بە دەستی شانم دەگوشێ و دادێتەوە و سەرم ماچ دەکات. پتر لە دە دەقەیە هیچ لایەک تەقە ناکەن. بێ دەنگی باڵی بەسەر ئاواییدا کێشاوە. بە چەشنێک ئەگەر کەسێکی نامۆ بە دۆخەکە بێرەدا تێپەڕێ بە زەحمەت بڕوا دەکات ئێرە گۆڕەپانی شەڕە. تەنیا کامێرامەنەکەیە بۆ چرکەیەکیش ڕانەوەستاوە و بەردەوام سیلە لە دیمەنەکان دەگرێ و وێنە دڵخوازەکانی کۆ دەکاتەوە. لەپڕ دەنگی بڵندگۆیەک بێ دەنگی دەشکێنێ. بە زمانی کوردی داوای خۆ بەدەستەوە دانیان لێ دەکات. چاو لە خاوەنی دەنگەکە دەگێڕم. دەیبینمەوە لە بن دارێک ڕاوەستاوە و قسەکانی دووپات دەکاتەوە. فیشەکێکی تێهەڵدەکەن. لە دارەکەی تەنیشتی دەدرێ. زوو خۆی خڕ دەکاتەوە و هەڵدێتە دواوە. تۆپباران دەست پێدەکاتەوە. لە گەڵ ڕمبەی هەر تۆپەی دارودیوار دەلەرزێتەوە. تۆپەکان پاش ماوەیەک بێ دەنگ دەبن و هێرش دەست پێدەکاتەوە. لە ناکاو پێشمەرگەیەک دەردەپەڕێتە دەرێ و دێتە نێوەڕاستی جاش و پاسدارەکان و دەست بە تەقە کردن دەکات. کامێرامەنەکە وەک لە بیری چووبێتەوە بە خۆشی لە مەترسیدایە هەڵدەستێتە سەرپێ و وێنەی ئەو دیمەنە تۆمار دەکات. هەر دووکیان گوللە باران دەکرێن. کامێرامەنەکە زوو سەنگەر دەگرێتەوە، بەڵام پێشمەرگەکەی نێو کۆڵانەکە دمەوڕوو دەکەوێ و جەستەی خەڵتانی خوێن دەبێ. باوکم یەک بە خۆی هاوار دەکات.

- خودایە هاوار

کامێرامەنەکە، کامێراکەی دادەنێ و بە تفەنگەکەی دەست بە تەقە کردن دەکات. لە پڕ ویزەی تۆپێک دێ و ڕێک لە سەنگەری کامێرامەنەکە دەکەوێ. تەپووتۆزەکە کە دەنیشێتەوە هەر دووکمان چاو بۆ کامێرامەنەکە دەگێڕین. کەس دیار نییە. سەربانەکە تێکڕووخاوە و بۆشاییەکی گەورە لە خانووەکەدا دروست بووە. لەگەڵ وەئەرزی کەوتنی تۆپەکە کامێراکە پەڕیبوو و لەسەر لقە دار گێلاسی پەنا دیوارەکە گیرسابۆوە. هەر دووکمان حەپەساو لەو دیمەنەمان دەڕوانی.

- بابە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ...

- چی بەسەرهات؟

- ...

پاش چەند چرکەیەک باوکم وەک لەخەوێکی ئاڵۆز ڕاچڵەکێ، جووڵەیەکی کرد وبە دەنگێکی ویشک کە دەتگوت لە بنی بیرێکەوە دێتەدەرێ گوتی:

- نابێ ئەو کامێرایە وەدەست ئەم سەگبابانە بکەوێ ...

- بابە مەڕۆ، دەکوژرێی.

- مەترسە کچم تەنیا ئەو کۆڵانەم زەحمەتە بتوانم بیەڕێمەوە، کامێراکەم هێناوە.

- باشە هێنانی ئەو کامێرایە چ شتێک دەگۆڕێ؟

- پێت وایە ئەو کورە بۆ، بۆ وێنەگرتن گیانی خۆی خستە مەترسییەوە؟ ئەو لە هێزی وێنە گەیشتبوو. هەوڵیدا ئەو جنایەتە کە بەسەریان دێ تۆمار بکات.

بەگریانەوە گوتم:

- بابە گیان خۆت بە کوشتن مەدە.

بزەیەکی تاڵ نیشتە سەر لێوی. چاوی لەو دووکەڵە ڕەشە بڕی کە ئاسمانی قەرەقسڵی داگرتبوو. بە دەنگێک کە خەمێکی گەورەی تێدا حەشار درابوو گوتی

— ناکوژرێم، دەچم ئەو کامێرایە دێنم و وێنەکانی دەگەیەنمە دەستی خەڵکی. ئەوە دەنگی ئەو کوڕانەیە، نابێ دەنگیان کپ کرێ.

قسەیەک نەماوە بۆ گوتن. لە چاو تروکانێکدا لە ژووری چووە دەرێ. پڕ بە گەرووم زیڕاندم

- بابە.

بە زیڕەکەم دایکم بە پڕتاو هاتە سەرێ و بە ترسەوە گوتی:

- کوا باوکت؟

بۆم گێڕاوە. سڕ بوو. چۆکەکانی نووشتانەوە. دەستی بە ویلچێرەکەم گرت و لە پەنا من چۆکی دادا. ملم هەڵێنا تا ناوەندی کۆڵانم لێ دیار بێ. گوند بە تەواوی چۆڵ کراوە. لەوانەیە ئێمە تەنیا زیندەوەری نێو ئەو گوندە بین. چەند دەقەیە دیسان بێ دەنگی زاڵە. جیڕەی دەرکە کردنەوەی باوکم و دەرکەوتنی لە ناوەندی کۆڵانەکە جۆرێک هەردوو لای لە بوونی لایەنی سێهەم ئاگادار کردەوە. باوکم بەرەو ئەوبەری کۆڵان دەستی بە هەڵاتن کرد. لە نێوەندی کۆڵانەکەدا کەوتە بەر دەستڕێژ وبەربۆوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەر ئەرزی. هاواری بابمم کرد. چاوم لێیە کۆمەڵێک لە جاش و پاسدارەکان بەرەو ماڵی ئێمە هاتن. شوێنی ئێمەش ئاشکرا ببوو. ترسی مردن ئێمەشی داگرت. بۆ دوایین جار چاوم لێبوو. باوکم بە سنگە خشکە خەریکە دەڕواتە پێشێ. دڵنیا بووم نەیانپێکاوە و هەروا سوورە لە سەر ئامانجەکەی. دایکم بە پەلە پشتی ویلچێرەکەی گرت و لە پەنجەرەکەی دوور خستمەوە و بەرەو پلیکانەکانی بردم. لەوێ هەوڵیدا لە باوەشم بکا و بمباتە خوارێ. دەرکەی ماڵێیان وەبەرشەقدا. ئێمە لەسەر پلیکانەکان بووین یەکێک بازیدا نێو حەسارێوە. دایکم دوو دڵ لە رۆیشتنە خوارێ بە ناچار گەڕاوە سەرێ و منی لەسەر ویلچێرەکە دانا. نەمان دەزانی بۆ کوێ بڕۆین. چرکەکان بە ساڵێک دەرۆیشتن. لە ترسان وەک مێوژۆکە دەلەرزیم. دایکم سپی سپی هەڵگەڕابوو. تف لە زاریدا ویشک ببوو. ڕەگبارێکیان لە نێو ژوورەکەی ئێمە کرد. هەردووکمان یەک بە خۆمان زیقاندمان. یەکێک پێلاقەیەکی بە دەرکەکەدا دا و پاش خولەکێک سێ کەس لێمان وەژوورکەوتن، تەنانەت هێزی قیژاندیشمان نەمابوو. مۆتەکەی مردن لەسەر سەرمان ڕاوەستا بوو. یەکیان هاتە پێشێ و بە قۆنداغە تفەنگەکەی بە نێو چاوانیدا کێشام. سەرم دەستی بە سووڕانەوە کرد و پێش چاوم ڕەش بوو. هەستم بە گەرمی خوێنی تەوێڵم لە سەر دموچاوم کرد و ئاگام لە خۆم نەما.

نێو دێ لە بەر حەشیمەت جمەی دێ. بە دیتنی ئەم هەموو خەڵکە سەرم سووڕماوە. لە نێوەڕاستی گۆڕەپانی ئاوایی هێزێکی پێشمەرگە لە ئامادە باشیدان، تەنانەت لە بەر خەڵکی لە سەربانەکانیش ڕێ ڕێدار نییە. هەر بابایە و بە ڕێگا ئیسفاڵتەکەی قەرەقسڵەوە خۆی دەگەیەنێتە نێو دێ. لە سێ شوێنی ئاوایی ئیکیپی فیلم هەڵگرتنەوە خەریکی وێنەگرین. هێلیکۆپتێرێک بە سەر سەری ئاواییدا دەێ و دەچێ.
لەپڕ بوو بە دەنگە دەنگ. بیست ماشێن پتر هاتنە نێو دێ و لە گۆڕەپانەکە رایانگرت. خەڵک گوڵیان بۆ فڕێ دەدان و چەپڵەیان لێ دەدا.
لە یەکێک لە ماشێنەکان کابرایەکی باڵابەرزی مرادخانی لەبەر دابەزی. خەڵک بە دیتنی گەشانەوە. دەستی هەڵێنا و سڵاوی کرد. خەڵکەکە بە خۆشحاڵیەوە وەڵامیان داوە. پیاوێک لە پەنام راوەستاوە. لێم پرسی
- ئەو پیاوە کێیە؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاوێکی لێکردم و گوتی:
- پێشەوایە.
لە خۆشیان وەختە دڵم بتۆقێ. فرمێسکەکانم ڕاناوەستن. پێشەوا چووە سەربانی مزگەوت و ڕاوەستا. پێشمەرگەکان لە پێش خەڵک و پێشەوا ڕێژە دەڕۆن و خەڵک پێشمەرگەکان گوڵباران دەکەن. مەلایەک دێ و ئایەتێکی قورئان دەخوێنێتەوە. خەڵکەکە بێ دەنگ بوون و گوێی دەدەنێ. پاشان چەند منداڵ دێن و سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێن. خەڵکەکە هەموو بە پێوە ڕاوەستاون و لە گەڵ منداڵەکان دووپاتی دەکەنەوە. پاشان پێشەوا چووە پشت میکرۆفۆن و دیسان سڵاوی لە جەماوەر کردەوە. خەڵک بە خرۆشەوە جوابی دەدەنەوە. پاش چەند چرکە خەڵکەکە بێ دەنگ بوون و هەموو گیانیان بووە گوێ. پێشەوا لە پێشدا سپاسێکی گەرمی خەڵکی قەرەقسڵی کرد، پاشان باسی کارخانەی گێلاسی کرد کە ئەمڕۆ قوڵینگی دامەزراندنی لێدەدا و دەبێتە خێر و بەرەکەت بۆ خەڵکی ئەو گوندە و دەوروبەری. دوای قسەکانی هاتە خوارێ و تێکەڵ خەڵکی بوو.
بەشێک لە خەڵکی ئیزنیان خواست وێنەی لە گەڵ بگرن. گوتی تا لە گەڵ کوڕەکانی قەرەقسڵ وێنە نەگرم لە گەڵ کەس وێنە ناگرم. چاوم لێبوو حەوت کەس چوونە پێشێ. بابم یەکێکیان بوو. گوتم
- بابە منیش دێم.
- کچم تۆ دوایە وەرە. چاولێکە شوکور لاقەکانیشت چاک بوونەتەوە.
چاوێکم لە لاقەکانی خۆم کرد. ترس و شادی تێکەڵ ببوون. یەک بە خۆم قیژاندم
- ئەمن چاک بوومەتەوە. ئەمن چاک بوومەتەوە.
یەکێک دەستی بە سەرمدا هێنا و بە دەنگێکی گریاناوییەوە گوتی چاک دەبیەوە کچی خۆم. چاک چاک دەبیەوە.
چاوم هەڵێنا. لە نێو جێگادام. دایکم بەسەرمدا داهاتبۆوە و دەیدواندم. بە زەحمەت وەرسووڕام و چاوێکم بە ژوورێدا خشاند. ماڵی خۆمان نەبوو. دوو سێ ژنی ڕەش پۆش لە سووچێک دانیشتبوون. پورە ئەستێم ناسییەوە.
- لە کوێم؟
سەرم وەختە بتۆقێ هێندە دێشێ. دەستم بۆ سەرم برد. پاسمان کرابوو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- کچم له ماڵی خاڵه مەجیدتین.
- باوکم کوا؟
- شەڕەکەی دوێنێ ئێوارەت لە بیرە؟
وەک فیلمێک دێتە پێش چاوم. زرمەی لێدانی قۆنداغە تفەنگەکەم دێتەوە یاد.
- ئا ئەتۆ چت لێهات؟ باوکم چی بەسەر هات؟
- هەموو شتێکت پێ دەڵێم کچم. پەلەت نەبێ.
دەنگی دەلەرزێ. وردتر چاوی لێدەکەم. ئەویش ڕەشپۆشە.
دادێتەوە و سەبر نێو چاوانم ماچ دەکات و لە بن گوێچکەم دەڵێ:
- ئاخری باوکت کامێراکەی هێنا.
فرمێسکێک دەرژێتە سەر دەموچاوم. ڕامدەچڵەکێنێ. دەست دەبەم و دەستی دەگرم و دەستی دێنمە سەرێ و بۆ لای لیومی دەبەم وماچی دەکەم ودەڵێم
- خۆشحاڵم.
سەری بە نیشانەی دڵنیایی دێنێتە خوارێ و بزەیەکی تاڵ دەکات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کوڕە لەکۆڵ کارل مارکس بەوە پیاو

ئامۆژنم لە پشتەوەی خانووەکەیان لە سەر عەرزی دانیشتبوو و پاڵی بە دیوارەوە دابوو و سیگاری دەکێشا. وا چووبووە فکروخەیاڵەوە تا هۆرنم لێنەدا هەستی بە ڕاوەستانی ماشێنەکەم نەکرد. لە گەڵ هۆڕن لێدانەکەم سەری هەڵێنا و بە دەست ئاماژەی کرد بسووڕێمەوە بەردەکە. بە خۆشی بە زەحمەت هەستا سەرپێ و بەرەو دەرکەی خانووەکەیان هات.

تا من دابەزیم ئەویش گەیشتێ. بە ناقایلی دەستی بۆ سیگارەکەی لالێوی برد و لە سەر لێوی هەڵگرت و گوتی:

بڕۆ بزانە مامەکانت خەریکی چین؟

گوتم: دیسان چ بووە؟

ئامۆژنم تاقەتی نەبوو جوابم داتەوە. بە نیشانەی کڕنۆش تا نێوقەد داهاتەوە و دەستێکی بۆ لای ماڵی خۆیان ڕاداشت. وەک بڵێ فەرموو بڕۆ ژووری.

بە پەنا ئامۆژنمدا وەسەر پلیکانەکان کەوتم. بۆنی مەشرووبی ئامۆژنم بۆ ساتێک کاسی کردم. گەڕامەوە بڵێم ماڵتە ئێوە بۆ وا لە خۆتان دەکەن؟ بێ تامتان کردووە. دیتم دیسان خەریکە بەرەو پشتەوەی خانووەکەیان دەڕوا.

دەرکەکە کرابۆوە. ڕاست چوومە ژووری. کەس دیار نەبوو. رووم کردە هاڵەکە. لەوێ دانیشتبوون. مامە میرزام لە سەر مۆبڵەکە دەمەوڕوو خەوتبوو. مامە قاسمیشم بێ دەنگ ڕوو بە دیوار دانیشتبوو. دەتگوت خەریکی یوگایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنیا دەنگێک کە دەبیسترا پرخەی مامە میرزام بوو.

مامە قاسم وەک ئاگای لە من نەبێ، هەروا بێ هەست و خووست خەریکی چاو لە دیوار کردنی خۆی بوو. بە قەستی ئحمێکم کرد. ئاوڕی داوە و سەری جوولاندەوە و گوتی وەرە ئێرە.

بە نێو شووشە بیرە و شووشە ویسکی و قاپە سالاد و لیوانەکاندا ڕێگایەکم کردەوە و چووم و لە تەنیشتی دانیشتم. سەرخۆش بوو. هەر وا بە کاسی دەستی بۆ گیرفانی برد. تا دەستی چووە نێو گیرفانییەوە چەند جار دەستی هەڵخلیسکا و چرووکی کرد. ئاخری بە هەر لەقە لەقێک بوو. دەستی خستە نێو گیرفانییەوە و مۆبایلەکەی دەرهێنا و ڕوو بە من ڕایگرت.

مۆبایلەکەم لێ وەرگرت. گوتی: چاو لە ویدیۆی ئەمڕۆمان بکە. گوتم: پاسۆرد

گوتی: ها؟

گوتم: پاسۆردەکەی لێدە ماڵت نەشێوێ. مۆبایلەکەی لێوەرگرتم و سەری بەرداوە و خەریکی پاسۆرد لێدان بوو، پاشان دەستی ڕاداشت و مۆبایلەکەی دامەوە. چاوم لە دەموچاوی کرد. چاوەکانی سوور سوور بوون و دەتگوت گۆمی خوێنن.

لە سەر ویدیۆیەک ڕایگرتبوو. پلەیم کرد. مامە میرزام بوو. لە نێوەڕاستی هاڵەکە ڕاوەستا بوو. مامە قاسمم فیلمبەردارەکە بوو، چونکە ئامۆژنم بە حاڵ لە گۆشەیەکەوە دیار بوو.

مامە میرزا گوتی: ئەوە بۆ مێژوو ئەم ویدیۆیە تۆمار دەکەم. دەمەوێ سبەێنێ لە سەر ئینتێرنێتیش بلاوی کەمەوە. هاوینی سی ساڵ لەوە پێش من فەرماندە هێز بووم. ئێوارەیەک لە سەر لووتکەیەکی بەرز لە گەڵ دوو پێشمەرگە ڕاوەستابووین و بە دووربین چاومان لە دەوروبەر دەکرد. پێشمەرگەکانی دیکەش لە نێو دارستانێکی چڕی نزیک شاخەکە خەریکی پشوودان بوون. لە پڕ شەهید قادر بە بێسیم گوتی: هەڵۆ ئەوە کوترێک و کوندێک دێنە لات. بن باڵی کوندەکە سپییە.

منیش گوتم: چاوەڕێیانین. پاش چەند دەقەیەک دیتم ئافرەتێکی بالابەرزی سەر ڕووت و پێشمەرگەیەک وەسەر دەکەون. بە دووربین چاوم لێکردن. ژنەکەم نەدەناسی. جلی پیاوانی لەبەردابوو.

نزیک نیو سەعاتێکیان پێچوو تا گەیشتنە کنمان. کە لێمان نزیک بوونەوە. حەپەسام. خوایە ئەوە ژنە، یان پیاوە. جووڵە و سەروسەکتی ژنانە بوو و لەشولار و


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەنگی پیاوانە. دەستومشتاقمان کرد و بە خێرهاتنم کردن. پێشمەرگەکە نامەیەکی پێ بوو، دایە دەستم. دیتم شەهید قادر نووسیویەتی. دەڵێ ئەو کابرایە سەعاتێک دەبێ هاتووەتە لامان. قسەی زل زل دەکات و باسی مارکسیسم و شتی وا دەکات، بەڵام نازونوزێکیش دەکات سەیرە. من نازانم ئەوە پیاوە، یان ژنە. وام بە مەسڵەحەت زانی بە خۆت بڕیاری لە سەر بدەی. رایگرین، یان بەڕێی کەینەوە؟

مامە میرزام وەک ماندوو بووبێ. هەروا پاشە و پاش کشاوە دواوە و لە سەر مۆبڵەکە دانیشت.

مامە قاسمیشم بڕێک مۆبایلەکەی ئەو دەستاودەست پێ کرد و گوتی: دەی دوایە چت کرد؟

گوتی: هەرچی زەینم دەدا کابرا ،زیاتر سەرم سوور دەما. ئاخری دەستم خستە سەر قۆڵی و گوتم پیاسەیەک نەکەین کاکە؟ ئەویش بە ناقایلی ملیدا و ڕەگەڵم کەوت. گوتم: باسی چیت لە گەڵ پێشمەرگەکان کردووە؟ گوتی: باسی ڕوانگەی کارل مارکس لە سەر شۆڕشم بۆ کردن، بەڵام دەزانی ئەو پێشمەرگانەی تۆ زۆر نەدی بدین وایان چاو لێ دەکردددم ... لە بەرانبەر سەرسووڕمانی مندا درێژەی بە قسەکەیدا و گوتی: دەزانی چۆنە مارکس پێی وایە شۆڕش دەبێ هەموو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەڵوەشێنێتەوە، چونکە بە پێی تیوری ئەو، ئەوە بەرهەم هێنانە کە چۆنییەتی دەسەڵاتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دیاری دەکات.

گوتم: ڕاوەستە. تۆ ئەگەر دەتەوێ لێرە بمێنییەوە دەبێ ئەو پرچەت بتاشی و ئەو نازونووزەشت وەلا نێی. دەڵێی چی؟

گوتی: باشە، هەوڵ دەدەم. پاشان گوتی: باشە پرسیارێک ئێوە دەتانەوێ شۆڕشەکەتان لە سەر بنەمای مارکسیسمی ڕاستەقینە بێ؟ هەست ناکەن بڕێک لە مارکسیسم لاتانداوە؟

لە گەڵ ئەوەی ئەم قسەیەی کرد، بە نازێکەوە پرچی لە پێش چاوی لادا و چاوی لە چاوم بڕی.

گوتم: هێزی ئێمە چەند کچێکی تێدایە. ئەوەی دیکەش هەمووی پیاوە. من دەبێ دڵنیا بم تۆ کوڕی، ئەگەر کچ بی، ئەوە لە گەڵ کچەکان دەبی و ئەگەر کوڕ بی لە گەڵ کوڕەکان دەبی.

گوتی: وەیش تۆ چەند گیر بە پیاو دەدەی ماڵتە. کوڕم کوڕ. کارل مارکس


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەڵێ ...

گوتم: کوڕە لە کۆڵ کارل مارکس بەوە پیاو. من دەبێ گونت ببینم جا بە ئەرخەیانی پێکەوە دەچینەوە خوارێ بۆ لای کوڕەکان.

لێرەدا ئیدی دەنگی مامە میرزام وەلەرزە کەوت و چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. گوتی: کوڕە ڕەنگی تێکچوو، سپی سپی هەڵگەڕا. گوتی: من ... من پێشمەرگایەتی ناکەم. خێرا گوتم: زۆرباشە کوڕەکان بیبەنەوە خوارێ و بیدەنە دەست قادر. هەر ئەو ڕۆژە ناردبوویانە دێیەکی نزیکمان و پێیان گوتبوو سبەی بڕۆوە شاری.

ئیدی مامە میرزام لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا و وەک منداڵێک خۆی فڕیدا سەر مۆبلەکە و دەمەوروو کەوت و دەستی کرد بە گریان. مامە قاسمیشم سەری بە هەنیسکەوە هەڵدەقەنرا هەر زوو زوو دەیگوت: کاکە گیان ... کاکە گیان ...

چاوێکی دیکەم لە مامە میرزام کردەوە. دیار بوو هەر ئاوا خەوی لێ کەتبوو. گوتم: باشە تۆ دەزانی وەزعی ئاوایە بۆ هێشتت مەشرووب بخواتەوە ماڵتە. گوتی: وەڵڵا بە سەر مەجلیسی من و ئامۆژنت داهات، خۆ زۆریشی نە خواردەوە بیرەیەکی تەواو نەکرد. چی لێ بکەین؟ گوتم جا چی لێدەکەی، ئەوە ئاوایە و ئاه .هەزار جار دوکتور پێی گوتووین ئەو کابرایە مەشرووب بخواتەوە تێکەڵی دەکات.

داهاتمەوە و شانیم ڕاوەشاند و گوتم: مامە مامە حەبەکانت خواردووە؟

گوتی: نا.

پاشان دەستی بۆ سەری برد و سەری گرت. گوتی: سەرم زۆر دێشێ، سەرم وەختە بتۆقێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کەڕە

## ٧

کراسەکەی داکەندبوو، لاقی درێژ کردبوو و لەسەر سەرینەکانی بن دیواری دانابوو. چاوی وردە وردە گەرم ببوون و خەوێکی خۆش لە پاش ماندوویەتی سەفەر دایگرتبوو. بە دەنگی قیژەی ژنێک ڕاچەنی.

بە پەلە لاقی لەسەر سەرینەکە هێنا خوارێ و هەستا سەرپێ و کراسەکەی لەبەر کرد و دەرپەڕییە دەرێ.

دەنگەکە لە ماڵی سەیدەکەڕەی جیرانییەوە دەهات. دەستیدا بەردێک و چەند جاری بە بەردەکە لە دەرکەدا. قیژە و پاڕانەوەکانی ژنەکەی زۆر بە روونی گوێ لێ بوو.

یەکێک لە دورەوە بانگی کرد.

- مامۆستا ... هۆی مامۆستا خۆت سەغڵەت مەکە. وەرە ئێرە با پێت بڵێم چ باسە.

بەرەو دەنگەکە چاوی گێڕا. لە بن دارتێلێک سێ پیاو دانیشتبوون. تیشکی لامپی دارتێلەکە دەوریانی روونـاک کردبوو. گەیشتە بەرانبەریان. هەر سێکیان لەبەری هەستان.

بێ سڵاو و چاک و خۆشی گوتی

- ئەرێ ئەوە چ باسە؟

- پێرێ تۆ لە شاری بووی. کەڕە ژن بە ژنەی لە گەڵ مام برایم کرد. سەیدیژنی دایکی دایە و چیمەنی کچی لێ ئەستاند. دوێنێ شەوێ کەڕە ویستبووی بچێتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کنی، ئەو کچەتیوە وەک ئێستا زیقاندی. هەموو خەڵکی ئەو دێیەیان لێ کۆبۆوە. حەیای کەڕەی برد. هەر چۆنێک بوو کەڕەمان ڕازی کرد، عەجالەتەن کاری پێی نەبێ. دیارە ئەم شەویش کەڕە ویستوویەتی بچێتە زگی، بۆیە ئەو قیژە قیژەی ساز کردووە.

- جا باشە چیمەن خۆ زۆر منداڵە چۆن شتی وا دەبێ؟

- مامۆستا گیان خۆ کاری ناشەرعیان نەکردووە، بە ڕەزایەتی باوکی لێی مارە کراوە.

پشت دەکاتە پیاوەکان و بەرەو ماڵی کەڕە دەچێ. شەش حەوت منداڵ و مێرمنداڵ لە دەرکەکە کۆ بوونەتەوە و لە کونێکەوە چاو لە حەسارێ دەکەن. بە نزیک بوونەوەی ئەو ،هەموو لە دەرکەکە دوور دەکەونەوە.

دیسان دەست دەداتەوە بەردێک و دەرکەکە دەکوتێ. پیاوێک لە دورەوە هاوار دەکات.

- مامۆستا خۆ سەیدیژن لەوێ نەماوە، کەڕەش گوێی لێ نییە، لە خۆوە لە دەرکە مەدە.

یەکێکی دیکە دەڵێ

- باشە جا بە تۆچی چ دەکات حەڵاڵی خۆیەتی.

یەکێکی دیکە دەڵێ

- کەڕە ئێستا لێی ڕەق کردووە، لە کۆڵی بەوە برام. لێی تێک مەدە.

دەستی بە بەردەکەوە شل دەبێ و بەردەکە دەکەوێتە سەر عەرزی. دەچێتەوە ژووری. کراسەکەی دادەکەنێ و لە جێی خۆی ڕادەکشێتەوە. دەنگی پاڕانەوەی چیمەن وەک لە ژوورەکەی ئەو بێ، دەگاتە گوێی.

وێنەی چیمەن بە کراس و پاتۆڵێکەوە لە ناوەڕاستی پۆلەکەی لە پێش چاویەتی. باڵنجێک دەخاتە سەر سەری، لانیکەم گوێی لە دەنگی نەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گورگ

سەروان رووی کردە سەربازەکەی بەردەرکە و گوتی

:-بیهێنە ژوورێ.

سەرباز پاش چەند چرکەیەک لەگەڵ پیرێژنێک هاتە ژوورێ. سەروان سەری بەردابووەوە و خەریکی خوێندنەوەی کاغەزێکی بەر دەستی بوو. لە پڕ هەستی بە سەرمایەکی لە ڕادەبەدەر کرد. وای زانی پەنجەرەکە کراوەتەوە. هەر وا لە بن خۆیەوە بۆڵاندی

- سەرباز ئەو پەنجەرەیە داخە.

- قوربان پەنجەرەکە نەکراوەتەوە.

سەروان سەری هەڵێنا. چاوێکی لە پەنجەرەکە کرد. داخرابوو، پاشان سەری وەرسووڕاند و روویکردە پیرێژنەکە. پیرێژن چاوەکانی بڕیبووە چاوی سەروان. سەروان بۆ چەند چرکە چاوی لە نێو چاوی پیرێژندا قفڵ بوو. هەستی کرد لە نێو چاوەکانی پیرێژندا بۆرانە و چاوی هیچ کوێ نابینێ. چاوی وەک بزمارێک سەروانی بە سەندەڵییەکەی دروو بووەوە.

پیرێژن سەروانی بەردا.

سەروان ماندوو و شەکەت خۆی فڕێ دا سەر سەندەڵییەکەی و چاوی قووچاند.

پاش چەند چرکە چاوی کردەوە و دیتی پیرێژن لە بەرانبەری راوەستاوە. کراسێکی رەشی کۆنی لە بەر دایە. چارۆکەیەکی چڵکنی سەوزی لە پشتی کردووە و پشتی بە سەر گۆچانەکەیدا کووڕ کردووەتەوە. چاوەکانی سەروان لە سەر دەستە خەناوییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چرچەکانی کە توند قەفی گۆچانەکەیان دەکوشی مۆلەق راوەستا.
پیرێژن بە دەنگێک کە دەتگوت لە بنی چاڵاوێکەوە دێتە سەرێ گوتی- سەروان
- ها
- ناتەوێ هیچم لێ بپرسی؟
سەروان وەک تازە وەبیری هاتبێتەوە چ کارەیە و پیرێژنی بۆ بانگ کردووە بە پرسیارەکەی پیرێژن ڕاچڵەکی و قیت دانیشت.
- تۆ ئاغات کوشت؟
- کەس منی دیتووە کوشتبێتم؟
- نا بەڵام خەڵک دەڵێن تەنیا تۆ دەتوانی کەسێک بەم چەشنە بکوژی.
دوێنێ بەیانی نۆکەرەکانی کە دەچن ئاغا هەستێنن دەبینن تەواوی گیانی وەک ژیژکێک دەرزی ئاژن کراوە. لەبەر دەرزی جەستەی دیار نییە. یەک ڕۆژ دەرزیان لێ کردووەتەوە تا لەشی دەرزی پێوە نەماوە. لە تەواوی دێ دا باس باسی تۆیە. تەنیا تۆ دەتوانی کارێکی وا بکەی. خەڵک دەڵێن حەوتوویەکە هاتوویەتیە ئەم دێیە. تۆ کێی؟ ئاغات بۆ کوشت؟
بزەیەک کەوتە سەر لێوی پیرێژن. ددانە زەردەکانی وەدیار کەوتن.
- من بە ئامانجی خۆم گەیشتم، بۆیەحاشا لە کوشتنی ناکەم.
- بۆ کوشتت؟
پیرێژن چاوی بڕییە پەنجەرەی ژوورەکە. وەک لەوێوە ڕابردوو ببینێ.
ساڵێکی زستانێ ... زستانێکی ساردی ساڵێکی دوور. بەیانی ڕۆژێک هەواڵی کوشتنی گورگێک لە نێوەڕاستی دێدا بڵاو بووەوە. کوژرانی گورگەکە ئاغای قووشقی کرد. لە نۆکەرەکانی خۆی ڕانەدەبینێ گورگیان پێ بکوژرێ. خەڵاتی بۆ ئەو کەسە دانا کە گورگەکەی کووشتووە. کەس خۆی لێ نەکردە سێحەبی. ئاغا هار بوو.
ترسی پیاوێکی ئازا وەچەقوچۆی خستبوو. ڕۆژێک هەموو پیاوەکانی دێی کۆکردەوە وزۆرانبازی پێ کردن. بەڵام هەر پیاوەکانی خۆی بردیانەوە. ئاغا دەیزانی کەسێک خۆی شاردووەتەوە. لە پیاوێکی جحێڵ بە گومان بوو. نیوەشەوێک ڕژانە سەری. پیاوەکە وەدەست دهات و دوانیانی کوشت. بەڵام گرتیان و بردیان بۆ لای ئاغا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاغا چاوەکانی ببوونە پۆلووی ئاور. لەپێش کانی نێو دێ و لە بەر چاوی خەڵکی لە سێدارەی دا. پاشان ئاغا تەماعی کردە ژنە جحێڵەکەی کابرا و ویستی دەستدرێژی بکاتە سەری. بەڵام ژنی کابرا ون بوو. کەس نەیزانی چی لێ بەسەر هات. سی ساڵە سوراغی نییە.

پیرێژن سەری وەرسووڕاند و چاوی لە سەروان کرد. سەروان وەسەر ئارەقە کشابوو.

- تۆ ژنی ئەو کابرایەی؟

سەروان هەڵدەستێتە سەر پێ و دیسان دەنەڕێنێ.

- تۆ ژنی ئەو کابرایەی؟

پیرێژن بزەیەک دەکا.

سەروان حەپەساو چاو دەبڕێتە چاوەکانی پیرێژن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گورگەزێ۷

ڕۆڵە ڕەحمان ... لەوبەری جۆگەکەی پشت دێ بەرەو کانی سپی ماڵی حاجی قادر گاوداریی‌یەکی گەورەیان دروست کردووە. تەنیشتی گاوداریی‌یەکە چیمەنێکی جوانە و جومعەی ڕابردوو شایی کوڕی ڕەحیمی حەمە سوور لەوێ بوو. دەرزیت هەڵاویشتبا وەئەرزی نەدەکەوت. لەگەڵ پورە فاتمت لەبن دارگوێزەکەی تەنیشت کانیی‌یەکە لە سەر بەردێک دانیشتبووین و لە دوورڕا چاومان لە شایی‌یەکە دەکرد. فاتم تێیکوتام

- ئەرێ کچەکێ ئەو کراس شینە زڵەخا نیی‌یە؟

بەبیستنی نێوی زڵەخا وەک بەرق گرتبێتمی موچوڕکێکم پێ داهات. هەستام و وردە وردە لە شایی‌یەکە نزیک بوومەوە. هەو بوو. کراس وەدەسماڵێکی شینی لە بەردابوو. پشتێندێکی سپی لۆلۆی شل لە نێوقەدی هاڵاندبوو. یەخەی کراسەکەی ئاواڵە بوو. شان و ملی بەدەرەوە بوو. شان و ملی دەتگوت بەفری کوێستانە و تاو لێی داوە و دەبریسکێتەوە. پرچی وەک تاڤگەیەک نەرم ڕژابووە سەر شانی. لە دەستی کابرایەکی باڵابەرزی کۆتوشەلواریدا هەڵدەپەڕی. هەر بە عاقڵی خۆم زوو زانیم ئەوە دەبێ مێردەکەی بێ. بیستبووم مامۆستایە و ماڵیان لە تەورێزە. زڵەخا بڕیک قەڵەو ببوو، بەڵام هەروا جوان و لەبەردڵان بوو. زەینم دایە جار جار ئاوڕی دەداوە و بەرەو منداڵێکی تەنیشت گەڕی شایی‌یەکە پێدەکەنی و قسەی لە گەڵ دەکرد. منداڵەکەی بوو. کوڕێکی تەمەن شەش حەوت ساڵانە. خۆم خزاندە پێشێ و وا ڕاوەستام زڵەخا بمبینێ. هەر چاوی پێم کەوت لە شایی‌یەکە هاتە دەرێ و لێم ون بوو. پاش نانی نێوەڕۆ کچەکەی فاتم هات و گوتی پورێ یەکێک دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ. نەمپرسی کێیە؟ چونکە سوور سوور دەمزانی زڵەخایە. گوتم لە کوێ؟ گوتی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ماڵی خاڵەحمەد. هەستام و چووم. هەر چوومە ژووریّ زڵەخا بە گریانەوە بەرەوپیرم هات و باوەشی پێدا کردم. درۆ نەبیّ منیش تێر تێر لە گەڵی گریام. وەختابوو سەری بە هەنیسکەوە هەڵکەندریّ. تێر تێرم بۆن پێوەکرد. هێشتاش بۆنی تۆی لێدەهات.

زڵەخا گوتی: ئەو شەوە دایکم سووسەی کردبوو، پێشمەرگە لە نێو دێن. هات و داوێنی کراسەکەی گرتم و لە بەرم پاڕاوە وگوتی:

- رۆڵە من چاوی تەون کردنم نییە. ئەو دوو هەتیوە چاویان لە دەستی تۆیە. کچم ئێمە گرێبەستمان لە گەڵ میرزا قاسم هەیە. نەچی کاری بیّ عەقڵانە بکەی. بیستوومە پێشمەرگە لە نێو دێن. لەوانەیە کوڕەکەی مام عەزیزی عەلی ئاواشیان لە گەڵ بیّ. نەچی هەڵفریوێی و حەیای دنیا و قیامەتم ببەی. هەر کە زانیت دێن بچۆ ئەو ژوورەی پشتەوە تا دەڕۆن. ئامان کچم هەتیوەکانم بیّ نان نەکەی. ڕحمان کە هات. ئاگام لێبوو. دایکم و ئەنوەر و قادر بە گەرمی بەخێر هاتنیان کرد. پاشان دایکم خێرا چایەکی وەسەرنا و سفرەی ڕاخست و هێلکە و ڕۆنی لە تاوەیەک دا دروست کرد و لە پێشی دانا. پرسی زڵەخا لە کوێیە؟ دایکم منگە منگێکی کرد. ئاخری گوتی لەگەڵ خاڵی چووەتە شاری. نانەکەی خوارد و پاش چا خواردنەوە هەستا و وەدەر کەوت. دایکم تا بەردەرکە بەرێی کرد. زۆر دور نەکەوتبووەوە ئەنوەرم بە هەڵەداوان بە دوویدا نارد گوتم پێی بڵیّ دایکم لە ژووری پشتەوە بەندی کردووم. بڵیّ دادم دەڵیّ بوولێڵی سبەینیّ لە کن کانی سپی چاوەڕێم بیّ دێم و ڕەدووی دەکەوم. نازانم ئەو شەوەم چۆن ڕۆژ کردەوە. تاریک و روونی بەیانی هێز لە ئاوایی وەدەردەکەوت. شەویّ دایکم دەرکەی لە سەر قفڵ کردم. دواتر زانیم ئەنوەر بە دایکمی گوتبوو من بە تەمای چیم. وردە وردە تاوهەڵات و پێشمەرگە دێیان چۆڵ کرد. سەعاتێک دواتر نێو دیّ پڕ بوو لە جاش و پاسدار. لای نیوەڕۆ جاشەکان بە قۆنداغە تفەنگ قفڵەکەیان شکاند. مانگی تیّ وەرنەسووڕا هەواڵی شەهید بوونی ڕەحمان بڵاو بۆوە. ساڵێک ڕەش پۆش بووم. دوایە میرزا کامران هاتە خوازبێنیم. مامۆستای قوتابخانە بوو. پیاوێکی چاک هاتە بەر چاوم و مێردم پیّ کرد.

رۆڵە ڕەحمان ... زڵەخا لە باوەشمدا هێندە گریا ئەو چاوانەی ببوونە گۆمی خوێن. خۆی بە شەرمەزاری روحی تۆ دەزانیّ. داوای گەردن ئازایی لیّ کردم. من لە جیاتی تۆش گەردنم ئازا کرد و هیوای بەختەوەریم بۆ خواست. هیوادارم تۆش دڵت لێی نەهێشابیّ و گەردنی ئازا بکەی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گۆڕستان

من گوتم: ئەگەر بێ بۆ خۆم دەیکوژم. لەڕێوە ملی دەگرم و بەم عەرزەی دادەدەم و تا هەناسەی لێ نەبڕم بەری نادەم. نا ... نا ئاوا زووش نابێ بمرێ. گوریسێک لە ملی دەکەم و بەدوای خۆمدا رایدەکێشم. تا دەخنکێ و لاشەی هەپروون بە هەپروون دەبێ.

من گوتم: ئەی ئەگەر نەهات؟ کێ دەڵێ پاش بیستساڵ زیندان هەڵدەستێ و دێ بۆ ئێرە؟ خۆ بە خۆشی پێی خۆش بێ، کوڕەکانی ناهێڵن. تازە هەرچی بووە، بووە. شەیتان بە نەحلەت بکە و سەرت بەردەوە و ژیانی خۆت بکە. نایا بە تەما مەبە.

من گوتم: ئەو کات منداڵ بووم، دەی خۆ ئێستا منداڵ نیم. ئەو نایا من دەچم.

من گوتم: وەڵڵا لەتوپەتت دەکەن. هەر سەگەکانی بەردەرکەیانت تێ بەردەن بەسە.

من گوتم: باشە ئەو دینم گاوانە بۆ بەریاندا؟ بۆ وەک سەگ نەیان تۆپاند؟

من گوتم: دەی دوای ڕاپەڕین کەس لە زیندان نەما هەموو بەربوون، ئەویش هاتۆتەوە.

من گوتم: خۆ منیش نەیکوژم مامەکانم هەر دەیکوژن.

من گوتم: وەڵلا هیچ گونیشیان پێی ناچێ. تۆ ئەو کات منداڵ بووی، ئەوان پیاوی ژن و منداڵدار بوون. بیانویستبوایە بیکوژن هەر ئەو کات دەیانکوشت.

من گوتم: نا فریا نەکەوتن حکوومەت زوو هات و گرتیان.

من گوتم: خۆت فریو دەدەی. تا گرتیان سێ رۆژ وەک کەڵەگا لە نێو ئاواییدا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خولاوە و قەڵسەی گێڕا. چما پیاو هەبوو بڵێ پشت چاوت برۆیە.
من گوتم: باشە من چ بکەم؟ بیکوژم دەمکوژنەوە، نەیکوژم ئەی خوێنی باوکم کێ تۆڵەی بکاتەوە؟
من گوتم: بیست ساڵ زیندان تۆڵەی خوێنی باوکتە. ئەو کە گیرا جحێڵ بوو. ئێستا هەموو سەروڕدێنی سپی بووە.
من گوتم: نەیکوژم حەیام دەچێ. دەڵێن کوڕەکەی پیاو نەبوو، تۆڵەی خوێنی بابی بکاتەوە.
من گوتم: کێ وادەڵێ؟
من گوتم: خەڵک
من گوتم: کێ؟
من گوتم: خەڵک، دەروجیران. خزمەکان. چووزانم ئەوەی ئاگای لەم باسەیە.
من گوتم: دەی ئەگەر کوشتت و تۆیان کوشتەوە دوایە، ئەو خەڵکە دێن منداڵەکانت بە خێو بکەن؟
من گوتم: من چۆن گەورە بووم، منداڵەکانیشم هەروا گەورە دەبن.
من گوتم: تۆ لە قوون دەرکەی ماڵان گەورە بووی. دایکت دوای مردنی باوکت شووی کردەوە و تۆ مایەوە و ئاوارەیی.
من گوتم: باشە تۆ دەڵێی من چ بکەم؟
من گوتم: من هیچ ناڵێم. تۆ دەبێ بڕیار بدەی.
من گوتم: ئەو دێ و داوای گەردن ئازادی دەکات. من دەڵێم بڕۆ لەو دێیەدا نەتبینمەوە و ملت بشکێنە دەچی بۆ کوێ بچۆ.
من گوتم: ئەی ئەگەر وای نەکرد؟ دەیکوژی؟
من گوتم: نا ئەگەر بیکوژم. دوایە دەمکوژنەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گیلانەترین چیرۆکی مردن

گەرم نین، بەڵام ساردیش نین، ئەو بەفرانەی نەرم نەرم بەسەر جەستەمدا دادەبارێن. مردن بۆم هەستێکی نامۆ نییە، وەک بڵێی پێشتریش مردووم. ئەوەی بۆم جێگای پرسیارە ئەوەیە، ئەگەر ئێستا من مردووم، ئەی بۆ تا زیندوو بووم دیتنی نەنکم بۆ من خەون بوو، کەچی ئێستاش هەر دەڵێی خەونە. بڵێی هەر لەخەودا نەمردبێتم؟

دەستێک بە جەستەمدا دێنم. بەفرێکی تەنک داپۆشیوم. بەفری شەوێک بارین. بەفری کاتژمێر سێی بەیانی

تا سپێدە ئاوا ببارێ تەواو دەشاردرێمەوە، لەوانەیە حەوتوویەک ببارێ، حەوتوویەکیشی پێ بچێ تا بەفرەکان دەتوێنەوە، دیارە ئەگەر بەفری دیکەش نەبارێ. بەهارێ تەرمەکەم دەبیننەوە.

بە دەنگی نەنکم ڕادەچڵەکیم

- دیسان خۆت لەمن کردە مردووی جمهوری

- نەنە مردنێکی جوان نییە؟

- زیاتر شاعیرانەیە، دەزانی بۆ؟ چونکە تۆ لە نێوەڕاستی گۆڕەپانی ناوەندی، شارێکی قەرەباڵغدا مردووی. یەکەم ڕێبواری بەیانی بێرەدا تێپەڕێ دەتبینێتەوە. ریسەکەت لێ دەبێتەوە خوری.

بڵێ ریسەکەت لێ دەبێتەوە بەفر

خێسەیەکم لێ دەکات و دیسان خەریکی تەشی رستنەکەی دەبێتەوە. بەفرەکان لوول دەکات و دەیان ڕێسێ. بنی داوە رستراوەکان بە بەفرەکانی سەر ئەرزییەوە نووساون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەنکم هەموو جارێ دەستی درێژ دەکات و بەقەت درێژی باسکی بەفر دێنێتە پێشێ و لە خۆی کۆ دەکاتەوە
پاش کەمێک، سەری لە سەر تەشییەکەی هەڵدەگرێ و چاوێکم لێ دەکات
ئەوە ئێستا بۆ وا خۆت تۆپاندووە، دا هەستە وەرە لام با بزانم بۆ کفنەکەت چەندەت بەفر دەوێ
هەڵدەستمە سەر پێ و بەفرەکانی سەر جەستەم دەتەکێنم و لە نەنکم نزیک دەبمەوە. سەری هەڵدەبڕێ کە چاو لە بەژنم بکات. وەک بڵێی پڕووشە بەفر بچێتە نێو چاوییەوە، مژۆڵەکانی توند توند لێک دەدا. دەڵێی دوو پەپوولەی سپی لە سەرچاوی نەنکم نیشتوون و باڵ لێک دەدەن. هێواش دەستم نزیک دەکەمەوە، بیانگرم
سەرمامە. میزیشم دێ. پەتووەکە لە سەر خۆم لادەدەم و لە جێگاکەم دێمە دەرێ. بە سەبرایەک لە ژووری خەو دێمە دەرێ. دەرکە لە پشتە سەرم دادەخەم و دەرکەی ئاودەستەکە دەکەمەوە. جیڕەیەکی ناخۆشی لێ دێ. لەوەتا هاتووینەتە ئەم خانووەوە دەجارم ڕۆن لێداوە، کەچی هەر جیرەی تەواو نابێ. ئێستا لە تەبەقەی خوارێ دەزانن یەکێک چووەتە ئاودەست
سەری ئاودەستەکە هەڵدەگرم و هەوڵ دەدەم میزەکەم ڕێک بکەمە نێو ئاوەکەوە. میزێکی زەرد تێکەڵ ئاوە سپییەکە دەبێ و تۆقلە دروست دەکات.
حەپەساو چاوم بڕیوەتە نێو توالێتەکە. دەڵێی لە خەوێکی قورس ڕادەچڵەکێم، وەخۆدێمەوە و بە خۆم دەڵێم نەنکم لە مەیدانی جمهوری چاوەڕێمە. بەم نیوەشەوە لەوێ بەفرم بۆ دەڕێسێ و بەتەمایە کفنی بەفرم بۆ بدورێ. دەبێ بچم
بیری کفنی سپی و دوایین بڵقە بلقەکانی میزەکەم تێکەڵ دەبن. بە دەنگی تەقەی دەرکەی ئاپارتمانەکەمان کە لە پشتە سەرم داخرا دڵنیا بوومەوە کە ئێستا لە دەرێم. شەقام یەک پارچە کۆچپۆشە و کەس لە دەرێ نییە. بە پەلە هەنگاو هەڵدێنمەوە. ئەم شەو نەچووبایەمە جمهوری تا بەیانی دەبوایە لە جێدا جینگل لێدەم و بتلێمەوە. جمهوری بێ دەنگ و سپی لە پێشمە
چاو دەگێڕم نەنکم دیار نییە، بەڵام دێ. لە سەر سەندەڵییەک رادەکشێم.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لەچکەیەکی سووری گوڵزەرد[7]

ئارام بێ گوێدانە هاتووهاواری یاری کردنی کەماڵ و نادر کە لە حەسارێوە دەگەیشتە نهۆمی سەرێ، شانی بە چوارچێوەی دەرکەکەوە نووساند و نووقمی پرچ داهێنانی چرۆ بوو.

پرچە کاڵەکانی بە سەر شانیدا بڵاو ببوونەوە و ئارام ئامادە نەبوو ئەم دیمەنە لەگەڵ هیچ شتێک بگۆڕێتەوە. تەواو هەستی بە دەنگی دڵی خۆی دەکرد و بەزەحمەت هەناسەی هەڵدەکێشا. بۆ ساتێک چرۆ هەستی بە بوونی کەسێکی دیکە لە نێو ژوورەکەدا کرد. هەر لە نێو ئاوێنەکەدا چاوی گێڕا و جەستەی بچکۆلانەی ئارامی دی. بە بزەیەک لە سەر لێوەوە ئاوڕی لێداوە و بانگی کرد. ئارام وەک دەرکەی بەهەشتی بەڕوودا کرابێتەوە بە هەڵاتن چووە پێشێ و لە تەنیشت سەندەڵییەکەی چرۆ ڕاوەستا.

- ئەوە بۆ ناچی لە گەڵ کوڕەکان کایە بکەی؟

ئارام چاوی بڕییە پەنجەرەکە و بۆ ساتێک گوێی لە دەنگە دەنگی منداڵەکان ڕاگرت و بە پەلە دیسان رووی لە چرۆ کردەوە و بێ دەنگ سەری داخست.

- پێت خۆش نییە بچییە کن منداڵەکان؟

- چ.

- دەی باشە لێرە ڕاوەستە ئێستا ئامادە دەبم و پێکەوە دەچینە خوارێ بۆ لای دایکت و وان. باشە؟

- دادە چرۆ لێوم سوور دەکەی؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- نا عەیبە، ئەوە هی کچانە کوڕ لێوی سوور ناکات.
- ناهێڵم کەس بیبینێ زوو دەیسڕمەوە.
چرۆ کە ماتیکە سوورەکە بە سەر لێوی دادەهێنێ. حەزێکی شاراوە هانیدەدا هەروا بە سانایی لە کۆڵ ئارامی پورزای نەبێتەوە. برژۆڵەکانی بۆ ریمەیل دەکا و پشت چاوی شین دەکات.
- بابلیس لە قژم دەدەی؟
- جا کوا قژت هەیە کەچەڵ؟
برێک کرێم لە کولمەکانی هەڵدەسوێ و لاکێکی سووڕ لە نینۆکەکانی دەدات. ئارام لە نێو ئاوێنەکەدا هەرچاوی لە خۆیەتی و لە خۆشیان شایی لە دڵیدا دەگەڕێ. چرۆ بە چاوی مشتەری سەیرێکی دەکات و پاش کەمێک گەڕان لە نێو کۆمۆدی جلوبەرگەکانیدا قەسرییەکی شینی خزی منداڵی خۆی دەبینێتەوە و هەر بە سەر کراسەکەی خۆیدا لە بەری دەکات و لەچکەیەکی سووری گوڵ زەردیشی لە سەر دەکات.
- دادە چرۆ ئەو لەچکەیە لە گەڵ ڕەنگی ماتیکی لێوم دێتەوە؟
چرۆ قاقا پێدەکەنێ.
- بچۆ خوارێ بزانە پێیان جوانە؟
ئارام لە خۆشیان وەختە باڵ بگرێ. تا دەگاتە سەر پلیکانەکان چەند جار قەسرییەکە لە لاقی دەهاڵێ و دەکەوێ.
بە خێرایی داوێنی قەسرییەکە بە دەستەکانی کۆ دەکاتەوە و بە پلیکانەکاندا دێتە خوارێ و دەرکەی هاڵەکە دەکاتەوە.
هەر چوار خوشکەکە لە ژوورێ دانیشتوون و گەرمی قسەن و ئاگایان لە هاتنە ژوورێی نییە. پاش ماوەیەکی کەم فاتم دەیبینێ.
- ئەی ڕۆ ئەوە کێیە؟ کچێ خۆ ئەوە ئارامە.
بە هەڵاتن دەچێ و لە باوەشی دەکات و توند کولمەی ماچ دەکات.
- حەک پورێ بە قوربانت بێ چەندە جوانی. ئەوە کێ ئاوا جوانی کردووی؟
- دادە چرۆ.
سروە ڕەنگی سپی هەڵگەڕاوە و لە نێو دەنگی قاقا و پێکەنینی خوشکەکانیدا بزەیەکی ساردی لە سەر لێوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاش ماوەیەکی کورت فاتم ئارام دادەنێتە سەر ئەرزی و وردە وردە بوونی ئارام کەمڕەنگ دەبێتەوە. خوشکەکان باسێکی نوێ دادەمەزرێنن و ئارامیان لەبیر دەچێتەوە.

سروە دەستی کوڕەکەی دەگرێ و دەیباتە ئاودەست و دەیەوێ دەموچاوی بشواتەوە. ئارام بە گریانەوە لە بەردایکی دەپاڕێتەوە لە کۆڵی بێتەوە. سروە بە هەڕەشە و گوڕەشەوە دەموچاوی دەشواتەوە و قەسرییەکەی لە بەر دادەکەنێ. ئارام وەک مراوییەکی تەڕی چکۆلە لە ئاودەستەکە دێتە دەرێ و دەچێتە حەسارێ. لە بەر تاوی بێ تینی پاییزێ هەڵدەتروشکێ و سەیری یاری منداڵان دەکات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# منیش وەک داپیرە

کە دەرکەی ئەپارتوومانەکەم کردەوە. نە منداڵەکان دیار بوون و نە خەڵک لە هاتووچۆ دابوون. بە سەرسووڕمانەوە بیرم لەوە کردەوە دەڵێی ئەوسێ ڕۆژەی لە ماڵێ نەبووم ئێرە بووەتە بەهەشت.

لە بەردەرکەی ماڵەکەی خۆم ئاوڕێکم لە دەرکەی ماڵی داپیرە داوە و بە دیتنی ئەو قفڵە زلەی لە دەرکەکە درابوو تاسام. نەمردبێ؟!

داپیرە قەت ناچێ بۆ سەفەر. بۆ کوێ بچێ خۆ کەسی نییە تا سەردانیان بکات. بەو لاق هێشەیەشەوە هێشتا باشیشە تا سوپەرمارکێت دەچێ و دێتەوە. بەو فکرانەوە کلیلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دەرکەم کردەوە.

تا جلوبەرگم گۆڕی و دەموچاوم شووشت و چوومە سەر تەختەکەم پشوویەک بدەم. دیسان ئەپارتوومان وەخەبەر هات و دەنگی پێ و هەڵات هەڵاتی منداڵان و قیژە قیژی ژنی دراوسێ و واقە واقی ساوا و ... جەهەننەم دەستی پێ کردەوە. باشە ئەوانە لە کوێ بوون؟ باڵنجەکەم خستە سەر سەرم و هەوڵمدا خەوم لێ بکەوێ.

زۆر سەیرە دەڵێی هەموو ئەوانە لەمێشکی مندا دەژین. وەک بڵێی کە دەرکەی ئەپارتوومانەکەم کردەوە. منداڵەکان خەریکی هەڵات هەڵات بوون و خەڵک لە هاتووچۆ دابوون. بیرم لەوە کردەوە. ئەو سێ ڕۆژەی لە ماڵێ نەبووم هیچ شتێک لێرە نەگۆڕاوە.

لە بەردەرکەی ماڵەکەی خۆم ئاوڕێکم لە دەرکەی ماڵی داپیرە داوە و بە دیتنی داپیرە وەک پەیکەرەیەک لە سەر کورسییەکی جوڵاو تاسام.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داپیره قەت ناچێ بۆ سەفەر. بۆ کوێ بچێ خۆ کەسی نییە تا سەردانیان بکات. بەو لاق هێشەیەشەوە هێشتا باشیشە تا سوپەرمارکێت دەچێ و دێتەوە. لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە سەر کورسییەکەی دادەنیشێ و چاو لە هیچ دەکات. بەو فکرانەوە کلیلەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دەرکەم کردەوە.

تا جلوبەرگم گۆڕی و دەموچاوم شووشت و چوومە سەرتەختەکەم پشوویەک بدەم. ئەپارتوومان مرد. دەنگی پێ و هەلات هەلاتی مندالان و قیژە قیژی ژنی دراوسێ و واقە واقی ساوا و ... جەهەننەم دامرکا. باڵنجەکەم خستە سەر سەرم و هەولمدا خەوم لێ بکەوێ. لەو رۆژەوەی دراوسێیەکەی سەرەوەمان پێی گوتووم داپیرە بە جحێڵی لەشفرۆش بووە. جار جارە بیر لە داپیرە دەکەمەوە. جاری وایە بە چاوی کڕیار سەیری دەکەم. کڕیارێک کە لە ڕابردوودا دەیتوانی لە گەڵ لەشفرۆشێک ڕابوێرێ، لە ڕابردوودا عاشقی لەشفرۆشێک بێ. داپیرە هەموو کات بێ دەنگە و هەر سەیری هیچ دەکات. لەوانەیە بیر لەو پیاوانە بکاتەوە کە لە گەڵیان بووە، ئەگەر رۆژنامەنووس بوایەم پێم خۆش بوو بە بیانوویەک چاوپێکەتنی لە گەڵ بکەم، بیوگرافینووسیش بوایەم ژیاننامەکەیم دەنووسییەوە، ئەگەر دەرهێنەری سینەماش بوایەم ژیاننامەی داپیرەم دەکردە فیلم، بەلام من هیچیان نیم. هەڵدەستمە سەرپێ و لە کونی دەرکەوە چاوێک لە داپیرە دەکەم. هەر وا ڕەق لە سەر کورسییەکەی دانیشتووە و زەق زەق چاو لە هیچ دەکات.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هاوێنە ٧

چاوەکانی روقیا ڕوو بە ویترینی دوکانێکی زێڕینگەری لەسەر گوارەیەک قفڵ بوو. چارشێوەکەی لە بن چەنەی بە دەستێک ڕاگرتوو و لە بن چارشێوەکەشەوە بەدەستەکەی دیکەی توند جانتا بچووکە ڕەشەکەی نێو دەستی کوشی.

ڕوقیا بیر لەوە دەکاتەوە، ئەگەر مێردەکەی بێکار نەبوایە و خاوەن کارەکەشی مووچەی بۆ زیاد کردبوایە، ئەگەر خاوەن ماڵەکەیان بڕیک کرێکەی بۆ کەم کردبانەوە ...

لە پڕ هەستی کرد دەستێک توند سمتی دەکوشێ. بە پەلە وەرسووڕا تفێک لە نێو چاوانی کابرا بکا، دیتی خەریکە سەربازێک بە خێرایی لێی دوور دەکەوێتەوە.

ویستی جانتاکەی دەربێنێ و بە تەپڵی سەری سەربازەکەیدا دا، چارشێوەکەی لە لاقی هاڵاو دەمەوڕوو کەوتە سەر بەرچنی پێش دوکانی زێڕینگەرییەکە.

- ڕاوەستە. تا ئێرە بەسە.

- بۆ؟

- کاکە ئەو سیناریۆیەی تۆ نووسیوتە لە ئێراندا ناتوانی بیکەیە فیلم. هەر بۆ نموونە چۆن نیشان دەدەی پیاوێک دەست بۆ ژنێک دەبا، ئەویش سەربازێک؟ لەوە زیاتر مەیخوێنەوە. ماشێنەکە هەڵکە وردە وردە بەرەو ماڵی ئێمە بڕۆ و من بگەیەنەوە. لە نێو ڕێگاشدا بە قسە بۆم بگێڕەوە.

- روقیا هەڵدەستێتەوە و دەچێ سواری مینی بووسێک دەبێ. لە پێشەوە دادەنیشێ. کچێکی مێرمنداڵ لە پشتەوە دانیشتووە. کامێرا دەچێتە سەر کچەکە. پیاوێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سی ساڵەی ڕەشتاڵەی بە ڕدێن لە پشت کچەکە دانیشتووە. پاش کەمێک کابرا لە بنەوە دەست بۆ کچەکە دەبا. کچەکە سپی هەڵدەگەڕێ و دەترسێ، بەڵام ناوێرێ هیچ بڵێ و هەر خۆی لە دەستی کابرا دور دەخاتەوە.

- دەی.

کابرایەکی بە تەمەن ئاگای لەو کەینووبەینەیە، بەڵام خۆی لێ ناکات بە سێحەب. پاشان هەڵدەستێ و دەیەوێ لە وێستگەکەی دیکە دابەزێ، بەڵام مینی بووسەکە رادەوەستێ. لە پێش مینی بووسەکە بووەتە شەڕ و چەند کەس لێک دەدەن. کچێکی منداڵیش کە جانتایەکی بە شانەوەیە لەوێ راوەستاوە و چاو لە شەڕەکە دەکات. کابرایەک لە پەنای ڕاوەستاوە. خۆ لە جانتاکەی دەخشێنێ. وردە وردە خۆ لە شانی کچە دەخشێنێ. کچە هەست بە ڕەقاییەک دەکات، بەڵام هێشتا هێندە منداڵە دەرک بەوە ناکات کە ئەو کابرایە خەریکە خۆی پێوە دەنێ.

- جاری وایە دەڵێم سەرەتای فیلمەکە لەچەند ساڵ دواتر و لە وەبیر هاتنەوەی بیرەوەری ئەو کچەوە دەست پێ بکات و دوایەش بە فلاش بەک بگەڕێتەوە بۆ سەرەتا.

- دەی دوایە؟

- کامێرا نابێ لەسەر ستاند بێ، دەبێ لە سەر شان بێ و بینەر هەست بە جووڵەی بکات. دوایە کامێرامەنەکە لە مینی بووسەکەوە بە هەڵاتن دابەزێ و بچێ شەڕەکە وێنە بگرێ.

- نەتکوت پێت چۆنە؟

- لێرە ڕایگرە دادەبەزم.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵاتوو

بەعسییەکان لە پێشی بوون، بەڵام ئەو لە پشتەوە تەقەی لێکرا. دڵنیا بوو فەرماندەکەیەتی، چونکە گوتبووی: من ئاخری ئەو زیدی ئینقلابە دەکوژم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئالزایمەر

- کاکە ئەمن نەخۆشییەکم گرتووە، ئێستا، تەنانەت ناوی نەخۆشییەکەشم لە بیرچووەتەوە، بۆیە ناتناسمەوە، بمبورە.
- کوڕە چۆنم ناناسییەوە، محەمەدم، ماڵتە هاوڕێی سەردەمی منداڵی یەکترین.
- ناتناسم، کاک کەریم.
- کەریم نا محەمەدم، یانی ئاوا زوو ئالزایمەرت گرتووە؟
- ئەرێوەڵڵا ئالزایمەرم گرتووە، گوتت جیران بووین؟
- نا گوتم هاوڕێ بووین.
- چ کارەی؟ چ دەکەی؟ بە چییەوە مەشغوڵی؟
- کارمەندم
- بووی بە جاش؟
- نانا کارمەندی ئاساییم. ئەمن وجاشێتی؟
- ئەی بۆ گوتیان بووی بە جاش، ماڵتە خەریک بووم خۆمت لێ نەناس بکەم، محەمەد گیان، چۆنی بە قوربان، باشی؟


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوبەری فەنەر[1]

چاوم لە باوکمە لە گەڵ ئیرەجە سووری خاوەن کوورەخانە قسە دەکات. دەیەوێ دە هەزارتمەنی لێ وەربگرێ و بیدا بە من. بە تەمام بچمەوە ئیمتحانی بیرکاری وەرزی دووەمی هاوینێ بدەمەوە. بە لاچاوێکیش ئاگام لە مەیدانی ماڵی کومپوتە. بەوجومعەیە کاردەکەن. ژنێکی خڕوخۆڵی هەیە. خەڵك دەڵێن ئیرەج بەدەوریدادێ. تا خێزانی نەهاتبوو کەس مەرحەباشی نەدەکرد. کابرایەکی تەنیا. لە بێ کابانی ناچار بوو خواردن و میوە ی قوتوو بخوات. خەڵکیش بەوەیان زانیبوو ناویان نابوو کومپوت. پاشان کە خێزان و منداڵەکانی هاتن وردە وردە خەڵك لێی نزیك بوونەوە و زانیان کابرا مامۆستای قوتابخانە بووە و بە هۆی چالاکی سیاسیەوە دەرکراوە

ئێستا زۆری ڕێز لێدەگرن، بەڵام تا نەڵێی کومپوت کەس نایناسێتەوە. دەبێ لانیکەم حەوتوویەك لە بۆکان بم. شایی لە دڵمدا دەگەڕێ. ئیرەج نایەوێ پوڵ بدا. باوکم دەنگی هەڵدێنێ. ئیرەجیش دەنگی هەڵدێنێ. ئیرەج ئازەرییە و کوڕی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندە. بەشێك لە بنەماڵەکەیان لەتەورێزن و بەشێکیان لە ئازەربایجانن. باوکیان بە ئارەقەی نێو چاوانی ئەو سامانەی کۆ کردووەتەوە، بێجگە لەو کورەخانەیە وەك دەڵێن زۆریان کارخانە و دوکان و شت هەیە. ئیرەج پشت لە باوکم دەکات و دەڕوات. باوکم ملیوانەی کراسەکەی دەگرێ و دەیکێشێ. ئیرەج قەت چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد. پشتە و قوون کەوت. قەڵەو و بە خۆوەیە کە دەکەوێ ڕمبەی دەێ. زۆر بە خێرایی هەڵدەستێتەوە و باوکم وەبەر مست و پێلاقە دەدات. باوکم دەکەوێ و ئیرەجیش وەبەر شەقی دەدات. تا من خۆم دەگەیەنمە ئەوێ. کومپوت و ژنەکەشی دێن. چەند جحێڵی تورکیش کە هەرکرێکاری کورەخانەکەن گەیشتنێ. وردە وردە خەڵك کۆ بۆوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مـن پـرم بـە ئیرەجدا کـرد. ئیـرەج وەك بەچکـە پشـیلەیەك پشـت ملمـی گـرت و فرێـی دام. خەڵـك کەوتنـە نێوانمـان و لێکیـان کردینـەوە. نازانـم کـێ بـوو دەسـتی باوکمـی گـرت و هەڵیسـتاندەوە. هەسـتم کـرد باوکـم کـە هەسـتاوە پـێ ئیـدی ئـەو باوکـەی جـاران نەبـوو. بـە زەحمـەت ڕاوەسـتا. پشـتی تـەواو ڕاسـت نەکـردەوە. کـوورە کـوور بـەرەو مـەنزڵـەکان وەڕێ کـەوت. وەدوای کـەوتـم. کومپـوت بـە پەلـە خـۆی گەیانـدە باوکـم. گـۆیـم لـێ بـوو گـوتـی دەبـێ شـکایەتی لـێ بکـەی. باوکـم راوەسـتا و چـاوی بڕیـە چـاوی کومپـوت وگـوتـی مـن پـوڵـی ئـەوەم نییـە کوڕەکـەم بنێرمـەوە بـۆکان کـوا پـوڵـی شـکایەت و شـکایەتکاریم هەیـە. دەنگـی باوکـم دەلـەرزی. پاشـان ڕۆیشـتە ژووری. کومپـوت هـەروا راوەسـتا بـوو و چـاوی لـە ئەرزەکـە دەکـرد

بـە تەنیشـتیدا تێپەریـم. ویسـتم بچمـە ژووری پەشـیمان بوومـەوە. باشـترە باوکـم جـاری نەمبینـێ دەنـا تۆڵـەی ئیرەجیـش لـە مـن دەکاتـەوە. بـەرەو بیابانەکـەی پشـتەوەی سـورمەکان[٢] وەڕێکەوتـم. لـە سـەر بەردێـك نزیـك ڕێـی قەتارەکـە دانیشـتم. بیـری لێدەکەمـەوە هەمـووی تاوانـی منـە. مـن نەدەبوایـە ئێسـتا ئیمتحانـم هەبـێ. پـاش ماوەیـەك قەتارێـك بـە گرمەگـرم تێدەپـەڕێ. مسـافیرەکان بـای بایـم لێدەکـەن تاقەتـم نییـە جوابیـان دەمـەوە. سـەیری ئەرزەکـە دەکـەم مێروولـە عەجەمانەیەکـی زۆر دێـن و دەچـن. هەڵدەسـتمە سـەر پـێ وەدەچـم مێروولەیەکـی دیکـە دینـم ئەوەیـان لـەوان نییـە. لـە گـەڵ یـەك دانـە لـەو مێروولـە عەجەمانـە بـە شـەڕی دەدەم. مێروولـە عەجەمەکـە زۆر دڕە. ئـەوەی دیکـە هەڵـدێ دەیگرمـەوە. دیسـان مێروولەکـەی دیکـە کەوتـە بنـەوە. بـە پـێ مێروولـە عەجەمانەکـە پـان دەکەمـەوە. مێروولەکـەی دیکـەش پـان دەکەمـەوە. رقـم لەویشـە. هەڵدەسـتم دەسـت دەکـەم بـە مێروولـە کوشـتن. شـارەکەیان دەبینمـەوە و تێکـی دەدەم. پاشـان لـە سـەر ئەرزەکـە رادەکشـێم. و چـاو لـە ئاسـمان دەکـەم. ئاسـمانی ئێرەش وەك ئاسـمانی بۆکان شـینە. هەسـت دەکـەم وردە وردە مێروولـە عەجەمانـە دەورم دەدەن. بـە پەلـە راسـتەوە دەبـم و دادەنیشـم. ئەرزەکـە رەش دەچێتـەوە. تـا چـاو هەتـەر دەکات مێروولەیـە. یـەك بـە خـۆم دەقیژێنـم و لـە خـەودا ڕادەچڵەکـم. رۆژبـەرەو ئـاوا بـوون دەڕوات و مێشـوولەیەکی زۆر هـازە هازیانـە. قەتارێکـی دیکـە لـە دوورەوە بـە گرمـە گرمـەوە وەدیـار کەوتـووە و بـەرەو لای مـن دێ. بـەرەو قەتارەکـە دەچـم دەمـەوێ بـای بـای لـە مسـافیرەکانی بکـەم.

١- لـە کورەخانـەکان کاتێـك کەرپوچـەکان ویشـك بوونـەوە بـە شـێوەیەکی تایبـەت لـە سـەر


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکتر هەڵی دەچنن، فەنەری پێی دەڵێن

**٢-** ئەوگڵەی لە کورەخانەکان هەڵدراوەتەوە و کرێکارەکان کاری لە سەر دەکەن، سورمەی پێ دەڵێن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەختەوەری

ئەو هەر لە بەردەرکە کراسە خۆڵاوییەکانی داکەند و لە نایلۆنێکی ئاخنی. بە ژێرکراسێکی سپی زەرد هەڵگەڕاو و ژێرپانتۆڵێکی شینی کاڵەوە بوو، هاتە ژووریٚ و یەک ڕاست بۆلای حەمام ڕۆیشت و دەرکەی حەمامەکەی کردەوە و چووە ژووریٚ.

ئەم بە دەنگی دەرکە کرانەوەکە بە پەلە کترییەکی وەبەر شێرەی ئاوەکەدا و پڕی کرد و لەسەر گازەکەی دانا. تا ئەو حەمامی کرد، ئەم چایەکەی دێم کرد و دوو ئیستکان و قەندانێکی لەسەر کەشەفێک دانا. پاشان تا پێشخانە چوو. سەرنجی نایلۆنێکی دا کە لەویٚ دانرابوو. کە هەڵیگرت ساردی شووشەی نێو نایلۆنەکەی هەست پێکرد. خێرا هاتەوە ئاشپەزخانە و شووشەکەی خستە نێو بەفرگرەکەوە.

دەرکەی بەفرگرەکەی داخست و ئاوڕی دواوەی داوە. چاوی بە نارین کەوت.

- بابم هاتەوە؟ چی کڕیوە؟

- ئا هاتەوە، خەریکە حەمام دەکات.

- چی بۆ من کڕێوە؟

- هیچی بۆ نەکڕیوی، کچم. خۆ بابت لە بازار نەبووە. لە سەر کار بووە. باپیرە چ دەکات؟

نارین سەری بەرداوە و لەو کاتەدا کە خەریک بوو دەرۆیشتە دەریٚ لە بن لێوییەوە گوتی : هیچ ناکات.

ئەم لە ئاشپەزخانەکە هاتە دەریٚ و وەداوی نارین کەوت. نارین دەرکەی ژووری دانیشتنی کردەوە و چووە ژووریٚ. ئەم بە دەستی پێشی داخرانی دەرکەکەی گرت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نارین ئاوڕی داوە و سەری هەڵێنا و لە دایکی ڕوانی.
ئەم چاوی بۆ بابی گێڕا.
چۆنی بە جێهێشتبوو هەروا بوو. ڕوو بە پەنجەرەکە لە سەر ویلچێرەکە دانیشتبوو. ملی خوار کردبووە و سەیری دەرێی دەکرد. بۆ چرکەیەک لە بێ جووڵەیی بابی ترسا. چووە پێشێ و لە پشت سەری ڕاوەستا. دەستێکی لە شانی دا. بابی بە هێواشی ئاوڕی داوە و بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە لێی ڕوانی. ئەم دەستی درێژ کرد و بە قامکی فرمێسکەکانی چاوی سڕی. پاشان بێ دەنگ لە ژووری دانیشتن هاتە دەرێ و گەڕاوە ئاشپەزخانە.
ئەو لە حەمام هاتبووە دەرێ و بە خاولییەک سەری ویشک دەکردەوە.
- چۆنی؟
- باش نیم.
- چیت لێناوە؟
- سووب.
- هەی تێبڕیم جا سووب کەنگێ چێشتە.
- لەبەر نارین و بابم لێم ناوە.
- بۆ من بەشەر نیم، هەزار جارم گوتووە سووبم پێ خۆش نییە.
- ئەوە چییە داتناوە چایی ناخۆمەوە. ئارەقەکەت چ لێ کرد؟
- لە بەفرگرەکەدایە.
دەرکەی بەفرگرەکەی کردەوە و گوتی
- بڕێک تەماتە و خەیار ورد بکە و وەرە دانیشین لێوێک تەڕ کەین.
- من ناخۆمەوە.
- ناز مەکە دەی پێم خۆشە پێکەوە بخۆینەوە.
- لەبەر نارین و بابم ناخۆمەوە.
- ئەوان با نان بخۆن. نارین سەیری کارتۆن دەکات و بابیشت خۆ ئاگای لەو دنیایە نییە. لە خۆڕا ئیدی بۆ نازم بۆ دەکەی.
- هێواش ماڵتە گوێی لێدەبێ.
- گوێی لە چی دەبێ؟ تۆ بۆ حاڵی نابی. بابت تەنیا پارچە گۆشتێکی زیندووە لەسەر ئەو ویلچێرە دانراوە و تەواو.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بزەیەک دەکات و لە بن لێوییەوە دەڵێ

- ئەڵبەت کەیسەکەشمانە) پاشان دەڵێ (هیوا دارم تەمەن درێژ بێ. کچێ هەستە لەو قسانە گەڕێ. ئەوە شێت دەبم بۆ عارەق و گان.

ئەم بە پەلە دەستی دەخاتە سەردەمی ئەو و دەڵێ تۆ خودا هێواش. بابم هیچ. دەی خۆ نارین گوێی لێ دەبێ.

ئەو لە پەنا بەفرگرەکە ڕۆنیشتە سەر عەرزەکە و گوتی

- باشە بابە دەڵێی داخودا چیم گوتووە . .نارین ... نارین

نارین بە پەلە لە ژووری دانیشتن هاتە دەرێ و بە هەڵاتن هاتە نێو ئاشپەزخانەوە و خۆی هاویشتە نێو باوەشی باوکییەوە.

- ئەوە سەگباب بۆ نایەی بڵێی بابە ماندوو نەبی، بابە بە خێرێیەوە.

- بابە ماندوو نەبی، بابە بە خێرێیەوە.

بەتوندی نارین بە سینگییەوە دەکوشێ.

- فێربە کچم، فێربە. ئەمرۆ چوویە قوتابخانە؟

نارین سەرێکی بە نیشانەی بەڵێ ڕاوەشاند.

- دەی بۆ بابی خۆتی بگێڕەوە بزانم چ بووە؟ چیتان کرد؟ چی فێر بووی؟

- بابە مامۆستاکەمان گوتی: ئەگەر داخڵەتان هەیە بیهێنن.

- بۆ چییەتی؟

- بابە نامەیەکیشی بۆ تۆ ناردووە، بیهێنم؟

- ئا بڕۆ بیهینە بزانم چییان نووسیوە.

تا نارین چوو نامەکەی بێنێ و تا ئەو نامەکەی خوێندەوە، ئەم سفرەی ڕاخست و دوو ئیستکانی لە سەر دانا و شووشە ئارەقەکەی لە نێوەڕاست دانا. دەورییەکی پڕ کرد لە زەیتوون و داینا. پاشان دەرکەی بەفرگرەکەی کردەوە و قاپێک سەهۆڵی هێنا و وەبەر شێرەی ئاوەکەیدا و سەهۆڵەکەی دەرهێنا. سەهۆڵەکەی بە لێواری دیواری ئاشپەزخانەکەدا دا و لەتی کرد. ئاوێکی بە لەتە سەهۆڵەکاندا کرد و لە قاپێکی کردن و لە پێش ئەوی دانا. پاشان چەند خەیار و تەماتەی لە بەفرگرەکە دەرهێنا و دانیشتە سەر عەزری و بە چەقۆیەک خەریکی سالاد دروست کردن بوو. پاش کەمێک سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کردن.

نارین لە پەنا بابی ڕاوەستا بوو و سەری بە سەر کاغەزەکەدا شۆڕ کردبووەوە. ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

به لەقە لەق وشە تورکییەکانی دەخوێندەوە و هەوڵی دەدا لێیان حاڵی بێ.

لە پڕ دەنگی هەڵێنا و گوتی

- گووتان بۆ دەنێرم، دایکو بگێم ئەرێوەڵڵا.

پاشان کاغەزەکەی گرمۆڵە کرد و فڕێیدایە سەر سفرەکە. چاوێکی لە نارین کرد. نارین ڕەنگی بە ڕووەوە نەمابوو و سپی سپی هەڵگەڕابوو. ئەو ئارام دەستی درێژ کرد و نارینی بۆ لای خۆی کێشا و لە سەر کۆشی خۆی دانیشاند.

- نارین گیان مامۆستاکەت نووسیویەتی پارە بنێرین. ئەوان دەینێرن بۆ سەربازەکان لە بەرەکانی شەڕ. نووسیویەتی با منداڵەکان فێری نیشتمانپەروەری بن.

- ئا مامۆستاکەمان گوتی داخڵەکانیشتان بێنن.

- بەڵام کچی جوانم قەرارنەبوو وردە وردە پارە بخەینە نێو داخڵەکەتەوە بەهارێ دووچەرخەت بۆ بکڕین؟

- با بەڵام مامۆستاکەم گوتی ...

- دەزانی ئەوان پارەکانی ئێمە دەدەن بە گوللە و دوایە خەڵکی پێ دەکوژن؟

- مامۆستاکەمان گوتی داخڵەکانتان بێنن، ئەوە دەبێ ... ئەوە ... ئەها گوتی ... حەفتا بەڵا لێتان دور دەکەوێتەوە.

- دەزانی بە گوللەکانیان منداڵانیش دەکوژن؟

- منداڵان ... ن ... ن ... ن

- ئەی چۆن دوایەش خۆ ئێمە تورک نین. ئێمە کوردین، بەڵام تۆ لە کن ئەوان مەڵێ کوردم، بڵێ ئێرانیم. باشە؟

- باشە. ئەی پارەیان نەدەمێ؟ (جوابی نارین نەداتەوە)

- کچێ هەستە نان بدە بە نارین و بابت.

- بابە پارەیان ...

- نازانم. تۆ جارێ بچۆ ئەو دیو لە کن باپیرە نانەکەت بخۆ و چاو لە کارتۆن بکە.

تا ئەم سووبی کردە نێو دوو قاپەوە و لە سەر کەشەفێکی دانا و بردییە ئەو دیو و کەشەفەکەی روو بە تلویزیۆن بۆ نارین دانا و بە کەوچک وردە وردە سووبی کردە نێو زاری بابییەوە. ئەو چوو ژێرسیگارێکی هێنا و لە پێش خۆی دانا و پاشان لە گیرفانی شارواڵەکەی پاکەتێک سیگار و فەندەکی دەرهێنا و یەکەم سیگاری


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

داگیرساند.
ئەم کە هاتەوە، نێو ئاشپەزخانەکە پڕ ببوو لە دووکەڵ. ئەم کەلێنێکی بە پەنجەرەکەدا و لە تەنیشت ئەو دانیشت و خەریکی سالاد دروست کردن بۆوە.
تا ئەم سالادەکەی ئامادە کرد، ئەو دوو لەتە سەهۆڵی خستە نێو ئیستکانەکان و تا نیوە ئارەقی تێ کردن و پاشان هەستا و چوو پارچەکەی پڕ کرد لە ئاو و دانیشتەوە و ئیستکانەکانی پڕ کرد لە ئاو.
ئەو لە بنەوە چاوێکی لە ئیستکانەکان کرد و بە دیتنی ڕەنگی ئاوەکە کە دەتگوت ماستاوە هێڵنجێکی هێناوە.
- دەزانی دەترسم پارە نەدەین، لە قوتابخانە نارین ئەزیەت بکەن. وەختە شێت بم. پارە دەدەی ... هەڵیدە بە خۆشیت.
- مەعیدەم باش ناڵێ ناخۆمەوە.
- گوان مەخۆ، عارەق بخۆ.
- ناخۆمەوە، دەم شڕ. هەزار جارم نەگوتووە لە کن ئەو تفڵە هێندە جنێو مەدە؟
- بە قەبری بابت ناخۆییەوە. لە داخی ئەو سەگبابانە وەختە شێت بم. دەیانەوێ بە پارەی خۆمان ... هۆوی ... ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟
- تا فێری قسە کردن نەبی لە گەڵت دانانیشم. دەچمە کن بابم و نارین.
- چاوت دەرێ، بڕۆ ملت بشکێنە ئەرێوەڵڵا.
ئەم کە ڕۆیشت ئەو هەر دوو ئیستکانەکەی بە مەودایەکی کەم هەڵدا.
لەسەر هەشتەم سیگار بوو، کە هەستی کرد شووشەکە هیچی تێدا نەماوە. نەیدەزانی چۆنی ئەم هەموو عارەقە خواردووەتەوە.
- کچێ وەرە ئێرە کارم پێتە. هۆی ئافرەت لە گەڵ تۆمە، دا تا ئێرە وەرە.
ئەم کە هات. ئەو بە لەقەلەق هەستا. ویستی قسەیەکی بۆ بگێڕێتەوە. کە هەستا سەر پێ سەری لە گێژەوە دەهات. دەستی بە بەفرگرکەوە گرت و ڕاوەستا.
- چیت دەوێ؟
- دەمەویسسسست، قسەیەکت. بۆۆۆۆ بگێڕمەوە. کەچچچی لە بیرمممم چۆتەوە.
- دیسان مەستت کرد، بکەوییە گیانم. عەک سەرت لە قوڕێ نێم ئەوە ئەو هەموو عارەقەت بە تەنیا خواردۆتەوە؟
- دەزانیییییییی جوابی موساحەبەکەی یوئێنی حوسێنننننن هاتەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- حوسێن کێ؟
- حوسێنننننن ماڵته.
- دەی بەمن چی؟
- ئاخە رەد بووەتەوە.
- دەی چاوی دەرێ، رەد بووەتەوە.
ئەو دەستی بۆ گیرفانی برد و بە زەحمەت دە لیرەی دەرهێنا و گوتی
- ها. ئەوە بدە بە نارین با سبەی بیدا بەوووو ... من دەچم دەخەوم.
ئەم لە سەر ڕێگاکە لاچوو. ئەو دە لیرەکەی هەر وا بەدەستەوە بوو. ئاخری دە لیرەکەی بەرەو ئەم فڕێدا. دە لیرەکە لە بن پێی ئەم کەوتە سەر عەرزی.
ئەو ویستی بڕواتە دەرێ. چاوی لە ڕەشەوە دەهات. بە حاڵ فەرشەکەی دەدی. چاوی بە دە لیرەکە کەوت. داهاتەوە دە لیرەکە هەڵبگرێتەوە. هەستی کرد مەعیدەی شەپۆل لێدەدا و ئەوەی خواردوویەتی خەریکە بە دەمیدا دێتە دەرێ. ویستی ڕاست بێتەوە، نەیتوانی. لە پڕ زاری کردەوە و بەسەر فەرشەکە و دە لیرەکە و سفرەکەدا ئەوەی خواردبووی هێنایەوە.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مریەم

ئەو ڕۆژەی تەرمی نادریان هێناوە، گەرەك شێوا. بە ئاڵای ئێران تەرمەکەیان داپۆشیبوو. من نەمدەزانی چ باسە، دایکم گوتی لەشەڕی ئێران و عێراق کوژراوە. وەك هەمووان سەیری شین و ڕۆڕۆی خەڵکم دەکرد. حەزم دەکرد زوو کۆڵان چۆڵ بکەن و بڕۆن و دیسان خەریکی حەوت سەنگێن ببینەوە، کەچی لە پڕ تۆم دی خۆت بەسەر تەرمەکەدا دا. پرچت دەڕنی و کوڵمەت دەڕنی و دڵی منیشت دەڕنی.

گوتیان مریەم گراوی نادر بووە و ئێستا لەتاوان خەریکە شێت دەبێ، من تاسا بووم و سەیری تۆم دەکرد چۆن مەمکەکانت و سینەوبەرۆکت لەو تابووتە دەخشێنی. چەند کەس بەزۆر ڕایان دەکێشای و جیایان دەکردیەوە، خۆزگە من نادر بۆایەم و لە شەڕی ئێران و عێراق سەرباز بوایەم و بکوژرابام و تۆ وات بۆمن بکردایە.

چەند مانگ پاش ئەو ڕووداوە نەهاتییە بەردەکە و یەکەم کەس کە تۆی بینی من بووم. کە هاتییە دەرێ جلێکی ڕەشی قەترانیت لەبەردابوو.

کوڵمەکانت تێك قۆپابوون و چاوەکانت بەقووڵ دا ڕۆچووبوون، دەتگوت مردووی و لە گۆڕستان هاتوویەتیە دەرێ، من چۆکم شکا. هێزم نەما سەیرت بکەم. بەرانبەر دەرکە سوورەکەی ماڵتان ڕاوەستابووم و سەیرم دەکردی، بەڵام تۆ منت نەدەدی، هەروا بۆ چەند چرکەیەك سەیری کۆڵانت کرد و ڕۆیشتی، من بانگم کردی، بەڵام دەرکەت داخست و چوویەوە ژوورێ، خۆم پێ ڕانەگیرا و لە دەرکەمدا، دەرکەت نەکردەوە، بەمست لە دەرکەم دا، دەرکەت نەکردەوە، گریام و نەڕاندم دەرکەکەتم لێ بکەوە.

لەپڕ هۆڕنی ماشینێك وەئاگای هێنامەوە، لەناوەندی کۆڵان ڕاوەستابووم و بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

واقوڕماوی سەیری دەرکەی داخراوتانم دەکرد. چەند ڕۆژ دواتر ئێمەماڵمان لەو کۆڵانە و لەو شارە و لەو وڵاتە باری کرد و ئاخر شتێك کە لە مێشکی مندا لە تۆ ماوە دەرکەی داخراوی ماڵەکەتانە.

گەرمی قسەین.

دەڵێ - مریەمت لەبیرماوە؟

دەڵێم - بەڵێ.

دەڵێ — ماوەیەك لەوەپێش بە نەخۆشی لە نەخۆشخانە مرد. دەتاسێم.

ئەو ڕۆژەی بەبیانووی ژیرکردنەوەی خۆشکەزاکەت سەمات دەکرد و ئەو پێت پێدەکەنی من عاشقت بووم، من لە کونی کلیلی دەرکەوە سەیرم دەکردی و تۆ نەتدەزانی سەیرت دەکەم، بەڵام من عاشقی چاوەشینەکانت و قژە کاڵەکەت بووم.

پێت دەڵێم دادە، بەڵام لە دڵەوە نییە، عاشقتم و ناوێرم دەریببڕم. دەزانم پێك ناگەین. پێنج ساڵ لەمن گەورەتری و تا من جحێڵ دەبم تۆ دەمێکە مێردت کردووە.

ڕۆژێك پێم گوتی تۆ بۆ دەڵێی ئەورووپی؟ تۆش وەك قسە بۆ منداڵێك بکەی بزەیەکت کرد و گوتت باشە بەقوربان پێت خۆشە لە ئەورووپی دەچم؟

من لەو قسەیەت سوور هەڵگەڕام و سەرم داخست. گوتم ئەی بۆ ئێمە قژمان ڕەشە و چاومان شین نییە؟

دیسان گوتت حەزت دەکرد وەك من بوایەی؟ من لەتاوی ئەوەی نەمدەزانی چۆن وەڵامت بدەمەوە هەستام و هەڵاتم.

هێدفۆنەکەم لە گوێ کردووە و دەنگەکەیم فوول کردووە و خەریکم ماشین لێدەخوڕم. لەسەر تراکتی شەشی دادەنێم.

خۆم کرماشانی فارسی نەزانم. وەزوانی کوردی قەزات لە گەیانم. شەوچرای دیوەخانمی. گوڵ وەنەوشەی ...

من و نەنکم لەپەنجەرەکەی بەرانبەر بە شەقام ڕاوەستابووین. من تازە پێدەگەیشتم و دەمزانی عاشقتم و ئەو گۆرانییەم پڕ دەنگ کردبوو، ژوورەکە دەنگی دەدایەوە.

نەنکم گوێی گران بوو، بەڵام هێندەم دەنگدا بویە ئەویش گوێی لێ بوو و مەلی خەیاڵی لەگەڵ دەنگەکە فڕیبوو، کە گەیشتە شەوچرای دیوەخان بزەیەکی کرد و گوتی شەوچرای دیوەخان. زوو دووقرانییەکەم کەوت. گوتم نەنە چیت وەبیر دەخاتەوە؟ گوتی کوڕم شەشت و پێنج ساڵ لەوەپێش کچێکی پازدە ساڵە بووم و کوڕی ئاغا


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

عاشقم ببوو. گوتم باشە بۆ مێردت پێی نەکرد؟ گوتی ئەوە حەکایەتێکی دوورودرێژە. ئەو دەستی بەگێڕانەوەی چیرۆکی عەشقێکی کۆن کرد و من لەگەڵ گۆرانییەکە )خاڵی ناوسینەت سەر وەلیم شێواند (سەرم لێشێوا. خاڵی ناوسینەت ... بڕوابکە سەری لە تەواوی دنیا شێواندووە.

بەیانی زوو دەچووم بۆ قوتابخانە و تۆش بەردەرکەی ماڵێت دەشۆردەوە، داهاتبوویەوە و ئەرزەکەت دەماڵی.

جووتێك مەمکی سپی تەوورت سەرنجی ڕاکێشام. چاوم لەنێو مەمکەکانتدا حەپەسابوو. توانای ڕۆیشتنم نەمابوو، سەرت هەڵێنا و زوو قیت بوویەوە و گوتت مام پیاو چۆنی؟ ئەوە دەچی بۆ قوتابخانە؟

من تفی نێو زارم بەزەحمەت قووت دا و بەلاڵەپەتەیی گوتم بەڵێ و ڕۆیشتم.

نازانم چۆن گەیشتمە قوتابخانە و چیم خوێند، لەبیرمە مامۆستا باسی وزەی دەکرد و منیش لە وەبیر هاتنەوەی مەمکەکانت وزەم نەما و بەسەر مێزەکەدا تلیسامەوە. نەمزانی ئەو وزەیەی مامۆستا دەیگوت لەچی دروست دەبێ و بەچی تەواو دەبێ، بەلام دەمزانی هەرچی وزەی هەمە دەیدەم بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەمکەکانت ببینمەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# داوێن پیس[7]

سەیدیژن دەڵێ: فاتمم لە دورەوە ناسیەوە، لارە مل و لێوبەبار بەلۆژە لۆژە بە تەنیشتمدا تێپەر دەبوو. بانگم کرد فاتم.

فاتم دەڵێ: ئەحمەد لە ماڵێی وەدەرنا بووم جێیەکم پێ شک نەدەهات رووی تێکەم.

سەیدیژن دەڵێ: پێشتر فاتم خێزانی وەستا مەجیدی ئاسنگەری دراوسێمان بوو، بیستمەوە ڕەدووی ئەحمەد ناوێک کەوتووە و کۆشێک منداڵی بەسەر وەستا مەجیدا بە جێهێشتووە.

فاتم دەڵێ: بە بیستنی ناوی خۆم راچڵەکام.

سەیدیژن دەڵێ: ڕاچڵەکا.

فاتم دەڵێ: سەیدیژنم دیت تاسام.

سەیدیژن دەڵێ: تاسا.

فاتم دەڵێ: کووڵی گریان هەڵیگرتم و خۆم هاویشتە باوەشی سەیدیژنەوە.

سەیدیژن دەڵێ: هیچم نەگوت.

فاتم دەڵێ: بە هەنیسکەوە وەختابوو سەرم هەڵقەنرێت.

سەیدیژن دەڵێ: زۆر گریا.

فاتم دەڵێ: سەربردەی خۆم بە کورتی بۆ گێراوە و گوتم بێ مەئوام.

سەیدیژن دەڵێ: ئاورم تێبەر بوو. خولقی ژووریم کرد، نەیگوت نا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاتم دەڵێ:ماڵیان ئاوابێ، حەوتوویەک لە ماڵیان بووم.
سەیدیژن دەڵێ: ئەیارۆ سووسەم کرد فاتم بە دەوری قالەی کورم دا دێ.
فاتم دەڵێ: قالەی لێ کردمە بیانوو دەرمبکات.
قالە دەڵێ: پازدە ساڵم بوو.
فاتم دەڵێ: قالە منداڵ بوو.
سەیدیژن دەڵێ: لە ژوورەوە دەنگە دەنگ دەهات، چوومە ژوورێ. فاتمم دی لە بەرانبەر قالە ڕاوەستاوە و خۆی پێوە نووساندووە.
قالە دەڵێ: دادە فاتم گوتی چاوت زۆر جوانە، حەیف لە بن ئەو چاویلکانەوە دیار نین.
فاتم دەڵێ: گوتم سمێڵیشت نییە پێت خۆشە سمێڵت بۆ بکێشمەوە .؟
سەیدیژن دەڵێ: گوتم ئەوە چ دەکەن؟
قالە دەڵێ: گوتم دادە فاتم بە ماژیک سمێڵم بۆ دروست دەکات.
فاتم دەڵێ: قالە گوتی دەتوانی سمێڵم بۆ بکێشییەوە بمبم بە پیاو. ویستم بیکەم بە پیاو.
سەیدیژن دەڵێ: خۆم بە فاتم دادا و بە عەرزم دادا.
فاتم دەڵێ: ئەیرۆ ئەو ژنە شێت بووە.
سەیدیژن دەڵێ: دەشترسام سەید مارەی بکات. گوتم تا زووە وەدەری نێم. ئەو هەتیوەشم شێتۆکەیە تووشی شتێکمان دەکات.
فاتم دەڵێ: بە پرچ ڕایکێشام تا بەردەرکە. یەک بەو گەڕەکە دەمقیژاند.
سەیدیژن دەڵێ: وەی دەستەکانم خۆش بێ.
سەید دەڵێ: حەک دەستت ورد بێ ئەو ژنە نازدارەت وەدەرنا.
سەیدیژن دەڵێ: وەی دەستەکانم خۆش بێ.
قالە دەڵێ: سمێڵی بۆ دەکێشامەوە، نەتهێشت بمکات بە پیاو.
سەیدیژن دەڵێ: وەی دەستەکانم خۆش بێ.
فاتم دەڵێ: دیسان وە کۆڵانان کەوتم، دوایە چوومە شەقامەکان و یەکەم ماشێن کە هات سوار بووم.
سەیدیژن دەڵێ: هەر لە سەرەتاوە گوتم سەید ئەو ژنە داوێن پیسە.
سەید دەڵێ: من دەمەویست بزانم داوێنی پیسە یان نا ،ئەو ژنەتیوە وەدەری نا.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوە منم منۆکە

ئەوە منی ڕابردووم کە لە گەڵ هەژاری ڕابردوو سەرینێکمان کردووەتە ئەسپێکی سوور و بە پانایی پێدەشتێک ئاوزینگ لێ دەدەین. ئەسپەکە بە سەر جۆگەلەیەکدا باز دەدا و لە بازەکەیدا منی ڕابردوو بەربوومەوە خوارێ و هەژاری ڕابردوو هەستی بە بەربوونەوەم نەکرد و بەپڕتاو لێم دوور کەوتەوە. چاوم لێیە کە لە نزیک ماڵان ئەسپەکە دێتە سەر پاشوو و هەژاری ڕابردووش بەردەداتەوە.

ئێمەی ڕابردوو بەرەو ئەسپەکە هەڵدێین ودەمانەوێ دیسان سوار بینەوە کە دەرکەی ژوورەکە دەکرێتەوە و دوو خاڵی هەژاری ڕابردوو دێنە ژوورێ و دادەنیشن. من و هەژاری ڕابردوو دەمانەوێ دیسان غار غارێن بکەین، بەڵام منی ئێستا دەزانم خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو نەیاندەویست ئێمەی ڕابردوو غار غارێن بکەین.

خاڵە ئەمیری ڕابردوو دەڵێ منی ڕابردوو کاراتەبازە. منی ڕابردوو چاوی لێدەکەم و پێدەکەنم. خاڵە سمایلی ڕابردوو دەڵێ دەرەقەتی هەژار نایەت. منی ئێستا دەزانم منی ڕابردوو بە لاچاوێک سەیری هەژارم کرد و بە فرووجم بینی.

خاڵە ئەمیری ڕابردوو گوتی هەژار چیە منی ڕابردوو دەیکاتە پارووبەک. منی ڕابردووش هاوبیری خاڵە ئەمیری ڕابردووم. هەژاری ڕابردوو ملی منی ڕابردووی گرت و منیش ملی هەژاری ڕابردووم گرت. خاڵەکان هەژاری ڕابردوویان هاندەدا و منی ڕابردوو لە دەنگیان ترسام و سەرم لێ شێوا. منی ئێستا پێی وایە هاندانی خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو ورەی دا بەهەژاری ڕابردوو و منی ڕابردوو شکستی قبوڵ کرد، بەڵام نووسەری ئەم چیرۆکە پێی وایە منی ڕابردوو دەرەقەتی هەژاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕابردوو نەدەهات. منی ئێستا خەمی منی ڕابردوویەتی و نووسەری ئەم چیرۆکەش گاڵتەی بە خەمی سی ساڵ لەوە پێش دێ و پێی خەمێکی منداڵانەیە و پێی وایە کێشەی ناوەکی و گرفتی پیس بوونی ژینگە و رزگاری کوردستان و ئاڵۆزیـنووب مەخ ۆب ەیەه رتگنیرگ یسرپ کێلەگ و اد خرەچواه یمەدرەس ەل دروک یسانوش .تاکەد اتسیئ ینم یەنۆک رەس و ندراوخمنی ڕابردوو دەست دەکات بە گریانێکی بە کوڵ و بە تەواوی خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو ژێر نابێتەوە. دایکی ڕابردووم بە پەلە دێتە ژوورێ و منی ڕابردوو لە باوەش دەکات و سەرکۆنەی خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو دەکات کە بۆچی ئەم منداڵانەیان بە شەڕ داوە و منی ڕابردووش بە سرتە بە گوێچکەی دایکی ڕابردووم دا دەچرپێنم کە خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو منی ڕابردوویان گرتووە و هەژاری ڕابردوو خوریشۆری کردووم. خاڵەکانی هەژاری ڕابردوو حاشا لەم قسەیەی منی ڕابردوو دەکەن و منی ئێستا دەزانم ئەو درۆیە تۆڵەی منی ڕابردوو بوو لە خالەکانی هەژاری ڕابردوو، بەلام نووسەری ئەم چیرۆکە باسی شەڕی سووریە و عێراق و رووسیەی زۆر پێ خۆشترە لەم باسە کۆنەی منداڵی و منی ئێستا ناچار دەکات کای کۆن بە با نەکەم و بیر لە دەستی شاراوە لە تێکدانی باشووری کوردستان بکەمەوە و منی ئێستاش پێی وایە کورد نەتەوەیەکی خۆ خۆرە و دەست و لاقی کەس لە باشوور نییە، پاش کەمێک منی ڕابردوو دیسان چاو بۆ سەرینەکە دەگێڕێ و لە سووچێک دەیبینێتەوە و لە گەڵ هەژاری ڕابردوو خۆمان دەخەینەوە سەر پشتی و بە نێو شەڕە جنێوی دایکی ڕابردووم و خالەکانی هەژاری ڕابردوودا خەریکی رمبازێن دەبینەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سوورسوور دایناسۆر[7]

کە زڕەی مۆبایلەکەم بێ دەنگ کرد. دیتم سارا لە سەر تەختەکە دانیشتووە و بەرەو ڕووم پێدەکەنێ.

- ئاخری هەستای؟

- درەنگە.

بە پەلە پەتووەکەم لادا و هەستامە سەر پێ. بەهار دەموچاوی وا لە باڵنجەکە چەقاندبوو، بەزەحمەت هەناسەی دەکێشا. سارا دەڵێ: دیتووتە ئەم کچەی ئێمە چۆن دەخەوێ؟

هێواش وەرمسووڕاندە سەر پشت و لە ژووری نووستنەکەمان چوومە دەرێ.

کترییەکەم لە سەر گازەکە دانا و تا کترییەکە کوڵی دەموچاوم شووشت و سفرەم ڕاخست و قووتوویەکی بەلالیشم بۆ بەهار دانا بکوڵێ.

سارا دەڵێ: لە بەلال دا بیکوڵێنن تێر ناخوات.

تا بەهار هەستا و نانمان خوارد و سواری ماشێن بووین ئیدی تەواو درەنگ ببوو.

لە نزیک فەلەکەی فەرمانداری چاوێکم لە بەهار کرد و کوتم ببوورە فریاش نەکەوتم مانتۆکەت بۆ ئوتوو بکەم. چاوی خومار کرد و سەری خوار کردەوە و کوتی قەیناکە دەتبەخشم.

دەڵێم: لوتفت هەیە خانم.

قاقا پێکەنی. لە ئاوێنەکەوە چاوم لە سەندەڵی پشتەوە کرد دیتم ساراش بزەیەکی کرد. هەستی کرد چاوی لێدەکەم رووی کردە خیابان و خۆی لە نیگام شاردەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تا بەهارم لە قوتابخانە دانا و گەیشتمە قوتابخانەی خۆم دە دەقە لە کاتی دەوام تێپەڕ ببوو. منداڵەکانیان ناردبووە حەوشەی قوتابخانە و هەر کەسەی بە لایەکدا ڕۆیشتبوو. یەکیانم بانگ کرد و کوتم بچۆ بیانهێنەوە ژووریٚ.

زەنگی دووەم لە ژووری مامۆستایان مودیر هات و کردی بە گوڕە گوڕ ... مامۆستا هەیە بە کەیفی خۆی دیٚ. گرفتاری گرفتاری ... (یەکێک لە مامۆستاکان سرتەیەکی لە گەڵ دەکات ... تەسادف ...) بە من چی؟ ... ئەو خەڵکە هەموو کێشەی خۆیان هەیە کاکە ...

هەستام و هاتمە دەریٚ. بایەکی ساردی پاییزی لە نێو حەساری قوتابخانەدا گیری کردبوو و خۆی بە دارودیوار دادەدا. زیپی باڵتەکەم داخستوو و تا مودیر دەنگی تەواو نەبوو نەچوومەوە ژووریٚ. سارا بە ددان لێوی خۆی دەگەست و پێدەکەنی.

نیوەڕۆ دیسان درەنگ گەیشتمە لای بەهار. بە تەنیا لە بەر دەرکەی قوتابخانە هەڵترووشکا .ووبهۆڕنێکم بۆ لێدا. بە هەڵاتن هات و سوار بوو. تا ماڵیٚ لە بن گوێم هەر قسەی کرد.

- خانم ئاهەنگەری ئەوڕۆ کوتی ... خوداداد ئەورۆ ... ئاراستە ئەورۆ ... شیرین ئەورۆ ...

کە ماشێنەکەم لە حەوشە ڕاگرت سەرم دینگە دینگی لێوە دەهات.

بە پەلە قوتوییەکی قۆرمە سەبزیم کوڵاند و کەتەیەکم بۆ ساز کرد. گەسکێکم لە ماڵێدا، جلەکانی بەهارم ئوتوو کرد. بڕێکمان ئینگلیزی خوێند و چاییشمان خواردەوە. بۆ شەویش یارەماسیم کوڵاند و سەوزیشم بۆ چاک کرد، لە گەڵ دۆیەکی ترش. پاش شام بڕێک لە نێو فەیسبووک دا خولامەوە و لایک و کامێنت بازیم کرد و بڕێک بە هەواڵەکان حاڵم گیرا ... هەر ئەوەندە.

سارا دەڵیٚ: بەهار خەوی لێکەوتووە نایبەیە سەر تەختەکەی؟

دەڵێم: ئەوە کەنگیٚ خەوت؟

دەڵیٚ: تۆ هەر سەرت لە نێو ئەم مۆبایلەت دایە. ئەو فەقیرە هێندەی چاو لە کارتۆن کرد لە جێی خۆی خەوی لێکەوت. دێم بڵێم دەی بڵێم چی ... نایڵێم و هێواش بەهار لە باوەش دەکەم و دەیبەمە ژووری نووستنەکەمان و لە سەر تەختەکەی دادەنێم.

سەبر تلویزیۆنەکە و لامپی ژوورەکەشم کوژاندەوە و چوومە ئاشپەزخانە و کترییەکەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەسەرنا. پەنجەرەکەم کردەوە ویستم سیگارێک داگیرسێنم، دیتم سارا لە گۆشەیەک راوەستاوە و شانی بە دیوارەوە ناوە و چاوم لێدەکا.

دەڵێم: ئەوە دوا سیگارە.

دەڵی: دەزانم دوا سیگارت نییە، بەڵام تکایە لە بەر ئەو کچەش بێ لە باڵکۆنەکە بیکێشە.

دەڵێم باشە بابە تۆش سیگارێکم پێ ڕەوا نابینی.

دەڵێ: وای لێ هات.

بزەیەک دەمگرێ دەڵێم نا بە چاوان ئەوە ئاااا رۆیشتم. دەچمە ژووری و دەست دەدەمە پەتوویەکی سەفەری و دەچمە سەر باڵکۆنەکە و سیگارەکەم دادەگیرسێنم.

دەڵێ: گازەکەت کوژاندبایەوە.

دەڵێم: زۆر ڕاناوەستم ساردە ئێستا دەچمەوە ژووری.

چاوی لە سەر دوکەڵی سیگارەکەم قفڵ بووە. دەڵێم سەرمات نییە؟

پەتووەکە بە شانم دادەدەم و دەڵێم وەرە ئەو بنە با سەرمات نەبێ. دێ و بە پێکەنینەوە جێی خۆی دەکاتەوە. هەر دووکمان چاومان لە رەشایی شەو بڕیوە. دەڵێ سەختە؟ بزەیەکی تاڵ دێتە سەر لێوم. دڵم نایە بڵێم بێ تۆ زۆر.


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# مەهتاب

مەهتاب دڵنیاییە ئەمجار عەتا شەهید نابێ. ئەمجار دایکی لەوێ نییە تا پێشی پێ بگرێ. ئەمجار مەهتاب ناهێڵێ عەتا شەهید بێ. پاستارەکان تەقە دەکەن. مەهتاب دەیەوێ خوی بە سەر عەتاکەیدا بکێشێ. منداڵەکان حەپەساو دەوری مەهتابیان داوە و بێ دەنگ سەیری دەکەن. پڕ بە گەرووی دەقیژێنێ: نامەوێ دیسان ئەم دەرفەتەم لە کیس بچێ. مەهتاب ڕەحمەتی لێ بووەتە عەتا. ڕەحمەت لە نزیک مەهتاب سەنگەری گرتووە. منداڵەکان بە کۆڵانەکاندا بڵاو بوونەتەوە و تەقە لە یەکتر دەکەن. ڕەحمەت نازانێ منداڵەکان لێی نزیک بوونەتەوە و نازانێ چەند فیشەکی پێ ماوە؟ مەهتابیش نازانێ ڕەحمەت چەند فیشەکی پێ ماوە، عەتاش نەیدەزانی. عەتا فیشەکەکانی دەژمێرێت. ڕەحمەتیش چاوێک لە دەراغەکەی دەکات. ڕەحمەت خۆی مات کردووە. مەهتاب وردە وردە لێیان دەچێتە پێشێ. چەند منداڵ بە ئارامی لێی نزیک دەبنەوە. وەهابە جاش و پاستارەکان لە دوو قۆڵەوە گەمارۆی دەدەن. مەهتاب وەختە لە تاوان کوێر بێ. دەموچاوی بە شووشەکەوە نووساندووە و لە بن لێزمەی فرمێسکەکانیدا چاوی لە عەتایە. منداڵەکان نووقمی تەپووتۆزن و هەرجارەی یەکیان خۆی بە ئەرزیدا دەدات و دەکەوێ. دایکی توند گرتوویەتی و ناهێڵێ بڕواتە دەرێ. مەهتاب ئاگری تێبەر بووە و دەیەوێ هەڵێتە دەرێ و باوەش بە عەتاکەیدا بکات. عەتا بە برینداری خۆی دەکێشێتە ئەوبەری دیوار. مەهتاب بە بەری دەستی لە کولمەی ڕادەکێشێ و دەست بە ڕنینی ڕوومەتەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکات. عەتا لە بن دیوارێک خۆی مات کردووە و لە یەکەم دەستڕێژی وەهابە جاشدا بریندار دەبێ. ڕەحمەت وەک دوایین کەسی زیندووی تیمەکە لە بن دیوارێک ڕاوەستاوە. مەهتاب دڵەڕاوکێی گرتووە. کەس ئاگای لە مەهتاب نییە. مەهتاب بە پێوە ڕاوەستاوە و باسکەکانی لێک هاڵاندووە. منداڵەکان بێ ئەوەی گرینگی بە مەهتاب بدەن لە یارییەکەیان بەردەوامن. منداڵەکان لە نێو خاک و خۆڵدا هەڵات هەڵاتیانە و دارەکانیان ڕوو بەیەکتر ڕادەگرن و بە دەمیان دەڵێن تە تە تە. مەهتاب بە نیگەرانییەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و هەوڵدەدا نارەزایەتی خۆی دەرببڕێ. دەنگی دەرنایەت. گەرووی ویشک بووە. نووزەیەک دەکات و دەنگێک لە بن لێوییەوە دەبیسرێ و کەس نایبیستێ. ئەحمەد تەقە لە ڕەحمەت دەکات و ڕەحمەت بە قەستی دەکوژرێ و خۆی فرێدەداتە سەر ئەرزی. مەهتاب ڕەحمەت- عەتا لە باوەش دەکات. ڕەحمەت بە بێزارییەوە خۆی ڕادەپسکێنێ و مەهتاب لە خۆی دور دەخاتەوە. مەهتاب شینی چل ساڵەی ڕەحمەت - عەتا دەگێڕێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆتایی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org